گوڵی جاکاراندا

کۆمەڵە چیرۆکێکی نۆرویژی
وەرگێر: فەرۆخ نیعمەتپور
چاپی یەکەم: ٢٠٠٥

پێشەکی

ئەوەی لەبەر دەستتاندایە، کۆمەڵێک چیرۆکە کە لە زمانی نۆرویژیەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی. چیرۆکەکان شەش دانەن؛ دوو چیرۆکی تا رادەیەک درێژیان لە نووسەری ناسراوی نۆرویژی لاش سوبیە کریستەنسن و چوارەکەی دیکەش لە نووسەرانی جۆراوجۆری دیکەن.
تا ئەو جێگایەی ئاگادار بم ئەمە یەکەم کۆ بەرهەمی چیرۆکە کە لە زمانی نۆرویژیەوە دەکرێ بە کوردی. جگە لە چیرۆکەکانی لاش سوبیە، چیرۆکەکانی دی بە تایبەت دەستە چینە نەکراون، بەڵکو زۆرتر بەرهەمی هەڵکەوتی خوێندنەوەکانی خۆمن. جا بۆیە رەنگە بە گشتی پیشاندەری سیمایەکی گشتی لە چیرۆکی نۆرویژی نەبن، بەڵام بەهەرحاڵ دەتوانن وێنەیەک لە ئەدەبی نۆرویژی بە خوێنەری کوردزمان پیشان بدەن. وێنەیەک کە بێ گومان کارتێکردنی جۆراوجۆری دەبێ.
سێ چیرۆکی گوڵی جاکارانداو سەرتاشە حەسوودەکەو ریشەی هەموو خراپیەکان، زۆرتر ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتیان هەیە و مرۆڤ دەخەنە بەردەم قۆناغێکی تایبەتی لە رەوتی ژیانی کۆمەڵگا بە تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە. بەڵام سێ چیرۆکەکەی دیکە سەرەرای ئەوەی کە لە رووداوە ئاساییەکانی ژیانی رۆژانەوە تێپەڕ دەبن، باس لە تەنیایی و مەرگ دەکەن. واتە ئەو دیاردانەی کە وا دەنوێنن هەمیشە لە گەڵ مرۆڤ دەبن و سەرەرای کۆنینە بوونیان، هەمیشە پەنجەرەی تازەی دیکەی روانین بە رووی مرۆڤدا دەکەنەوە.
وا هەست دەکەم کە بۆ خوێنەری کورد سێ چیرۆکی گوڵی جاکارانداو سەرتاشە حەسوودەکەو ریشەی هەموو خراپیەکان، ئاشناترو نێزیکتر بن و خێراتر پەیوەندییان لە گەڵ بەرقەرار بکا. هەڵبەت دەکرێ مەرگ کێشەی دەروونیی هەر مرۆڤێک بێت. بەڵام لە وڵاتی ئێمە روانین بۆ مەرگ لە ژێر سریمەی روانگەی ئایینی و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندایە و بۆیە دەکرێ لە گەڵ جۆری روانینی مرۆڤی ئەورووپایی جیاوازی هەبێ. لە وڵاتی ئێمە کە زۆر کەس هیچی نیە لە دەستی بدات، قەبوڵ کردنی مەرگ ئاسانترە و هەر بۆیە کەمتر سەرنجێکی فیکری و فەلسەفی و دەروونی دەدرێتێ.
لە ئەورووپا کە بارهێنانی زانستی و فیکری رێک و پێکترە، جۆری روانین بۆ مەرگ سروشتیترە و هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە لێرەیش قەبوڵ کردنی ئاسانە، بەڵام ئەم قەبوڵ کردنە، قوڵ بوونەوەیەکی تێدایە، قوڵ بوونەوەیەک کە لە گۆڕینی جۆری کێشە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان و گۆڕینی دۆخی ئابینیەوە دێت.
جگە لەمە تەنیایی کە وەک کێشەیەکی مۆدێرن باسی لێ دەکرێ، بۆ ئێمە هێشتا هەڵی نەداوەتە دیاردەیەکی فراوان و گشتی. تەنانەت بۆ ئەو مرۆڤە رۆژهەڵاتیانەی کە لە ئەورووپا دەژین، تەنیایی مرۆڤی ئێرە بە تەواوی دەرک نەکراوە. ئەویش بەو هۆکارە سادەیە کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی زۆر زەحمەت مۆدێرن دەبێتەوەو بۆیە بناغەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکری و دەروونیی پەیوەندی لە گەڵ دیاردەی تەنیایی بۆ نامۆ دەمێنێتەوە.

لێره رووبەروو بوونەوه له گەڵ مەرگ له پاڵ تەنیایش دایه. لێره له تەنیایی دا بیر له مەرگ دەكرێتەوەو ئەزمونی دەكرێ. بۆیه رەنگه بۆ كەسێک كه چیرۆكی ئاژەڵی شەو دەخوێنێتەوه، تەنیایی و خەڵوەتی ناو جادەكان و ئەو سۆزەی كاتێک كه پاڵەوانی چیرۆكەكه به ئاژەڵەكه دەڵێ: تۆ دەبێ لێره بمێنیتەوه! نامۆ و سەیرو سەمەر بنوێنێ.
بەڵام رەنگه زۆریش نامۆ نەنوێنێ، چونكه پریشكەكانی ژیانی مۆدێرن بەر ئێمەیش كەوتوون و كەم تا كورت یا خود زۆرو كەم هەندێكمانی خستووەته ناو بیرەوه. بۆیه هیوادارم كه وەرگێڕانی ئەم كۆمەڵه چیرۆكه جگه لەوەی كه ناسێنەری چیرۆک و نووسەری نۆروێژی بێت، گواستنەوەی رۆحی ئەم كۆمەڵگایەو كێشەو دیاردەكانیشی بێت.

| | | |
|---|---|---|
| سەرتاشه حەسودەكه | لاش سوبیه كریستەنسن | LARS SAABYE CHRISTENSEN |
| گوریس | لاش سوبیه كریستەنسن | LARS SAABYE CHRISTENSEN |
| گوڵی جاكاراندا | توریل برێككه | TORIL BREKKE |
| ئاژەڵی شەوانه | وینیه هۆڵستێن | WINNIE HOLSTEN |
| ریشەی هەموو خراپیەكان | مەرەته لینسترۆم | MERETHE LINDSRØM |
| پەنجەرەی تازه | روی یاكوبسن | ROY JACOBSEN |

ئەنجومەنی قەڵەمی كوردستانی ئێران

لاش سوبیه كریستەنسن

LARS SAABYE CHRISTENSEN

لاش سوبیه كریستەنسن له ساڵی 1953 له ئۆسلۆ له دایک بووه. له هەفتاكاندا له رۆژنامەی DIKT OG DATT AT دا دەینووسی و له بواری ئەدەبی و كەلتوره جیاوازەكاندا گەلێک چالاک بوو. لاش له بوارەكانی شیعرو رۆمان و شانۆنامەو چیرۆكی پۆلیسی دا كار دەكا. كارزانی بواری تراژێدیا_ كۆمێدیایه. پاڵەوانی چیرۆكەكانی( یاخود دژه پاڵەوانەكانی) بەردەوام فڕێ دەدرێنه ناو كارەساته بچوكەكانەوه. زۆربەی كات رووداوەكان پەیوەندیان به سەردەمی منداڵی یا خود گەنجیەتییەوه هەیه.

تا جل و بەرگەکەم دەبینمەوە

تکایە ئارام بە

جانتاکەم!

ئەنکڵ باد واڵکێر

## سەرتاشە حەسودەکە

هەموو ئەو ساڵانە بێنتBent بۆ سەرچاککردن دەچووە لای فرانک.Frank سەرتاشخانەکەش هەر بە ناوی خاوەنەکەیەوە بوو'' سەرتاشخانەی فرانک''. لەو کاتەوە تەمەنی بیست ونۆساڵان بوو و لەم گەڕەکە نیشتە جێ ببوو ، هەر دوو مانگ جارێ، ئاخر جومعەی مانگ دەچووە ئەوێ. سەرەڕای ئەوەی قژی خۆش بە دەستەوە دەهات، بەڵام هەرجارەی نزیکەی سەعاتێکی دەبرد. ئێستا ئیتر سەری ئاسانتر بە دەستەوە دەهات. بێنت ئێستا چل و چوارساڵی تەمەن بوو. ئەگەر حیسابی بکردایە تا ئێستا نزیکەی سەد سەعاتی لە سەر کورسیەکەی فرانک تێپەڕ کردبوو. نەدەهاتەوە بیری کە زۆر پێکەوە قسەیان کردبێت، جگە لە چەند قسەوباسێک لە سەر پێش بینی بە درۆی هەوا، هەواڵێکی گرنگی وەرزشی، یان سیاسییەک کە فێڵێکی لێ دەرکەوتبوو. لە سەر قژی قسەیان نەدەکرد، چونکە فرانک دەیزانی کە بێنت چ جۆر مۆدیلێکی لا پەسندە. لەو یەکەم جومعەی کە بێنت هاتبووە ئەم سەرتاشخانەیە، بە زوویی پانزدە ساڵ تێدەپەڕی. ئەو ساڵە بێنت کۆتەکەی لە تەنیشت دەرگاکەوە هەڵواسیبوو، دواتر چووبووە سەر کورسییەکە، فرانک کورسییەکەی هەندێک بەرز کردبووەوە، رووپۆشەکەی بە سەر شان وسینگی بێنت دا دابوو، بێنت لە سەر لاجانگی خۆی هەستی بە پەنجە نەرمەکانی فرانک کردبوو، ئیتر بە بێ ئەوەی قسەیەک بکەن مقەست و شانە کەوتبوونە کار. فرانک پێی خۆش بوو کە لە بێدەنگی دا کار بکاو بێنتیش رێزی لەمە دەگرت. رەنگە لە بەر ئەمە بوو کە دوا جار هەمیشە دەگەڕایەوە بۆ ئێرە. چونکە ئیتر بە تووش ئەوەوە نەدەبوو کە شتێک بڵێ و دواتر لێی پشیمان بێتەوە. بۆ وێنە شتێک لە سەر کارەکەی. لێرە مەجبوور نەبوو وەڵامی هەر پرسیارێکی لە ناکاو بداتەوەو پێ لە سەر راست بوونەکەیشی داگرێ.ئەویش لەو کاتەدا کە خۆی لەو ئاوێنە کۆن و تارەدا دەبینی، کە بە ئەدەبەوە سەیری سیمای ئەوی دەکرد،لەوکاتەدا کە گوێی لە دەنگی مقەست و ویزە ویزی ئامێری سەرتاشینەکە بوو و فلچەکە ژێرملی ختولکە دەدا.ئەمە زمانی سەرتاشەکە بوو.ئەمە تەنیا گفتوگۆی هەمیشەیی سەرتاشخانەکە بوو: زمانێک کە تەنیا باسی لە قژ دەکرد.

دوای ئەو هەموو ساڵە ئەوان کەم یاخود هیچیان لە سەر یەک نەدەزانی.رەنگە ئەمە باشترین شێوە بوو.

بێنت بە تەنیا لە قاتی سێهەمی خانوویەکدا دەژیا. خاوەن دوو ژوورو مۆبەقێک بوو. دوکانێکی هەمیشە کراوە لە قاتی هەرەژێرەوە بوو. نیوەشەوان ، کاتێک خەوی لێ دەزڕا، دەچووە ئەوێ و چوار کێکی لەو کچە دەکڕی کە هەمیشە لەوێ بوو.کچەکە ناوی سوسیە بوو. ناوەکە بە سەر سینگیەوە بوو. ئەوسا ڤیدیۆیەکیشی لێ بە کرێ دەگرت.بەڵام ئەمانە زۆر کەم یارمەتیان دەدا. فیلمەکان نە بە تەواوی خەوهێنەربوون و نە خەوڕەوێن. بێنت قەڵەو ببوو. بە ئارامی زیادی کردبوو وەها کە شەڵوارەکانی بۆ بچووک ببونەوە. لە خەستەخانەی گشتی لە ساردخانە کاری دەکرد. قەت لە کار خۆی نەدزیبووەوە.

لە ژووری دانیشتنەکەیەوە، سەرتاشخانەکە دیار بوو. زۆربەی کات شەوانە فرانک تا درەنگان لەوێ دەمایەوە.مووە هەڵرژاوەکانی کۆ دەکردەوەو دەیبردنە ژووری پشتەوە.شانەکانی بە ئاوێکی شین دەشۆرد، مەکینەکەی خاوێن دەکرد، رۆژنامەکۆنەکانی سەر مێزی بەردەمی مشتەریەکانی رێک و پێک دەکرد، دواتر ئەو شتانەی دەنووسی کە دەبا رۆژی دواتر بە دەرگاکەوەی هەڵواسێ: بۆ خانەنشینەکان نیوە قیمەتە. جاری وابوو کە مشتەری نەبوو، فرانک چەندین سەعات لە سەر کورسی

سەرچاکردنەکە بە بێ جوڵە دادەنیشت، وەک بڵێی خەوی لە کەوتبوو.چی دی لەمە زیاتر بێنت حەزی لێنەبوو سەیر بکا.ئەوجا دەچووە مۆبەق و قاوەی دەخواردەوە. بەڵام حەزی لێبوو سەیری فرانک بکا،کاتێک سەری خۆی چاک دەکرد.

فرانک تەمەنی لە پەنجا لایدابوو، پیاوێکی لاوازو رازی لە ژیانی رۆژانە.دووکانەکەی لە باوکیەوە پێگەیشتبوو. باوکی کاتی خۆی باشترین سەرتاشی ئۆسلۆ بوو، بەڵام لەوپەڕی ناوبانگیدا نەخۆشی بەربینگی پێگرتبوو و دوای سێ حەفتە مردبوو. بەڵام هێشتا خەڵاتەکەی لە ناو سندووقی شیشەی پەنای ئاوێنەکەدا مابوو. کوڕەکەی، واتە فرانک توانیبووی درێژە بە کاری باوکی بداو بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە بە جوانی دوکانەکە راگرێ، بەڵام لەم دوایانەدا بەرە بەرە سەرتاشخانەی نوێ بە ناوی سەیرو سەمەرەی وەک ''سپاگهێتی و هەیرپورت''ەوە لێرە و لەوێ سەریان هەڵدابوو. سەرتاشخانەکان بەرەو ئەم گەڕەکەیش کشابوون.هەڵبەت فرانک تا ئیستا توانیبووی کارەکەی راگرێ: دوکانێکی بچوک، کۆمەڵێک مشتەری وەفادار کە زۆربەیان تەمەن مامناوەندی بوون. ئەومشتەریانەی کە مۆدێلی قژیان زۆر بەلاوە گرنگ نەبوو. ئەو پیاوانەی کە بە گشتی رازی بوون بە گوتنی رستەگەلی وەک: وەک جاران، کۆرت تا سەر گوێچکەکان، یان کاتێک پشووی هاوینە نزیک دەبووەوەو شادی دەیگرتن، ورەی ئەوەیان دەهاتەبەر کە رستەگەلی تەواو بەکار بێنن،وەک:فرانک، ئەمجارەیان با تەواو رێک و پێک بێت.ئەوسا فرانک لە وەڵامدا بە دەنگێکی گڕو خۆبەزلزانانە کە تەنیا مشتەریەکان لێیان قەبوڵ دەکرد، دەیگوت: دەزانم، دانیشە! بە گشتی زمانیان تەنیا لە یەک وشەدا کۆ دەبووەوە: کورت کردنەوە.ئەمە تەنیا فرمان بوو لە ژیانیاندا.

بەم شێوەیە ساڵان دەهاتن و دەرۆیشتن، بە بێ هیچ هەورازو نشێو و خۆشی و کارەساتێک.ژیانێکی ئارام. کاتیش وەک شانەیەکی پڕ لە موو. ئەوان پیر دەبوون، بەڵام کەمتر سەرنجی ئەمەیان دەدا.ئەوان ئاوێنەی خۆیان بە سەرنجەوە هەڵبژاردبوو.ئەوان ئاوێنەی فرانکیان هەڵبژاردبوو.تەنیا شتێک کە لەبەر چاویاندا دەگۆڕا سیمای شاربوو.هەر بەیانیەک دەیانتوانی چاویان بە کیوسکێکی قەراغ جادە یان تابلۆی رێکلامە بکەوێ کە بە پیتە لێک جوێ و سەوزەکانەوە لە وێستگەی تراموکان دەدرەوشانەوە.ئەوان حەزیان نەدەکرد لەسەر ئەو سەرتاشەتازانە قسە بکەن کە بە ناوی نوێوە لەو جێگایانە سەریان هەڵدەدا کە لەوە پێش شوێنی مانوفاکتورو فروشتنی ئاسن و کەلوپەلی دیکە بوون. پێیان سەیر بوو، ئەوان بێدارو سەرگەشتە لە خەونەکانیاندا رادەکشان، بەڵام هەر لەو کاتەدا دەیانتوانی هەست بە خۆشبەختیەکی کتوپڕیش بکەن، خۆشبەختیەک وەک پێکەنینێک لە دەروونیاندا لە پاڵ هەموو ئەم گۆڕانانەدا. ئاخر سەرەڕای هەموو گۆڕانێک خۆ ئەوان هەرمابوون و نەگۆڕابوون.

کاتێک سەعاتەکە زەنگی لێدەدا خێرا هەڵدەستان، بەڵام هێشتا هەر لە خەودابوون و  رەنگە خەریکی خاوێن کردنەوەی شانەکانیان بوون، ئاخر هەندێکیان لە خەودا خەریکی قژداهێنان بوون.

ئەوان قەت لە شوێنی دیکە سەیری یەکتر ناکەن، جگە لە نێو دەرگاکەی سەرتاشخانەکەی فرانک.

ئاخر جومعەی نۆڤەمبەر لە مانگی فرانک دا بوو.هەموو شتێک تەڕو زەرد بوو، باران زۆربەی کات بەرەو بەفر بای دەدایەوە.بێنت لە سەر رێگای ماڵەوە بوو. لە سەر ئەو جادە پان و رووناکە کە لە ناوەندی شارەوە بەرەو گەڕەکی ئەوان دەکشا. لە سەر کار رۆژێکی سەختی تێپەر کردبوو. وەک رۆژانی تر دەبوو ئەگەر تەنیا لە ساردخانە بە کاری خۆیەوە سەرقاڵ بایە، بەڵام ئیمڕۆ شتێتر قەومابوو. یەکێک لە خوێندکارانی پزیشکی کە دەورەی راهێنانەکەی تێپەڕ دەکرد لە کۆریدۆرەکەدا رێک بە دیوارەکەدا رشابووەوە ، ئەوسا وێک هاتبووەوەو گریابوو. بینینی مەیتی مندالەکە هەژاندبووی. بێنت خەفەتی لێ دەخواردن.وەها نەبوون کە دەبا ببن. بەڵام ئەو لۆمەی نەدەکردن، بە پێچەوانەوە هەوڵی دەدا کە دڵیان بداتەوە. دەیگوت درەنگ یا زوو رادێن.ئەمیش جارێکیان هەڵتروشکابوو و رشابووەوە. دەیخایاند تا مرۆڤ بەژمارەی دەوری لاقی سپی مەیتی مندالێک رادەهات.

بێنت ئێستا لە چوارریانی تەنیشت وێستگەی تراموکە چاوەڕوانیی گڵۆپی سەوزی دەکرد. حەزی دەکرد بپەڕێتەوە ئەوبەر. حەزی دەکرد پێیکەنێ. شڵێوە، قورس قورس بە سەر شان و باهۆیدا دەباری. ئەوسا کتوپڕ چاوی بە سێبەرەکەی خۆی کەوت کە خوار بە سەر جادەکەدا کشابوو. لای کردەوە، تیشکێکی تیژ لە چاوانی دا، تیشکێک لە تابلۆی تازەترین سەرتاشخانەی گەڕەکەوە،سپاگێتی. کتوپڕ بریاری دا بچێتە ژوورەوە. چووە ژوورەوە. هەڵبەت دواتر نەیدەزانی بۆچی ئەم کارەی کردووە.تەنیا کردبووی و بەس.هەنگاوەکان ئەویان بەرەو لایەکی دیکە بە کێش کردبوو. دەیتوانی بە درۆیەکی مەسڵەحەتی پاساوی بداتەوە، ئەوەی کە لە سەر کار رۆژێکی سەختی بووە، ئەوەی کە مەزاجی تەواو نەبووە. ئاخر کێ دەتوانێ بە تەرمی منداڵ رابێت؟ بەڵام بێنت لە بەر ئەوە لەوێ رانەوەستابوو کە سەیری باران بکا کە چلۆن لە پاڵتۆیەکەی دەچۆڕێتە خوارێ و نەرم دەڕژێتە سەر شۆستە شەترنجیەکە، یان لەبەر ئەوەی کە سەیری ئەو گۆلاوە بچوکە بکا کە بە دەوری قاچیەوە دروست ببوو. پیاوێک لە شڵێوەوەو لەبەر تیشکی هەرە گەشی سپاگێتی دا. بۆنەکان لێرە لە جۆرێکی دیکە بوون، قورس و نامۆ، بۆنێک وەک بۆنی سەفەر. بێنت دەستی بە نێوچاوانیەوە گرت و لە دەوروبەری روانی. لێرە هەم ژنی لێ بوو و هەم پیاو، هەندێکیان لەسەر کۆشی یەک دانیشتبوون. لێرە کەسی نەدەناسی. مۆسیقایەک بە ریتمێکی چەکوچیەوە دووکانەکەی پڕ کردبوو، بەمە بیری تێکچڕژاویی

ژێرزەمینی خەستەخانەکەو شەوانی بێخەوی کەوتەوە.وەکو ئەوە وابوو کە کتوپڕ خەبەری بووبێتەوە. ئەو هی ئێرە نەبوو. دەبا برۆشتایە دەرەوە، هەرچی خێراتر. هەڵەیەک کرابوو. شوێنی ئەو جێگایەکی تر بوو. ترافیکلایتەکەی دەرەوە ببوو بە سەوز. لە پشت شلێوەکەوە لە سەفحەی تەلەفزیۆنێکی دەکرد کە فلیمەکەی تەواو بووەو هێشتا هیچی دیکەیان نەهاویشتۆتە سەر.

ڕۆیشت. هێشتا دوور نەکەوتبووەوە کە  کوڕێکی گەنج بە شەڵوارێکی شەترنجی وەک شۆستەکەوە لە بەردەمیدا قوت بووەوە .

ـ سلاوت لێ بێت، ناوت چیە؟

ـ ناوم بێنتە.

ـ کاتت هەیە؟

ـ نا بە داخەوە،د ەبێ بڕۆم، ببورە.

کوڕەکە بە ئارامی سەیری کرد. بۆ ماوەیەک سەیری گۆلاوی دەوری پێڵاوەکانی کرد، ئەوسا بەرەو سەرەوە تا تەوقی سەری. کە گەیشتە قژە درێژەکانی بە بزەیەکەوە راوەستا.

ـ ئێمە بە تەواوی ئامادەین کە بە دزییەوە بتبەینە ژوورەوە، بێنت.دەزانی، زۆر کەس نەهاتووەتە سەر قەرارەکەی.هی ئەم بەفر و شلێویە.بۆ چوونە دەرەوە هەوایەکی زۆر ناخۆشە، وا نیە؟

ـ دەتوانم رۆژێکی دی بێم. ببورە.

بەڵام کوڕەکە قۆلی گرت.

ـ بۆچی بوران؟ وەرە ژووری، قازانج دەکەی.

کوڕەکە یارمەتی دا پاڵتۆیەکەی داکەنێ. بێنت لە سەر کورسیەکە دانیشت، کورسیەکی ئاسایی، لە بەردەم ئەو ئاوێنەدا کە ئەو تاقەتی نەبوو لێی بڕوانێ. لە هەر چوار تەنیشتیدا کچان و ژنان دانیشتبوون،کچانی مەدرەسە، ئای لەم گەنجە قێزەونانە. سەرتاشەکە بۆ پشووی ئاخری هەفتە ئامادەی دەکردن. بێنت بیری کردەوە ئێرە لە سەرتاشخانە ناچێ، زۆرتر لە تیاتر دەچوو، لە ژووری پشت شانۆ.لێرە قژ خاو دەکرایەوە، دەسووتێنراو، رەنگ دەکرا. لێرە هەموو شتێکیان لە گەڵ قژدا دەکرد جگە لە کورت کردنەوە نەبێت.بێنت پەنجەکانی لێک ئالاندو چاوای نوقاند.ترسێکی کۆن سەرتاپای لەشی داگرت.وەکوو ترسی یەکەم رۆژی هاتنە ناو شار. یەکەم مانگی هاوین بوو کاتێک لە ئوستبانن لە قەتار دابەزی. لە دوای دوو رۆژ رێ کردن، ئێستا بە تەنیا لەسەر سکۆی مسافرەکان راوەستابوو. پێی نابووە جیهانێکیتر. بە جانتایەکی قاوەییەوە، تەنیا شتێک کە ئەو هەیبوو و خاوەنی بوو .هەروەها بە ئارەزووە زۆرەکانیەوە کە بە دەستەکەی تریەوە قورساییان دەکرد. سێبەرێک کە نەیدەتوانی خۆی لێ قوتار بکا.ئەوسا کارێکی هاوینەی لە خەستەخانەی گشتی وەرگرت. کاری ناو ساردخانە پشووی لێ بڕیبوو.بەردەوام بۆنی گوو و میزو رشانەوە، دواتر دەنگی پێکەنین کە لە سەرەوە لە کانتینەوە دەهات.پێیان دەگوت ناتوانی رابێیت، ئەو پەڕەکەی هەفتەیەک بەرگە دەگری. بەڵام بێنت لە هەموویان زیاتر بەرگەی گرت. ئەو چووبوو بۆ شار بۆ ئەوەی لە ئاکادێمی بانک بخوێنێ، بەڵام دواتر لە خەستەخانەوە سەری دەرهێنابوو. لە ساردخانەو کەلێن و قوژبنەکانی هەرە ژێرەوەی خەستەخانە. بێنت رۆژکار بوو. سەرەتا لە خانوویەکی گچکە لە سەنتەری شاردا دەژیاکە لە شوێنی کارەکەی دوور نەبوو. کتێبەکانیشی لە کۆنە فرۆشیەک فرۆشتبوو.دواتر بۆ ئەم ماڵەی ئێستای گواستبووەوەو بۆ سەر چاککردنیش چووبووە لای فرانک.ئیتر قەت بۆ ماڵەوە نەگەڕابووەوە.

کورەکە رووپۆشێکی بە سەرو سینگی بنێت دا دا، ئەوسا سەری بێنتی بەرز کردەوە.

ـ لە مێژە نەچویتە لای سەرتاش؟

ـ نە، من سەرم...

کوڕەکە قسەکەی پێ بڕی.

ــ مەبەستم سەرتاشە.لە مێژە نەچوویتە لای سەرتاش؟

ــ دوو مانگ دەبێ، بۆچی ؟

ــ هەروا.تەنیا پرسیارێک بوو. حەز دەکەی قژت چۆن بۆ چاک بکەم، بێنت؟

ــئاسایی.

ئێستا ئیتر هیچ رێگایەکی گەڕانەوە نەبوو. دەستی پێکردبوو. لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی کرد.لەوە قەڵەوتر بوو کە پێی وابوو.دەبا ئیتر لەوە واز بێنێ کە بە دیار فیلمەوە دانیشێ و هەر خەریکی خواردن بێت.

ــ ئاسایی، کوڕەکە دووپاتی کردەوە. ئاسایی؟

سەرتاشەکانی دیکە سەیریان کرد.هەروەها مشتەریەکانیش. بێنت هەستی کرد ئێستا کچە مەدرسەییەکان پێی پێدەکەن. بەڵام نا، پێنەدەکەنین، تەنیا لێیان ڕوانی، ئەویش زۆر خێرا. دواتر سەیری نیگاکانی خۆیان کردەوەو دەستیان کردەوە بە قسەکردن. لە کاتی قسە کردندا هێشتا هەر چاویان لە سەر ئاوێنەکان بوو. بێنت گوتی:

ــ بەڵێ، هەر وەک ئێستا، بەس هەندێک کورتتر.

قەت لەگەڵ فرانک ئەوەندەی نەگوتبوو.فرانک! هەر کە فرانکی وەبیر هاتەوە تەزوویەک بە لەشیدا گەڕا. بێگومان ئێستا لە سەرتاشخانەکە چاوەڕوانی بوو و، هەر سەیری سەعاتەکەی دەکرد. ئاخر لە چوارو نیو لایدابوو، بەڵام بێنت لێرە بوو، لێرە لە بن ئەو دەستە غەریبانەدا.بیری کردەوە: ئێستا چ بکەم؟ ئەوە چم کرد؟ پەنجەی کوڕەکە لاجانگەکانی فشار دەدا.

ــ دەبێ سەرت نەجوڵێنی بۆ ئەوەی بتوانین بە جوانی چاکی بکەین.

ــ ببورە.

کوڕەکە چووەوە پشت سەری.لە کاتێکدا پەنجەیەکی کوڕەکە بە نێو قژە تەڕەکانی بێنت دا دەخزی، ئەم خەیاڵاتە بێنتی هەڵگرت. لە کۆتاییدا کوڕەکە گوتی:

ــ ئاسایی، چەند وشەیکی ناجۆرە.

ئەوسا بێنت شتێکی گوت کە قەت پێی وانەبوو بتوانێ بیڵێ.

ــ چۆنت پێ خۆشە وای لێ بکە.

کوڕەکە دەستی بەرز کردەوەو لە هەوادا رایگرت. وەک بڵێی سەرەتا بە جوانی لە قسەکانی بێنت نەگەیشتبێ. ئەوسا پێکەنی و پلکەیەکی توندی لێدا.

ــ وات بۆ چاک دەکەم کە قەت بە خەیاڵتدا نەهاتبێ.

کوڕەکە هەر دوو دەستی خستە سەر گوێی بێنت و بەرەو ناوەوە فشاری دان. ئەوسا بە وردی لە قژی ڕوانی.

ــ حەز دەکەی کۆتلێتەکان بێڵینەوە یان نا؟

بێنت زۆر خێرا سەیری ئاوێنەکەی کرد. کوڕەکە لە شوێنی خۆی بوو.

ـ کۆتلێتەکان ؟

ـ مەبەستم ریشی سەر روومەتە. حەز دەکەی پێوەی بێ یان نا؟

کوڕەکە دەستی لە سەر گوێیەکانی هەڵگرت. گوێچکەکان بەرەو شوێنی خۆیان گەڕانەوە. هێشتا پێی وابوو کە بە جوانی حاڵی نەبووە. بێنت دووپاتی کردەوە:

ـ چۆنت پێ خۆشە وای لێ بکە.

لە چاو فرانک ماوەیەکی کەمتری خایاند، بەڵام حەقدەستەکەی دوو ئەوەندە بوو. کورەکە کارتی ڤیزیتەکەی پێ دابوو، هەروەها شامپۆیەکیش بۆ تاقی کردنەوە. کاتێک هاتە دەرەوە هەستی کرد سەرێکی تازەی پێوەیە.ترافیکلایتەکە سوور بوو .بەردەوام هەر شڵێوەی دەکرد. لە چواریانەکەی دیکە تاکسیەکی گرت و یەکراست بەرەوماڵەوە رۆیشت.کاتێک لەبەردەم سەرتاشخانەکەی فرانکەوە تێپەڕی، دەبا قەیتانی کەوشەکانی ببەستێ.حەزی نەدەکرد فرانک بیبینێ.شۆفیرەکە بە خۆشیەوە قسەی نەدەکرد، بەڵام جارو بار لە ئاوێنەکەوە سەیری دەکرد. فرانک پارەی تاکسیەکەی داو بە پەلە خۆی بە دوکانی ژێر خانووەکەیدا کرد.شیرێک، نانێک، رۆژنامەیەک و نیوە مریشکێکی هەڵگرت و بەرەو لای سوسیە پێی هەڵگرت. سوسیە لێی ڕاما.

ـ چەن قۆز بووی!

بێنت سەری خوراند.

ـ بەراستە؟

ـ ئەی بۆ نا، لەوەپێش قەت ئەمەم پێ گوتبووی ؟

رەنگە...رەنگە قەت نەتگوتبێ.

سوسیە شتەکانی پێداو بۆ جارێکی دی لێی راما، نەک لە چاوانی، هەندێک بەرەوسەرتر.

رەنگە؟ من گوتم کە جوانتر بووی. زۆر جوانتر لە جاران.

سوپاس، زۆر سوپاس.

بێنت بەرەو لای دەرگاکە چوو. لەو کاتەدا سوسیە بانگی کرد. ئاوڕی دایەوە. بەڵام سوسیە هیچی نەگوت. بێنت بڕێک هەڵچوو.

ـچیە؟

ـ فیلمەکان. فیلمەکانت نەهێناوەتەوە.

ـ ئێستا دەیانهێنمەوە.

سوسیە کارامێلێکی لە سەر دەوری بەردەمی هەڵگرت و دەستی کرد بە خواردنی.

ـ هەڵبەت زۆر گرنگ نیە، کەسی دیکە داوای نەکردوون، بەڵام گرانتر لەسەرت دەکەوێ.

ـ بیریشی لە مەکەوە.

ـ بێگومان. ئەرێ خۆش بوون؟

بێنت سەری راوەشاند.

ـ ئەوەندەیە پیاو بە دیاریانەوە خەوی لێناکەوێ.

سوسیە پێکەنی.

ـ زۆر خۆش بوو.

ئەم کەڕەتە بۆ دووهەم جار بێنت شتێکی گوت کە قەت پێی وانەبوو بیڵێ.

ـ گەر حەز بکەی دەتوانین شەوێک پێکەوە سەیریان بکەین.

سوسیە نەویەوە سەر پێشخانەکەی بەر دەمی و بە ئارامی مژێکی لە کارامێلەکە دا. بێنت لێرەوە بیستی.

ـ رەنگە. تەنیا ئەوەندەی کە ناخۆش نەبن.

بێنت رۆیشت. سەیرێکی سندووقی پۆستەکەی کرد. جگە لە رێکلامەی سەری ساڵ ، هیچ نامەیەکی تێدا نەبوو. بەرەو قاتی سێهەم سوار ئاسانسۆرەکە بوو.دراوسێیەک خەریکی کۆکردنەوەی زبڵ بوو.خێرا سەیرێکی بێنتی کرد، لەسەرڕێگای لاچوو و دیسان بە کاری خۆیەوە خەریک بووەوە. بۆنێکی ناخۆش دەهات، یان ماسی بوو یان بۆنی خواردنی پشیلە.دەرگاکەی کردەوە.شمەکەکانی داناو چووە حەمامەکە.لەوێ ماوەیەکی درێژ لە نیوە تاریکیدا لە بەردەم ئاوێنەکەدا راوەستا. دەنگی قاڕوقوڕی سکی هاتە گوێی.قاڕوقوڕیی رۆژانی هەینی. روخساری بچوکترو باریکتر دیار بوو.بیری کردەوە، ئێستا ئیتر دەبێ خۆم لاواز کەم. جەستەی لەگەڵ روخساری نەدەهاتەوە.ئیتر تەواو بوو شیرینی خواردنی شەوانە.دەستی خستە سەر سەری. خز بوو، تەواو خز.بۆنی بە پەنجەکانیەوە کرد. وەبیری شتێکی دەخستەوە کە نەیدەزانی چیە.رەنگە بۆنی پشویەکی ساڵانە کە لە کیسی چووبوو، یان دیاریەک کە قەت هەڵینەپچڕیبوو، یان بۆنی میوە.دەستەکانی شۆردو شامپۆ گچکەکەی خستە شوێنی دەواو دەرمانەکان.

دواتر چووە ژوورەکەوە.گڵۆپەکەی کوژاندەوەو لە بەینی پەردەکانەوە سەیری دەرەوەی کرد.نەیدەتوانی کەس لە سەرتاشخانەکەی فرانک ببینێ.پەنجەرەکەی تاریک بوو. هیچ نووسراوەیەک لەسەر ئەوەی کە قژی خانەنشینەکان بە نیوە قیمەت چاک دەکا لە سەر دەرگاکە نەدەبینرا. بێنت ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو. مریشکەکەی بە ساردی خوارد. دەبا گۆشتی بەرازەکە کە کۆن ببوو فڕێ بدا. شتی لەم بابەتە گەر مرۆ ئاگای لێ نەبێ و بمێنێتەوە زوو بۆن دەکا.تەنانەت مریشکیش.شووشەی خەرتەلەکە بەتاڵ بوو.شووشەکەی بە ئاوی گەرم شۆردو کاغەزەکەی سەری لێ کردەوە. سەیری هەواڵەکانی کرد، بەڵام نەدەهاتەوە بیری کە چی بینیوە. نە زانی کێ هەواڵی ئاووهەوای خوێندەوەو نە زانی هەوای سبەی چۆن دەبێ. فیلمەکان کە لە سەر یەک هەڵچنرابوون، بە پاڵ تەلەفزیۆنەکەوە بوون. بەو شێوەیەی کە پێی باش بوو رێکی و پێکی کردن، یان رەنگە بەو شێوەیەی کە سوسیە پێی باش بوو. گەر هەر دووکیان حەزیان بە فیلمێک بایە بێگومان ئەوە لە سەرەوەی هەموویان دەبوو. هەڵبەت ئەگەر لە سەر قسەکەی بایەو بهاتایە.دەبا سەر لە نوێ بچێ بۆ حەمامەکە. کە گوێچکەکانی بۆ ناوەوە فشار دەدا، لە روخساردا لاوازتر دەینواند. سوسیە گوتبووی لە جاران گەلێک جوانتری. بەرەو دواوە قژی شانە کرد. وەک چۆن دەست مشت نەکەیت و لە ناو ئاودا بیجوڵێنی، ئاوا شانە کردنی سەری دژوار بوو.شانەکەی لە گڵۆپەکە نزیک کردەوەو جوان لێی روانی. هیچی نەبینی.ئەوسا چووەوە مۆبەقەکەو قاوەی ساز کرد. بەرنامەی کاری سبەی بە سەر یەخچاڵەکەوە بوو . دەبا سبەی سەعات هەشت لەوێ بێ. بێنت خۆی لە کاری رۆژانی هەینی نەدەدزییەوە. ئەوانی دی هەموو شتێکیان دەکرد بۆ ئەوەی رۆژانی هەینی کار نەکەن. تازە گەر مرۆ کاری کردبایە هەندێ پارەی زیاتری دەست دەکەوت. هەینی رۆژێکی خۆش و ئارام بوو. وەک بڵێی مردن تەنیا لە رۆژانی دووشەمەوە بوو تا هەینی.دەڵێی مەرگ قەراری دیاریکراوی لەگەڵ ئیدارە هەبوو. ئەوە فریشتەکان بوون کە رۆژی هەینیان ناو نابوو. کارتی ڤیزیتی سەرتاشەکەی لە گەڵ رێکلامەکان خستە شوێنی تایبەتی خۆیانەوە. دواتر قۆریەکەی لە سەر گازەکە لابرد. تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا.

قۆریەکەی داناو بەپەلە چوو بۆ لای تەلەفۆنەکە. قەت کەس زەنگی بۆ لێنەدابوو. راوەستا. تەلەفۆنەکە بەردەوام زەنگی لێدەدا.هەڵیگرت.

ـ بێنت؟ ئەوە نەخۆشی؟

فرانک بوو. بێنت دەبا دانیشێ. تا توانی بە ئارامی هەناسەی شێتانەی دامرکاندەوە.

ـ نەخۆش؟ نەوەڵڵا ساغی ساغم.

قسەیەی کردبوو، ئیتر نەیدەتوانی بە درۆ بڵێ نەخۆشم. فرانک گوتی:

ـ نایەی؟

ـ ژە سەر کار درەنگ کەوتم. دەبا زیاتر نیگابانی بدەم.

ـ بێنت، زۆر چاوەڕوانت بووم.

ـ بەڕاستی ببورە، دەبا پێم گوتبای.

ـ ئێستا دەتوانی بێی.

ـ ئێستا؟ مەبەستت چیە؟

ـ ئێستا دەتوانی بێی. لێرەم .

بێنت بە پەلە چووە لای پەنجەرەکە. بە وردی سەیری دەرەوەی کرد. گڵۆپێکی شین لە سەرتاشخانەکەی فرانک دەئایسا. فرانکی بینی، تەلەفۆن بە گوێیەوە، لە سەر کورسی ناوەراستی سەرچاکردنەکە پاڵی دابووەوە. رووپۆشی کارەکەی لەبەردا بوو، بە مقەست و شانەکان لە گیرفانیدا. کتوپڕ جوڵاو کورسیەکە ئارام بەدەوری خۆیدا گەڕا. بێنت پەردەکانی دادایەوەو بەرەو دوا کشایەوە.بیستی کە فرانک بە ئارامی پێدەکەنێ. فرانک گوتی:

ـ پەنجەرەکانت تاریک بوون، پێم وابوو لە ماڵ نیت.

ـ هێشتا نەگەیشتووم گڵۆپەکان هەڵبکەم.

دووبارە بێدەنگی.

ـ دێیت؟

ـ دەتوانم مانگی داهاتوو بێم؟رەنگە رۆژی هەینی مانگی داهاتوو.

بێنت گوێی لە هەناسەی قورسی فرانک بوو. هەروەها دەنگی شتێک کە کەوت و شکا. نەیوێرا سەیر بکا بزانێ چی بووە.

ـ مانگی داهاتوو؟ دسەمبەر؟

ـ بەڵێ. ئاخر رۆژی هەینی لە دسەمبەردا. باشە؟

فرانک دیسان پێکەنی. پێکەنینێکی سەیر. وەک بڵێی شتێک لە قوڕگیدا گیری کردبێت.

ـ پێم وانیە.

ـ بۆچی؟

ـ بۆچی؟ ئەی بۆ ئێستا نایەی؟ من لێرەم.

ـ ماندووم.

ـ دڵنیایت کە نەخۆش نیت؟

ـ تەنیا ماندووم. هی کارە. دەبا ئەمڕۆ منداڵێک ڕاگوێزین. تەرمی دوو منداڵ.

بێنت بۆخۆی گوێی لێبوو کە چی گوت. دانیشت. بیری کردەوە کە ئەمڕۆ بۆ سێهەم جار لە سەر خۆی قسەی کردبوو. لە سەر دووانیان پێی وانەبوو باسیان لێ بکا و سێهەمیشیان قەت لە سەر ئەو بڕوایە نەبوو کە حەز بکا هەر بیشی درکێنێ .دەیویست بگەڕێتەوە سەرەتا. دەیویست بڵێ وانیە. دەیویست بڵێ ئەوە تەنیا ئەوانەی کە تازە دامەزرابوون لە سەر مردووەکان قسەیان کردبوو. دووپاتی کردەوە:

ـ ماندووم. هەواکەی زۆر ناخۆشە.

ـ دەتوانی سبەی بێیت.

ـ شەممە؟ دوکانەکەت داخراوە.

ـ لەبەر تۆ دەیکەمەوە.

بێنت لە سەر کورسیەکە وێک هاتەوە.

ـ سبەی کار دەکەم، تا درەنگان لەوێم.

ـ کە ئاوا. دەڵێی زۆر مەشغوڵی؟

ـ نازانم کەی دێمەوە. هەمیشە کاتم پڕ بووە.

فرانک بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوو.سەرئەنجام گوتی :

ـ من ئێستا لێرەم.تەنیا بۆ ئەوەی کە بزانی.

فرانک تەلەفۆنەکەی دانا. بێنت بۆ ماوەیەک تەلەفۆنەکەی بەدەستەوە بوو، دواتر زۆر ئارام داینا.وەک بڵێی لەوە دەترسا کەسێک ئاگا بکاتەوە.نەیدەوێرا توخنی پەنجەرەکە بکەوێ. تەنانەت ورەی هەڵکردنی گڵۆپەکەیشی نەبوو. چوو بۆ حەمام. دوشێکی گرت. سەری شۆرد، هەڵبەت نەک بە شامپۆ تازەکە، بەڵکو بەو سابوونەی کە ساڵانی ساڵ پێی شۆردبوو. توند توند بڕۆسێکی بە بنە سەریدا هێنا.بێنت لە ژێر تیشکی لاوازو کەم هێزی ناو حەمامەکەدا دەلەرزی. تیشکەکە لە پرۆژێکتۆرێکی دەکرد کە نەیدەتوانی هەموو جەستەی مرۆڤ روون بکاتەوە، تەنیا دەست و سک و سەرشان و ئەژنۆکان نەبێت، هەروەها بەشێکی ناو حەمامەکەش.سەیری ئاوەکەی کرد کە تاڵ تاڵ قژی لوولی لەگەڵ خۆیدا دەبرد.

سەیری فیلمێکی کرد. ئەو فیلمەی کە لە ریزی خوارەوەی فیلمەکان بوو. بەڵام ڕووداوەکانی نێو فیلمەکەی بۆ سەریەک نەدەخرایەوە. ئەکتەرەکان زۆر بوون و ئەو نەیدەزانی کێ چی دەکاو بۆچی دەیکا.دوای چارەکە سەعاتێک وازی هێنا، ڤیدیۆکەی خامۆش کرد، گڵۆپەکەی کوژاندەوەو چوو نووست. بەڵام نەیدەتوانی بنوێ. دەیزانی بۆ. مەلافەکە لەژێریدا دەخزا. بۆنە نامۆیەکەی قژی ئێستا بە هێزتر بوو.وەک بڵێی بە هۆی حەمامەوە بە سەر هەموو جەستەیدا بڵاو ببووەوە. دەڵێی لە شوێنێکی دیکەو لە ناو

جێگایەکی دیکەدا بوو. بۆ وێنە لە سەر تەختی ژووری هۆتێلێک. دەنگەکانی دەرەوە بە جوانی دەگەیشتنە گوێ: هات و هاوار، مۆسیقا، ماشینەکان، دەنگی شکانی شتێک، ڕەنگە شوشە پەنجەرە یان بتڵێک.دواتر هەموو شتێک بێدەنگ بوو، هەڵبەت نەک تەواو، قەت تەواو بێدەنگ نابێ.

بێنت کتوپڕ لە خەو ڕاچڵەکی. تەلەفۆن زەنگی لێدەدا. دیسان لێیدایەوە. دەستی بۆ تەلەفۆنەکە برد. لە نیوە شەو لایدابوو. تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. دەنگێک لە تەلەفۆنەکەدا گوتی:

ــ بێنت سامویلسەن؟

فرانک نەبوو.کەسێکی غەریب بوو، دەنگێکی نامۆ. بێنت بیری کردەوە کە دەبێ بە هەڵە تەلەفون کرا بێت. تەواو ڕقی هەستا. بەڵام نا، هەڵە نەبوو، کەسێک ناوی هێنابوو.ناوی تەواوی وی. بێگومان کەسێک مردبوو، بۆ وێنە باوکی، ئا بێگومان باوکی بوو. جا تەلەفۆنیان کردبوو کە پێی بڵێن، قەشە یان پۆلیسێک، یان ڕەنگە دراوسێیەک، ئا بێگومان دراوسێکەیان بوو، ئەو دراوسێیەیان کە لە خانووە سپیەکەی پشت شوێنی ڕاوەستانی بەلەمەکان دەژیا. ئەو شوێنەی کە بە منداڵی، کاتێک دەریا ئاوەکەی دەنیشتەوە یاریان تێدا دەکرد. بێنت کەمێک بە توڕەیەوە گوتی:

ــ بەڵێ خۆمم.

ــ بە داخەوەین بۆت.

ــ چی؟

ــ بە داخەوەین بۆت، بێنت.

ــ تۆ کێیت؟

ــ ئێمە دۆستێکی هاوبەشمان هەیە. کورت تا سەر گوێچکەکان.

بێنت ناسیەوە. یەکێک لە مشتەریەکانی فرانک بوو.دەبێ یەکێک لە مشتەریەکانی فرانک بێت. یەکێک لەوانەی کە لە کاتی چوونە ناو سەرتاشخانەکە یان لە کاتی هاتنە دەرەوەدا تووشی بووە. دەرگاکەی بۆ ڕاگرتووە، بە نیشانەی سڵاو سەرێکی بۆ جوڵاندووە، بەڵام قەت وشەیەکیان نەدرکاندووە. بێنت چووە لای پەنجەرەکە. سەرتاشخانەکە تاریک بوو. تەنیا گڵۆپێکی شینی کز بە سەر ئاوێنەکەوە دەئایسا. ئاوێنەکە لە ئاکواریۆمێکی گەورەو بەتاڵی دەکرد. بێنت چرپاندی:

ــ چت دەوێ؟

ــ تۆ چت دەوێ؟ پرسیارەکە ئەمەیە.

بێنت هەستی کرد کە خەریکە تەواو توڕە دەبێ. نەیدەتوانی ئارام بگرێ. توڕە بوونێکی ترسناک خەریک بوو سەرتاپای دادەگرت. لە مێژ بوو وای لێ نەهاتبوو. لای خۆش بوو. دەیتوانی شتێک بشکێنێ. قیژاندی:

ــ تۆ خەوت لە من تێکدا...

ــ وەڵامی پرسیارەکەت نەدایەوە.

ــ تۆیش وەڵامی منت نەدایەوە! چت لە من دەوێ؟

بێنت گوێی لە هەناسەی بەرامبەرەکەی بوو. ئەم هەناسە لە شوێنێکی دیکەی شارەوە دەهات. ڕەنگە لە هەمان گەڕەک و لە هەمان شەقام. شتێک کەوت، پەرداخێک یان فنجانێک، وەک بڵێی دزیەک دەکرا.دەنگە نامۆکە پرسیاری کرد:

ـ دەترسی؟

ـ ترس؟ مەبەستت چیە؟

سەرەتا سووکە پێکەنینێک گەیشتە گوێی.

ـ پێت وایە ئێستاش هەر جوانی؟ ها؟ جوانتر لە ئێمە؟

بێنت وەڵامی نەدایەوە. قاچەکانی تەزین. ئامبوڵانسێک کە ئاژیری لێدەدا، تێپەڕی. هەندێ کەس تا سنووری مەرگ لە یەکیان دابوو. لە قاتی ژێرەوە یان سەرەوە دەنگی لوورەی سەگێک هات. بێنت گوتی:

ـ قسەی لابەلا. بۆ بەم نیوە شەوە لێمان ناگەڕێی.

بێنت گوێی لە فشاردانی دوگمەی سەر گوشیەکە بوو. ئەوسا ویزە ویزێک هاتە گوێی. وەک بڵێی بە ئێنتەرنێتەوە وەسڵ دەبێ و ئیتر بە هەموو لایەکدا بڵاو دەبێتەوە. دووبارە دەنگەکە هاتەوە گوێی:

ـ ئێمە دەبێ ئاگامان لە فرانک بێت. تەنیا دەمویست ئەمە بڵێم. دەبێ ئاگامان لە فرانک بێت.

پەیوەندی بڕا. بێنت تەلەفۆنەکەی لەدەست کەوتە خوار.گوشیەکە بەرەو زەوی شۆڕ ببووەوە.هەر بەو شێوەیە وازی لێهێنا. شەقێکی تێهەڵدا. گوشیەکە درا بە دیوارەکەدا. بە هەڵچوویی چوو بۆ مۆبەق.بیری کردەوە کە ئیتر خەوی لێناکەوێ. دۆڵابچەو سەلاجەکە گەڕا. لەبەر خۆیەوە گوتی: چ گوویەکی لێ کەوتەوە. هێشتا دەیتوانی وشەی ناشیرینتر بەکار بێنێ. دەیتوانی ئەو وشانە بەکار بێنێ کە ئیتر فرامۆشی کردبوون. بێنت لە سوێندخواردندا زیرەک نەبوو.تفی کردە ناو شوێنی قاپ و قاچاغ شۆریەکەوە.دواتر ئەو شتەی دۆزیەوە کە بە شوێنیدا دەگەڕا. لەناو جێ نانیەکەدا سمولترینگێکی بینیەوە. بەئارامی دەستی کرد بە خواردن. وشک و رەق بوو.بەڵام گرینگ نەبوو. خواردی. بەمەڵاشویدا دەچەسپا. لێوانێ ئاوی بەسەردا کرد. تامی خەرتەلەی دەدا. بێنت چوو بخەوێ.

خەوی لێنەدەکەوت. ترسێک لە دەروونیدا بوو. شتێک وەک بەردێکی قورس لە ناو سکیدا. هەڵچوون وتووڕەیی بەرگیان گۆڕی، بوون بە خۆف و نیگەرانی. ئەو لە دەستەی پیاوە بێدەنگەکان دابڕابوو. بەڵێ، بێنت کە مشتەریەکی وەفادار بوو، ئازاری دابوون. لە رۆژێکی هەینیی مانگی نۆڤێمبەردا فێڵی لێکردبوون.بێنت بە بێ پلان و لە رووی هەوەسەوە ئەم کارەی کردبوو.بە بێ هیچ مەبەستێک. لێفەکەی لەسەر خۆی لادا. جەستەی گەرم گەرم بوو.روخساری چەقاندە ناو سەرینەکە. بەرە بەرە خەو دایگرت. خەونی بە سوسیەوە بینی. لە کاتێکدا فیلمەکانی لێدەدا، سوسیە چاوەڕوانی بوو. بەڵام فیلمەکان رانەدەوەستان، بەردەوام سوڕیان دەخوارد. ئەوسا خەونی بە سەدەفەکانی قەراغ دەریاوە بینی. ئەو کاتانەی لە گەڵ منداڵانی دی، مانگاو مەڕو بزنیان ناو دەنا. خەوەکەی فیلمێک بوو کە لە سپێدەیەکی تازەدا شی دەبووەوە.

بێنت لە ناو روناکی و تیشکێکی تردا خەبەری بووەوە. بە سەرسامیەوە هەستا. رۆبەکەی لەبەر کردو چووە بەر پەنجەرەکە.سەیری دەرەوەی کرد. زستان هاتبوو. حەزی دەکرد سەیری کا، بە تایبەت لەم کاتەدا کە شڵێوە ببوو بە بەفر.لە خۆڵەمێشیەوە بەرەو سپی. لە قورسەوە بەرەو سوک. بەڵام تا ئێستا نەیبینیبوو کە باران ببێ بەشڵێوە. بەڵام قورسایی کلوە تەڕەکانی هەست پێ کردبوو.ئێستا ئیتر دەیتوانی ئەو جێ پێیە ببینێ کە لە بەردەم سەرتاشخانەکەوە بەرەو دوکانەکەی ژێرەوە کشابوو. کەسێک هێشتا لەوێ بوو. بێنت کتوپڕ ئاوڕی دایەوە. گوشیەکە هەروا شۆڕ بوو و هێشتا بە ئاستەم دەجولا.وەک پاندۆلی سەعاتێک. سەعات حەوت ونیو بوو.گوشیەکەی خستەوە سەرجێی خۆی. خێرا هەڵیگرتەوە. تەلەفۆنەکە کاری دەکرد. تەلەفۆنی بۆ خەستەخانە کرد. گوتی کە نەخۆشەو ناتوانێ بێ بۆ کار. گوتی کە سکی دێشێ و سبەی دیسان لە سەر وەزعی خۆی ئاگاداریان دەکاتەوە.گوتی کە نەخۆشیەکەی رەنگە وەها بێ کە کەسانی دی بیگرنەوە. تەلەفۆنەکەی فڕێ دا. هەناسە سوار لەوێ راوەستابوو، وەک بڵێی چاوەڕوانی ئەوە بوو کە هەر ئێستا تەلەفۆنی بۆ بکەنەوەو ئاشکرای کەن کە راست ناکا. بەڵام تازە تەلەفۆنی کردبوو و نەدەکرا قسەی خۆی وەرگرێتەوە. نەدەکرا بڵێ کە ساغەو بەم شێوەیە بە وتنی نیوە راستیەک دوو جار درۆ بکا. بۆچی شتێک نەبوو کە ناوی حەقیقەتی پێویست بێت؟ یەکەم جار بوو کە نەدەچووە سەر کار. مردووەکان ئەمڕۆ لە چاوەڕوانیەکی زیاتردا دەبوون. مردووەکان کەمتر بوون. مردووەکان شتێتکیان بۆ گوتن پێ نەبوو.

قاوەکەی خواردەوەو نانێکی بڕی. برسی نەبوو. نانەکەی خستە لاوە. وردە نانی سەر مێزەکەی کۆ کردەوەو چەقۆکەی خستەوەو شوێنی خۆی. زستان سەرنجی ڕاکێشابوو. سپیەکان هەموو شوێنێکیان داپۆشیبوو. کلوە بەفرەکان لە بێژومار گڵۆپیان دەکرد.چووەوە بۆ بەر ئاوێنەکەو سەیری خۆی کردەوە. بێگومان دەبا خۆی لاواز کا.سمولترینگی ئەو شەوە دوا دانە بوو. هیچ هاوسەنگیەک لە بەدەنیدا نەبوو.  خاوەن جەستەیەکی زل و سەرێکی بچوک بوو. دەبا خۆی شوش بکا. ڕێک کاتی هاتبوو.ئیتر لە جیاتی ئەوەی کە شەوانە دانیشێ و سمولترینگ بخوا، چاکتروا بوو بخەوێ. پەنجەی خستە ناو قژیەوە. خز نەبوون، بەڵکو وشک و ڕەق بوون. سەیری پەنجەکانی کرد، تاڵە قژەکان لێیەوە دەوەرین.

هەر لەو کاتەدا لە دەرگایان دا. لە مێژ بوو کەس لە دەرگای بێنتی نەدابوو. پەلەی کرد، بەڵام لە پشت دەرگاکە ڕاوەستا. بلێی سوسیە بێت؟ سەیری خۆی کرد. لە یەکەم ڕۆژی زستاندا بە ڕۆبێک و لاقی ڕووتەوە. دەبا خۆی بگۆڕێ. بەڵام ئیتر کاتی بە دەستەوە نەمابوو، دەرگاکەی کردەوە.سوسیە نەبوو. فرانک بوو، بە دوو پاکەت بە دەستیەوە کە بێگومان لای سوسیە کڕیبوونی. فرانک لە سەر دەم دەرگاکەدا ڕاوەستابوو و زەق زەق لە بێنتی دەڕوانی.

ــ دەتوانم بێمە ژوور؟

بێنت ڕێگای بۆ چۆڵ کرد. فرانک دیاریەکانی لەسەر عەرزەکە دانا. پێڵاوو پاڵتوکەی داکەندو رووی لە بێنت کرد. فرانک لە هەنیەی بێنت ڕامابوو، سێبەری بزەیەک لەسەر لێوی بوو  .

ــ بێنت، تۆ دەتوانی لە گەڵ مندا ڕاستگۆ بیت.

ــ بەڵێ! مەبەستت چیە؟

ــ ئێمە لە مێژە یەکتر دەناسین، وا نیە؟

بێنت وەڵامی نەدایەوە.دەرگاکە بە توندی جووت کرا. نیگای فرانک لەسەر هەموو شوێنێ بوو. دواتر چەقیە سەر بێنت.

ــ لە مێژە، وا نیە؟

ــ وایە، ڕاستە.

ــ پازدە ساڵە، وا نیە؟

ــ پێم وابێ پازدە ساڵە.

فرانک لێی نزیک کەوتەوە. تەواو نزیک.

ــ تۆ بێگومان نەخۆشی. بۆچی پێت نەگوتم کە نەخۆشی؟

ــ من نەخۆش نیم.

ــ تەلەفۆنم بۆ شوێنی کارەکەت کرد. وتیان لەوێ نیت، نەخۆشی.

بێنت سەرمای بوو و دەترسا. تا دەهات زیاتر دەترسا.

ــ تەلەفۆنت بۆ خەستەخانە کرد؟ جا بۆچی تەلەفۆنت بۆ ئەوێ کرد؟

ــ نیگەرانت بووم بێنت.

فرانک پاکەتەکانی هەڵگرتەوە و پێکەنیەوە.

ـ هەندێ شتم بۆ کڕیوی، بیخەمە ناو یەخچاڵەکە بۆت؟

بێنت هەناسەی هەڵکێشا.

ـ بەڵێ دەتوانی بیانخەیتە ناویەوە.

فرانک هەنگاوێک کشایەوەو دووبارە لە بێنت راما. لەبەر ئەوەی تووش شک و گومان نەبێ، ماوەیەک سەری بۆ گێراو جوان سەیری کرد.

ـ دەبێ بڵێم کە ناحەز بووی.

ـ شتێکی وا نیە، خۆتی پێوە ماندوو مەکە.

ـ پێم وابوو کە تەنیا لەبیرت چووە.

فرانک کتوپڕ بە دەنگی بەرز کەوتە پێکەنین. بێنت بە ناراحەتیەوە نیگای بۆ شوێنیکی دیکە گواستەوە.

ـ لە بیرم نەچووبوو.

ـ زۆر کەس وا دەکەن، زۆر کەس وا دەکەن.

فرانک لە حاڵێکدا دەچوو بۆ ئاشپەزخانە بۆ ئەوەی نان وشیرەکە بخاتە سەلاجەکەوە، بە فیکە ئاهەنگی سێریاڵێکی کۆنی تەلەفزیۆنی لێدا. نانەکەی خستە ناو جێنانیەکەوەو دواتر پاکەتێکی لەسەر مێزەکە دانا.پێکەنی. بێنت لەناو دەرگای مۆبەقەکە راوەستابوو. فرانک گوتی:

ـ سمۆلترینگە.

بێنت هیچی نەگوت.

ـ بیستومە حەزت لە سمۆلترینگە.وایە؟

بێنت سەری بۆ راوەشاند. فرانک دانەیەکی لە زەرفەکە دەرهێناو پێیدا. تازەو گەرم بوو. بێنت ئاوی دەمی قوت دا . جارێکی تریش قوتی دا.فرانک بەردەوام سەیری دەکرد. نیگاکانی وازیان نەدەهێنا.

ـ ناتەوێ ژوورەکانی دیکەم نیشان بدەیت؟

گەڕانەوە ژووری دانیشتنەکە.فرانک ئاماژەی بە کتێبخانەکە کرد. سەیری وێنەی دایک و باوکی بێنتی کرد.رۆژێک پێش ئەوەی بێنت بۆ هەمیشە ماڵەوە جێ بێڵێ ئەم وێنەیە گیرابوو. ئەوسا هەندێ گۆڤاری هەڵگرتەوە کە لەبەردەم تەلەفزیۆنەکە لە سەر عەرزەکە کەوتبوون.

ـ بێنت، دەتوانم ئەمانە لە گەڵ خۆم ببەم ؟

ـ بەڵێ.

ـ دڵنیای کە خوێندوتنەوە؟

ـ بەڵێ، خوێندومنەوە.

ـ تەواو دڵنیای؟ نایانبەم گەر هێشتا تەواو نەبووی.

ـ کارم پێیان نەماوە، بیانبە.

ـ فرانک خستنیە ناو یەکێک لە زەرفە بەتاڵەکانەوە.

ـ جاران بۆ سەرتاشخانە سێ رۆژنامەم ئابونە کردبوو. بەڵام ئێتر دەرەقەت نایەم.

فرانک هەناسەیەکی هەڵکێشاو لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. وتی:

ـ دیمەنێکی جوانە.سەیر کردنی سەرتاشخانەکەی من لێرەوە خۆشە. هەروەها دەتوانی سەرەوەو خوارەوەی جادەکەش ببینی.

فرانک لەوێ راوەستابوو. پشتی لە بێنت بوو.بێدەنگ، وەک سێبەرێکی بچوک بەرامبەر بە هەموو سپیەکان. پەردەکان ئارام دەشەکانەوە.بێنت بیری کردەوە، ئێستا دەڕۆم. با ئەو هەر لێرە بێت. ناگەڕێمەوە تا نەڕوات. فرانک ئارام دەستی کرد بە قسە کردن:

ـ ئەو کاتانەی مێرمنداڵێک بووم، ئیزنی ئەوەم هەبوو هەندێ جار لە دوکان لە گەڵ باوکما بم. ئە ساڵانە سەرچاکردن سێ کرۆنی دەکردو هەمووکەسیش حەزی لە دوو مۆدێلی تایبەتی ئەو ساڵانە بوو. من لە سەر چوارپایەیەک لە گۆشەی سەرتاشخانەکە دادەنیشتم و مافی قسەکردنم نەبوو. کاتێ باوکم سەری کەسێکی چا دەکرد پێی خۆش نەبوو کەسلێی تێک بدات. رۆژێک خەوم لێکەوت. لە سەر چوارپایەکە بەربوومەوە. باوکم وەها ترسا کە نەرمەگوێی مشتەریەکەی بەردەستی بڕی.خوێن فیچقەی کرد. خوایا لەو هوموو خوێنە! بەڵام دواتر مشتەریەکە هەر دەهاتەوە. مانگی دواتر لە سەر هەمان کورسی دانیشتەوە، گوێی تەواو چابووبووەوە. راستی بێنت، گلەیەکت لە کارەکەی من هەیە؟

ـ نا.

ـ قەت رقت لە شێوەی چاکردنی من بووە.

ـ قەت. فرانک، قەت.

فرانک بەرەو بێنت وەرگەڕایەوە. لێوەکانی دەلەرزین.

ـ چیدیکە لەمە زیاتر ناتوانم.

ـ مەبەستت چیە؟

ـ ئێمە ئێتر گەنجیەتی رووما‌ن تێناکاتەوە. ماوەیەکی دی خانە نشین دەبین و باومان نامێنێ. پێت وا نیە ئەوەی کە هەمانە لە دەستی نەدەین باشترە؟

ـ تێناگەم!

ـ تێناگەی. لە سێ کورسی ئێستا تەنیا یەکیان بەکار دێنم. ئەگەر ئاوا بڕواتە پێش، لە داهاتوودا مەجبور دەبن کە بێنەماڵەوە سەرتان بۆ چاک بکەم. لەوێ لە ماڵەوە لە سەرەدابن بۆ ئەوەی سەرتان بۆ چاک بکەم.

ـ بەڵام خانەنشینەکانیش وەک ئەوانی تر دەتوانن پارەی سەرچاکردن دابین بکەن.

کتوپر فرانک پێکەنی و بە دەست کێشای بە هەنیەی خۆیدا .

ـ من لێرە ڕاوەستاوم و بە گرفتە بچوکەکانی خۆمەوە ئازارت دەدەم. لە کاتێکا کە تۆ هێشتا بە تەواوی بیرت لێ نەکردونەتەوە.

بێنت ئۆقرەی لێ هەڵگیرا. فرانک چاوی لێ هەڵنەدەگرت.

ـ بابەتی شمەکەکان چەندەت قەرزارم؟

ـ بیریشی لێ مەکەوە.پێم وابێ بۆ ئەوەی چاک بیتەوە بچی ڕاکشێی باشترە. پێت خۆشە چایەکت بۆ ساز کەم؟

ـ پێویست ناکا.

ـ چاکە، تەنیا پرسیارێک بوو .

بێنت لە ژێر لێوەوە گوتی:

ـ سوپاس، مەمنون.

فرانک بەرەو لای تەلەفزیۆنەکە ڕۆیشت. فیلمەکان و گۆڤارەکانی خستە ناو زەرفێکەوە. بێنت ویستی نەهێڵێ. فرانک گوتی:

ـ پارەکەیم داوە. هەتا لێرە بێت گرانتر لەسەرت دەکەوێ.

بێنت لێی گەڕا. فرانک پاڵتۆکەی لەبەر کرد. کەوشەکانی لەپێ کرد. کاتێک ڕاست بووەوە لە ناوچاوانی بێنت ڕامایەوە. دیسان نیگایەکی قورس. گوتی:

هەر کاتێک بۆت گونجا دەتوانی بێیت، بەهەرحاڵ من لەوێم.

فرانک دەرگاکەی کردەوە. دوودڵ بوو، وەک بڵێی دەیویست لا بکاتەوە.

ـ تەنیا دەمویست بڵێم کە هیوای چاکبوونەوەت بۆ دەخوازم .

فرانک ڕۆیشت.بێنت بە پەلە چووە بەر پەنجەرەکە. فرانکی بینی کە بۆ لای سوسیە لایدا.کاتێ هاتە دەرەوە تەنیا گۆڤارەکانی بە دەستەوە بوو. لە جادەکە پەڕیەوەو چووە ناو سەرتاشخانەکەوە. گلۆپەکەی هەڵکرد. بۆ ماوەیەک ون بوو، بێگومان چووبووە ژوورەکەی پشتەوە.دیسان دەرکەوتەوە. رووپۆشی کارەکەی لەبەردا بوو، ئەو رووپۆشەی کە هێشتا نیشانە زێرینەکەی باوکی پێوە بوو. لە سەر کورسیە نێوەنجیەکە دانیشت. دانیشت و ئەوسا لە پەنجەرەکەی بێنت ڕاما. بێنت پەردەکانی دادایەوەو کشایەوە. بە پشێویەوە ڕاوەستا، ئەوەندە تا لاقی تەزی.قەت ئاوا هەستی بە بێدەنگی نەکردبوو. بەفر، دەنگی دەگرت. چوو بۆ مۆبەق.تا توانی بە ئارامی دەستی کرد بە خواردنی سمۆلترینگێک. بەڵام ئۆقرەی نەدەگرت. کارتی ڤیزیتەکەی دەرهێنا، لەت و پەتی کردو توڕی دا. دەیتوانی هێشتا هەست بە بۆخاوی مریشکەکە بکا. بە توندی دەرگای کومۆدەکەی پێوەدا. لە زرمەکەی ترسا. چووەوە بەر پەنجەرەکە. فرانک لە بێنت ڕاما. بێنت لەوە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیرا، جل وبەرگی لەبەر کردو وەدەرکەوت. بریسکەیەک لە نیگایدا بوو. دەبا بۆ چەند سانێک روخساری لە ناو دەستەکانیدا بحەوێنێتەوە. بە پەلە لە جادەکە پەڕیەوەو خۆی بە سەرتاشخانەکەدا کرد .

فرانک هەستا. رووپۆشەکەی ڕێک کردو بزەیەک بە سەر لێویدا گەڕا.

ـ دەمزانی دێیت.

ـ بەڵێ، وەک دەبینی هاتم.

ـ بێنت، سەرمات نیە؟

ـ نه، باشترم. دەست پێبکەین؟

ـ دەبێ لە پێشدا شتێکت نیشان بدەم.

لەگەڵ فرانک چووە ژورەکەی پشتەوە. کۆمەڵێک نایلۆنی رەشی زبڵی لێ بوو. هەموویان پڕ.بە سەر هەر کامیانەوە ژمارەی ساڵێک دەبینرا. کۆنترینیان ساڵی 1974 بوو.فرانک بە ئارامی گوتی:

ـ بەرهەمی ژیانم.

بێنت بە تەواوی لە مەبەستی فرانک نەگەیشت. حەزی دەکرد لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە.

ـ ئەمانە چین؟

ـ من ناتوانم فڕێیان دەم، دەتوانم؟

فرانک دانەیەک لە کیسەکانی کردەوەو بەتاڵی کرد. قژ بوو. شەپۆلی قژ پێش ئەوەی ئارام بگرێ، ئارام رادەخوشا. فرانک گوتی:

ـ 1982. هی خۆت دەناسیەوە؟

فرانک دەستی بە قژەکاندا کرد. چنگێکی هەڵگرت و لە نزیکەوە لێی راما.

ـ پێموابێ دۆزیمەوە.

ئەوسا سەیری بێنتی کرد.

ـ قژت ئەو رەشیەی جارانی نەماوە. بەڵام هێشتا هەر باش ماوی.

فرانک پێکەنی. چنگە قژەکەی رشت. کە دەستی تەکاند، هەورێک لە قژ دەوری تەنی.

ـ با ئیتر دەست پێبکەین!

دووبارە چوونەوە ناو سەرتاشخانەکە. بێنت لەسەر کورسیەکەی ناوەڕاست دانیشت. فرانک کەمێک کورسیەکەی بەرز کردەوە. رووپۆشێکی بە سەروسینگیدا دا و مقاستەکەی دەرهێناو لە پشت سەری بێنت راوەستا. مقەستەکە بە دەستیەوە چەندجارێک هەوای گەست. بەڵام نەکەوتە کار. وەک بڵێی بیرێک بە مێشکی فرانکدا هاتبێ. مقەستەکەی داناو مەکینەی سرچاکردنەکەی هێنا. بێنت چاوانی بەست. دڵی دایە ویزەی مەکینەکە.چەند لە گوێچکەی نیزیک بوو. هەستی بە مووەکان دەکرد کە دەڕژانە دەوروبەری ملی و سەرشانی. گرێی رووپۆشەکە هەندێ توند بوو، ملی ئازار دەدا. فرانک سەری بێنتی بۆ پێشەوە خوار کردەوە. مەکینەکە جارێکی دی کەوتە کار، لە دواوە هەتا تەوقی سەری و لەوێوە بۆ ناوچاوانی.

بێنت سەری هەڵبڕی. لە ناو ئاوێنە کۆن و لێڵەکەدا لە خۆی روانی. ئەو ئاوێنەی کە بێژمار خاوێن کرابووەوە. لە ئاوێنەکەدا پێستی سەری خۆی بینی. پێستی ناسک و پڕ لە چاڵ وچۆڵی سەری. ئەو پێستە وشک و سپیە هی ئەو بوو. فرانک دەستێکی خستە سەر سەری بێنت، بەڵام مەکینەکە هێشتا لە دەستەکەی تریدا هەر ویزەی دەهات.

بێنت حاڵی تێکچوو. ویستی هەستێ و بڕوا. بەڵام فرانک توند رایگرت. گوتی:

ـ ئێستا ئیتر دۆست و هاوڕێی یەکترین، وانیە؟

له کتێبی DEN MISUNNELIGE FRISØREN وەرگیراوە .

فەڕۆخ نێعمەتپوور

info@qelem.com

The Iranian Kurdistan Association Of Pen

*********

ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران

لاش سوبیە کریستەنسن

LARS SAABYE CHRISTENSEN

لاش سوبیە کریستەنسن لە ساڵی 1953 لە ئۆسلۆ لە دایک بووە. لە هەفتاکاندا لە رۆژنامەی DIKT OG DATT دا دەینووسی و لە بواری ئەدەبی و کەلتورە جیاوازەکاندا گەلێک چالاک بوو. لاش لە بوارەکانی شیعرو رۆمان و شانۆنامەو چیرۆکی پۆلیسی دا کار دەکا. کارزانی بواری تراژێدیا_ کۆمێدیایە. پاڵەوانی چیرۆکەکانی( یاخود دژە پاڵەوانەکانی) بەردەوام فڕێ دەدرێنە ناو کارەساتە بچوکەکانەوە. زۆربەی کات رووداوەکان پەیوەندیان بە سەردەمی منداڵی یا خود گەنجیەتییەوە هەیە.

گوریس

جگە لەو حەفتەیەی کە لە فێربوونی مەلە بوو، سەرتاسەری هاوین ئاندریا Andrea دەچووە لەنگەرگاکە بۆسەیرکردنی پرینسەن Prinsen.رادەوەستا تا دەهات. مسافیرەکان بە جانتای جۆراوجۆرەوە دادەبەزین، بەڵام ئاندریا سەرنجی نەدەدان. نە سەرنجی ئەو پیاوەی دەدا کە لە ساردخانەی پاپۆڕەکە کاری دەکردو نە سەرنجی بلیتچیەکەو نە کاپتانی پاپۆڕەکە کە چوار فەسڵەی ساڵ چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاودابوو. ئەو تەنیا بۆ دیتنی پرینسەن دەچوو.

ئاندریا چاوەڕوانی بوفالو Buffalo بوو.

چونکە ئەوە بوفالو بوو کە گوریسەکەی دەهاویشت. بوفالو لە سەر تایەیەک رادەوەستا، بۆ ئەوەی دەرفەتی هەڵسوڕانی هەبێت کەمێک لە قەراغی پاپۆڕەکە دوور دەکەوتەوە. سەری گوریسەکەی گرێ دەداو بەشەکەی دیکەی لە قۆڵی چەپی دەئاڵاند. دواتر سەرەگرێ دراوەکەی هەڵدەسوڕاندو دەیهاویشت. تەنافەکەی دەوری قۆڵی حەڵقە حەڵقە دەکرایەوەو دەکشا، تا دەگەیشتە ئەسکەلەی قەراغ دەریاکەو لەوێ لە دارێکی قایم دەئاڵاو توند دەبوو. بوفالو چاکی دەپێکا. قەت هەڵەی نەدەکرد. ئەوسا پرینسەن بە ئارامی لەنگەری دەگرت. لە حاڵێکدا گوریسەکە دەکشا، بوفالو سێ جارگرێی دەدا. لەم کاتانەدا گوریسەکە ئاوازێکی تایبەتی خۆی هەبوو، کاتێک کە کتوپڕ تەکانی دەخواردو دڵۆپە ئاو هەڵپڕژاوەکان وەک پەڕەیەکی ناسک لە بەر خۆردا دەدرەوشانەوە.

ئەمە جوانترین شت بوو کە ئاندریا لە ژیانیدا بینیبووی.

ئێستا پرینسەن دەیویست جارێکی دی بە مسافیری تازەوە بەرەو شار وەڕێ بکەوێ، یان رەنگە بەرەو ئیلیەرنێت Ildjernet بڕوا. بلیتچیەکە زەنگی کەشتیەکە لێدەداو هەر لەوکاتەدا بوفالو زۆر بە ئاسانی بە سوکە تەکانێک گوریسەکە لێدەکاتەوە. کارەکە ئەوەندە وەستایانەیە کە گوریسەکە ناکەوێتە ناو ئاوەکەوە، بەڵکو بە ئاستەم شەپۆلەکان ختوکە دەداو دواتر لە سەر پاپۆڕەکە لە ناو دەستەکانی بوفالودا ون دەبێ.

ئاندریا ئەوەندە رادەوەستێ تا پرینسەن لە بەر چاوی ون دەبێ. پرینسەن جوانترین پاپۆڕی ماشینبەری نێوان پایتەخت و نێسولاندە Nesoddlandetبوو. پرینسەن لە ناو کەنداوەکەدا لە قوویەکی دەکرد. خەرامان دوور دەکەوتەوەو لەم کاتانەدا ئاندریا دەبا بە دەست سێبەری بۆ چاوانی دروست کردبا بۆ ئەوەی بتوانێ هێشتا بیبینێ. ئەوسا بوفالوی دەبینی کە گوریسەکەی لەبەر هەتاودا هەڵدەخست بۆئەوەی وشک بێتەوە. هەڵبەت ڕۆژانی تر لە دوای ئەو ڕۆژانەی کە باران دەباری قیری لە تەنافەکە دەدا. ئەوسا ئاندریا بە دڵنیاییەوە لێرە لەو لەنگەرگایەوە ئەو بۆنە قورسەی هەست پێدەکرد. لەو بەرەوەش بوفالو بە دەست ئارەقی هەنیەی دەسڕی و پاڵی دەدا بە قەراغ پاپۆڕەکەوەو جگەرەیەکی بۆ دادەگیرساند.

لەوکاتانەدا هەمیشە ئاندریا دەستی بۆ رادەوەشاند.

جارێکیان بوفالویش دەستی لێڕاتەکاند.

ئاندریا بە پەلە بەرەو ماڵەوە رۆیشت.ئەو کوڕانەی کە لە قەراغ دەریاکە لە شوێنێکی بەرزەوە خۆیان هەڵداویشتە ناو ئاوەکە، هاواریان لێدەکرد.هاواریان لێدەکردو ئەوجا خۆیان هەڵدەداشت. لە دوورەوە لە حەوادا لە کەوانی زێڕینیان دەکرد کە بێدەنگ وەنێو ئاوەکە دەکەوتن، ئەوسا دەردەکەوتنەوەو دەستیان دەکرد بە مەلەکردن.

ئاندریا وای دەنواند کە ئاگای لێیان نیە. نەیدەناسین. پێکەنینیان نامۆو جۆریکی دیکە بوو. بەڵام بوفالو ئیشارەتی پێدابوو.بوفالو بینیبووی. بەراکردن بە سەرەوژووریەکەدا سەرکەوت هەتا گەیشتە خانووەهاوینیەکە. لەوێ راوەستا .ترس و نیگەرانی سەرتاپای داگرت. لەئاورێکی بێ گڕی دەکرد. هەتاو دادەچوو و تادەهات سێبەرەکەی درێژتر دەبوو. سێبەرەکەی خۆی بەلاوە سەیر بوو. نەیدەتوانی هیچ ببیستێ، دەنگەکان بزر ببون. رەنگە لە پیاسە بن. هەمیشە ئەم کارەیان دەکرد. کاتێک کە میهرەبانی رووی تێدەکردن، قۆڵیان لە قۆڵی یەک دناو دەرۆیشتن بۆ پیاسە. جارێکیان ئەم بینیبوونی، بە بینینیان پێکەنین دایگرتبوو. لە پشت دەوەنێکەوە خۆی حەشاردابوو و سەیری کردبوون. پێکەنین بەری نەدابوو. ئێستا کە گوێی لێیان نەبوو بەو هیوایە بوو کە لە پیاسە بن. دەفتەری یاداشتەکانی باوکی لەگەڵ شمەکی نووسین و نامیلکەی کاتی فڕینی فڕۆکە لە باڵاخانەکەدا بوو. بەرگی مەلەی دایکی بۆ وشک بوونەوە هەڵخرابوو. چەندین رۆژ هەرلەوێ وشک و رەنگ هەڵبزرکاو دەمایەوە. ئاندریا بەپەلە چووە سەر. بە ئەسپایی خۆی کرد بە ژووری دایک و باوکیدا. تەختی خەوەکە رێک و پێک نەکرابوو. لێفەکە کەوتبووە سەر عەرزەکە. بۆنێکی قورسی بۆشێ ئاسا ژوورەکەی داگرتبوو. بەرەو پەنجەرەکە رۆیشت. لەوێ لە گۆشەی ژوورەکە گوریسەکەی هەڵگرت. قورستر بوو لەوەی کە بیری لێ دەکردەوە. قورستر بوو لەوەی کە بتوانێ هەڵیگرێ. بیری لە شان و باهۆی بوفالو کردەوە، ئەستوورو برژاوی بەرهەتاو.کتوپڕ پێی وابوو کە دایکی و باوکی لەبەر دەروازەکەدا بینی. لەوێ لەپاڵ گوڵەسوورەکاندا، کە بۆنیان

حەوشەکەی تەنیبوو. بەڵام کەسی لێنەبوو، هیچکەس. ئاندریا گوریسەکەی هەتا کانیی پشت خانووەکە بەدوای خۆیدا راکێشا. لەوێ لەناو درەختەکاندا، کە بە ئاستەم ئاسمانیان لێوە دیار بوو، بە ئاسانی نەدەبینرا. لەوێ کۆتەرەدارێکی لێبوو کە دەیتوانی گوریسەکەی بۆ بهاوێ. بە سەری گوریسەکە حەڵقەیەکی دروست کرد، ئەوسا تەنافەکەی لە قۆڵی چەپی ئاڵاند، هەر بەو شێوەیەی کە بوفالو کردبووی، چاوی نوقاندو بە خەیاڵی ئەوەی کە لە ناو پاپۆڕی پرینسەندایە و هەست بە جوڵەی دەکا گوریسەکەی هەڵسوڕاند، ئەوسا چاوی کردەوەو فڕێی دا. بەڵام گوریسەکە نەکشا، بەڵکو ڕێک لەبەر پێی دا کەوتە سەر زەوی. لەنگەرگاکە نێزیک دەبووەوەو دەبا پەلە بکا. بۆیە خێرا گوریسەکەی هەڵگرتەوەو لە قۆڵی چەپی ئاڵاندەوە. دیسان فڕێی دایەوە. ئەمجارەیان پێکای. تەزوویەکی خۆشی بە لەشدا گەڕا. خۆی لەبیر بردەوە. شتێک لە دەروونیدا ئازاد دەبوو. لە خۆشیدا دەستی کرد بە پێکەنین. ئەوسا هاتەوە خۆی. دەیزانی دەبێ چ بکا. تەنافەکەی راکێشاو ئیتر پرینسەن بە ئارامی لەنگەری گرت. تەنیا پێنج مسافیرلە پاپۆڕەکە دابەزین. دوو دانەی تازەیش سواربوون. دواتر گوێی لە دەنگی زەنگی پاپۆڕەکە بوو. هەر وەک بوفالو تەکانێکی بە دەستی دا. بەڵام گوریسەکە هەروا بە دەوری کۆتەرەکەوە بوو. لە سەر سەوزەڵانەکە تەنافەکە وەک مارێکی کوڵکن و بۆر پێچی خوارد. جارێکی دی قایمترو خێراتر دووپاتیکردەوە. هیچ ئەنجامێکی نەبوو. سەری نەدەگرت. ناودەستی ئاوری گرت، وەک ئەوەی ئاگری بەدەستەوە بێت. مەجبوور بوو کە بچێ و حەڵقەکە بکاتەوە. بیری لە دەست و مەچەکی بوفالو کردەوە کە بە هۆی قیرەوە هەمیشە رەشبوون. بێگومان هەمیشە بۆنی گوریسیان دەدا. چوار هەنگاو لە کۆتەرەکە دوور کەوتەوە، وەرگەڕایەوە، حەڵقەکەی دروست کردەوە، تەنافەکەی هەڵسوڕاند، هاویشتی، دەستی چەپی کردەوە، گوریسەکە کشا، بەڵام نەیپێکا. دووبارە تەنافەکەی کۆ کردەوە. دەریا بەرز دەبووەوە. خۆڕاگرتن دژوار بوو، جوڵەی دەریا بەم لاولایدا دەخست. جارێکی دی هاویشتی، نزم و خێرا. ئەمجارەیان تارادەیەک پێکای.

ئەم هاوینە هەموو ئێوارەیەک، جگە لەو حەفتەیەی کە دەچوو بۆ فێر بوونی مەلە، دەهاتە لای کانیەکەو لە ژێر رووناکیی سەوزی درەختەکاندا خەریکی خۆراهێنان بوو.

ئەوسا دایکی بانگی لێکرد. کاتی شێو بوو. لە پیاسە بوون و ئێستا گەڕاونەتەوە. ئاندریا بەو هیوایەی کە لێی توڕە نەبن، گوریسەکەی بەجێ هێشت و بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. دایکی لە مۆبەق بوو و سەرەڕای ئەوەی کە ئەو رۆژە هەتاوێکی زۆر لێی دابوو سپی سپی بوو. بە بێ سێبەر بە بەرهەڵبێنەیەکی چوارخانەی شینەوە بە پێخاوس لەوێ راوەستابوو. ئاندریا هەر لە خۆوە خۆشحاڵ بوو لەوەی کە دایکی بە بێ سۆڵ دەهات و دەچوو. سەیری زاری دایکی کرد. باڵندەی پێکەنینێک هێلانەیان تێدا کردبوو.

دایکی بە سەر سڵاوی لێکردو گوتی:

ــ پێش ئەوەی نان بخۆی دەستەکانت بشۆ. ئاویش زۆر مەبڕێنەوە.

ــ دەستم پیس نیە .

ــ با بیبینم!

هەردوو دەستی گرت و جوان سەیری کرد. سەری لێبادا.

ــ دەڵێی پیس نین، بەم دەستە پیسانەتەوە لە کوێ بووی؟

ئاندریا دوودڵ بوو.

ــ لای کانیەکە.

دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا، ئاهێکی بێ دەنگ. ئەو دەیتوانی بە چاوەکانیشی ئاه هەڵکێشێ، ئەوە کاتێک بوو کە نیگای وەردەگێڕاو سپیایی هەموو چاوی داگیر دەکرد. ئیتر زۆر لێی هەڵنەپێچا.

ــ بۆچی تۆ قەت لە گەڵ کەسانی دیکەدا نیت، ها؟

ـدایکی شیرەکەی لە سەلاجەکە دەرهێنا. سەرمای ناو یەخچاڵەکە بە ئاستەم ژوورەکەی داگرت. ئاندریا وەڵامی نەدایەوە. کەسانی دیکە؟ دایکی حەز دەکا لە گەڵ کێ بێت؟ بەڵام لە جیاتی ئەمە پرسی:

ـ لە گەڵ باوکم لە کوێ بوون؟

ـ تەنیا چووین بۆ پیاسە.

ئاندریا لە دایکی نزیک کەوتەوە .

ـ بە بێ پێڵاو؟ باوکیشم بە بێ پێڵاو بوو؟

دایکی پێکەنی. لێوەکانی لەبەر یەککشان و روخساری گەشایەوە .

ـ چەند سەیری! کاتێک هاتمەوە، دامکەندن. قاچەکانم ئاوسابوون.

ئاندریا سەیری لاقی دایکی کرد. ئاوسابوون. لە گونکە هەویر دەچوون. پەنجەکانی بچوک ببوونەوەو نینۆکە گچکەی زەرد هەڵگەڕابوو. هەستی کرد لە گۆشتی رۆچووە. دیمەنێکی ناحەز بوو. دایکی دواندیەوە:

ـ زوو کە، درەنگە!

ئاندریا شیرو نانەکەی هەڵگرت، چوو بۆ باڵکۆن بۆ لای باوکی. باوکی بە ئارامی خەریکی نووسینی یاداشتەکانی رۆژانەی بوو. وشەیەکی لێ هەڵە بوو، پاکی کردەوەو سەرلەنوێ نووسیەوە.

هەتاو پێستی باوکی سوتاندبوو. قژی تەنک بوو، بۆیەکاتێک دەنەویەوە، دەیتوانی پێستی سەری ببینێ. پێستی سەری سوورو نارێک بوو. هەنیەی چەندین چرچی تێدا بوو. هەندێ جار چرچەکان ون دەبوون. لە هەرەسیان دەکرد، هەرەس لە روخساردا.هەرەسێکی هەردەم ئامادەی تەقین. باوکی گوتی:

ـ هەموویان بەپێی کاتی خۆیان دەفڕن .

ئەوسا دایکی هات. لەناو دەرگاکەدا راوەستابوو. پشت لە هۆڵە تاریکەکەو بە پێڵاوەوە. بزە بە سەر لێویەوە نەمابوو.گوتی:

ـ دیسان لە بیرت چوو دەستەکانت بشۆی.

ئاندریا بە پەلە رۆیشت، بەڵام پێش ئەوەی ئاوەکە بەرداتەوە، بۆنی بە دەستەکانیەوە کرد. بۆنێکی وشک و توند. ئەوسا پەنجەیەکی خۆی مژی. تامیشی وەک بۆنەکەی بوو. ئاندریا بیری لە قیرو هەتاوو بۆنی دارستان کردەوە.

ئاوەکەی بەردایەوە. کتوپڕ هەستی کرد زۆر بچوکە، ئەوەندە کە خۆی نەناسیەوە. گوێی لە دەنگی پێی دایکی بوو کە چووە قاتی سەرەوە، ئەوسا دەنگی دەرگاکە کە پێوەدرا.

کاتێک ئاندریا هاتەوە سەر باوکی ئیشارەتی پێدا کە بێدەنگ بێت. بە بێ ئەوەی کە ویستبێتی یان نیشانی دابێ کە دەیەوێ شتێک بڵێ، دەبا بێدەنگ بێت. بە ئارامی دانیشت، کەمێک شیری خواردەوە. برسی نەبوو. زەردەواڵەیەک بە سەر مرەبای پرتەقاڵەکەوە بوو. باڵەکانی بە جوانی نەدەبینران؛. خاڵێکی زەردی ناوەراستی هاوین. بە بێ ترس دووری کردەوە. لە باوکی روانی . باوکی گوێی هەڵخستبوو. چاوی نوقاندبوو و گوێی دەگرت. لووتیشی سوور بوو؛. بڵیندابیەک بە سەر روخسارەوە. وەک بڵێی خەون دەبینێ، نوستووەو خەون دەبینێ. بەڵام بە خەبەر بوو. باوکی بە بێ ئۆقرە گوێی دەگرت. هەندێ جار برۆکانی بەرزو نزم دەبوونەوە. دواتر پێکەنی. چاوانی کردەوەو سەیری سەعاتەکەی کرد. ئاندریاش ئێستا گوێی لێبوو. دەنگەکە کە لەو بەر دوڕگەکەوە دەهات، گەورەو گەورەتر دەبوو. بە ئارامی بە ناو تاریکایی وشکی ئەو ئێوارە شین و کڕەدا بڵاو دەبووەوە. سەرئەنجام توانیان فڕۆکەکە ببینن. رێک بەرەو ئاسمان دەفڕی. ئاندریا لە ناو سکی و سەریدا هەستی بە مژینێک کرد. مسافیرو قەرەواشی ناو فڕۆکەکە هاتنە بەر چاوی کە بە پشتدا کەوتبوون. فڕوکەکە هەر بەرزو بەرزتر دەبووەوە. زەویش تا دەهات

دوورو دوورتر دەکەوتەوە. بۆ چرکەیەک پێش ئەوەی فڕۆکەکە لەناو هەورە چڕوپڕو ئاڵتونیەکاندا ون بێ، هەستی کرد باڵێکی تەیارەکە تەواو سوور هەڵگەڕا.

باوکی شتێکی لە دەفتەری یاداشتەکەدا نووسی. ئەوسا گوتی:

ــ دوا فڕینی ئەمڕۆ. کۆپێنهاگن، دال سێ8. هەشت دەققە دوا کەوت.

قەڵەمەکەی خستە گیرفانی و سەری هەڵبڕی.

ــ ئاندریا، ئیتر تۆیش کاتی خەوت هاتووە.

ــ ئەی تۆ ناخەوی؟

باوکی رووی لەولا کرد .

ــ دەمەوێ کەمێک دانیشم، ئەمشەو شەوێکی زۆر خۆشە.

پاپۆڕێک لەناو دوڕگەکەدا چاوەڕوانی با بوو.

ئاندریا چووە ژوورەکەی خۆی. دۆلکەیەک ئاوی هێنا. روخساری تێخست. تا توانی لەژێر ئاوەکە پێکەنی. ئاوەکە لە قەراغ دۆلکەکەوە دەپژایە دەرەوە. سەری دەرهێناو رووی لە سەقفەکە کرد.نەفەسی تازە کردەوە. گوێی هەڵخست. دنیا بێدەنگ. هیچ دەنگێک لە ژووری دایک و باوکیەوە نەدەهات. دیوارێکی باریک لە نێویاندا بوو. خەوی بێدەنگی دایکی، تەنیا، لە سەر تەختی خەوی دوو کەسی. ئاندریا تەنیا گوێی لە خۆی بوو، گوێی لە دەستەکانی بوو، لە قژی، دڵی، لە زمانی. بە بێ ئەوەی ئاو زۆر بەکار بێنێ، خێرا ددانی شوشت. جل و بەرگی داکەند. گەرما دەخزایە ژێر پێستیەوە. هیچ ئاوێنەیەک لە ژوورەکەیدا نەبوو.بەڵام دەیتوانی لە شوشەی پەنجەرەکەدا سەیری خۆی بکا. شوشەکە لە نێوان رووناکی ژوورەوەو تاریکی دەرەوەدا بوو. چەند باریک و خوارو پڕ لە گۆشە بوو. ئاندریا لە نێویاندا راوەستا، رێک لە سەر سنووری شوشەیەکی ناسک.

ئاندریا پێش باوکی خەوی لێنەدەکەوت. باوکی هاتە سەرەوەو چووە ژوورەکەی. ئێستا دایکیشی بەخەبەر بوو. گوێی لە دەنگیان بوو.باوکی سەرپێیەکانی دەخستە ژێر تەختەکەوەو دایکیشی جگەرەیەکی هەڵکردو کۆکی.ئەوسا گوتی:

ــ هەندێک جار حەز دەکەم لە هەموو شتێک دوور بکەومەوە .

دەنگی باوکی بە زەحمەت هاتە گوێ.

ــ تکایە بەم شێوەیە مەدوێ .

ــ ئاوا قسە مەکە. بە خۆت و تەیارە قۆڕازەکانتەوە. وادیارە تێناگەی .

دواتر بێدەنگ بوون. هیچ نەدەبیسترا. خانووە هاوینیەکە لە ناو دیوارەکانی خۆیدا لە بێدەنگیدا نوقم بوو. ئاندریا ئارام خەوی لێکەوت. خەونی بە ئاسمانەوە بینی، بەوەی کە مرۆ دەیتوانی لەبەری کات. ئەگەر مرۆ بگەشتایە سەقفی ئاسمان، ئەوسا دەیزانی کە ئاسمان سازردە وەک سەهۆڵ، یان گەرمە وەک ئاگرێک کە خوا لە مێژە لە بیری کردووە بیکوژێنێتەوە. دواتر خۆی لە فڕۆکەیەکدا بینی، لە فڕۆکەکەدا تەنیا خۆی بوو و بەس.

کتوپڕ باوکی لە ژوورەکەدا بینی. هێشتا شەو بوو. بە سەر ئاندریادا نەویەوە. گوتی:

ــ بە گوریسەکە یاریت کردووە؟

ئاندریا لاقی کۆ کردەوە. بە ئەسپایی گوتی:

ـ بەڵێ.

ـ لە کوێیە؟

ـ لای کانیەکەیە.

باوکی سەری باداو بە پەلە بەرەو دەرگاکە چوو. لەوێ ئاوڕی دایەوە. گوتی:

ـ گەر ماڵەکە ئاوری گرت، چ بکەین؟

ئاندریا چاوی نوقاند. گوێی لە باوکی بوو کە بە ناو چیمەنەکەدا تێپەڕی. کاتێک گەڕایەوە، هەنگاوەکانی و هەناسەی قورستر بوون. خێرا بۆ جارێکی دی دنیا بێدەنگ بووەوە. وەک ئەوەی هیچ شتێک رووی نەدابێ. ئاندریا نە خەوتبوو و نە بەخەبەر بوو. لە شوێنێکدا بوو لە نێوانیاندا. وەک چۆن لە ئاوێنەکەدا خۆی بینیبوو. واتە لەو شوێنەی کە رووناکی و تاریکی لە بەرامبەر یەکتردا بوون. بە دەم خەو لێکەوتنەوە، بیری لە قسەکەی باوکی کردەوە: گەر ماڵەکە ئاوری گرت، چ بکەین؟ سبەی دەیەوێ گوریسەکە لە پشت کۆتەرەکە لە ناو گژو گیاکەدا بشارێتەوە. جا ئەگەر خانووەکە ئاور بگرێ ناتوانن خۆیان دەرباز کەن. باوکی بەرەو لای پەنجەرەکە رادەکاو دایکیشی دەقیژێنێ و هەوڵ دەدا بە لاقە رووت و ماسیوەکانی ئاورەکە بکوژێنێتەوە.

ئاندریا بە ئاگا هات، هەڵخڕاوی خۆشی و شەرم بوو.

ئەوسا شەوێکی لەم چەشنە چووە لای دایک وباوکی. خەوتبون. روخساریان ئارام بوو. هەر کامیان لە سەر شوێنی خۆی نوستبوو، وەک دوو بێگانە بە خەونی خۆیانەوە. داخۆ لە خەودا پێدەکەنین؟ یان تەنیا خەوتبوون و بەس؟ پەنجەکانی دایکی زەرد بوون. چەند پەڕەیەکی گوڵی سەر مێزەکە وەریبوون. ئاندریا بە ئارامی پەنجەی خستە سەر هەنیەی باوکی، ئەویش بە ئارامی وەرگەڕاو رووی لەولا کرد. ئەوسا گوریسەکەی بینی، کە لە سەر شوێنی خۆی لە سووچی ژورەکە لای پەنجەرەکە بوو.

رۆژی دواتر سەرلە نوێ چووەوە بۆ لەنگەرگاکە. ئەوەندە زوو بوو کە توانی پرینسەن لای فانۆزە دەریایەکە ببینێ. هەوا گەرم بوو. کوڕەکان لە سەر گابەردەکان خۆیان بەر هەتاو دابوو. لاقیان کەوتبووە سەر گژو گیا دەریاییەکان. ئاو لە سەر جەستەی قاوەیی و خزیان وشک دەبووەوە دەبوو بە هەڵم. هەستان و بەرەو شوێنی خۆهەڵدانەکە دەستیان کرد بە هەڵاتن. دەنگی پێکەنینیان دەهاتە گوێ. ئاندریا لە سەر ئەسکەلەکە دانیشت و چاوەڕوان مایەوە. بەرگەکەی بەری ئەوەندە تەنک بوو کە سەرنجی ئەوەی نەدا بەردەوام  لە سەر شانی دەخزێ. مێشولەیەک بە  ئەژنۆوەی دا، بڕیاری دا نەیخورێنێ.کتوپڕ حەزی کرد کە بوفالویش وەک ئەو هەڵە بکاو نەتوانێ گوریسەکە جوان بهاوێ. ئەوسا ئاندریا دەیتوانی گوریسە قورسەکە کە بۆنی قیرو خوێی دەدا، بەرز بکاتەوەو لە ئەسکەلەکەی بئاڵێنێ. تەنیا خۆی و بەس. ئاندریا ئومێدی ئەوەی هەبوو کە بوفالو بیپێکێ، بەڵام حەزی دەکرد کە هەڵە بکا.

گوێی لە هات و هاوارێک بوو. سەرەتا پێی وابوو کوڕەکانن، بۆیە زۆر سەرنجی نەدایە. بەڵام ئەوان نەبوون، پرینسەن تەواو نزیک کەوتبووەوە، بوفالو دەستی لە ئاندریا رادەوەشاندو هاواری لێدەکرد. ئاندریا هەستاو کشایەوە. ئەوسا بوفالو گوریسەکەی هاویشت. هەڵەی نەکرد، رێک پێکای. ئەوسا رایکێشا هەتا پرینسەن لە شوێنی خۆی لەنگەری گرت .

هەندێ دابەزین و هەندێ سوار بوون. بلیتچییەکە یارمەتی پیرێژنێکی دا کە چەترێکی هەتاوی بە دەستەوە بوو. سەهۆڵچییەکە گوێیەکانی داپۆشی و دەستی کرد بە خواردنی پستە. کاپتان چاویلکەکەی بە دەسماڵێک خاوێن کردەوە.

بوفالو پاڵی بە قەراغ کەشتیەکەوە دا، سێ جار گوریسەکەی گرێ دا و ئەوجار سەیری ئاندریای کرد. ئاندریا بە پەلە دەستی خستە سەر تەنافەکە، لە ژێر دەستیدا لەرزی. بە هەموو لەشی هەستی پێدەکرد. ژێر قاچەکانی ختولکەیان دەهات. بوفالو گوتی:

ـ سڵاو.

ئاندریا وشیارو ئارام چووە پێش. هیچی نەگوت.

ـ ئەمڕۆیش لێرەی، وا نیە؟

بوفالو پێکەنی. ئاندریا سەری راوەشاند.

ـ بۆچی مەلە ناکەی؟

ئاندریا تێدامایەوە.

ـ مەلە نازانم.

بوفالو دەستێکی بە ناو چاوانی خۆیدا هێنا، وەک هەمیشە. هەنیەی تەواو سپی بوو، بەڵام بەشەکانی دیکەی روخساری وەک پێستێکی کۆن قاوەیی بوون. دەگوترا کە بوفالو بە پێ چووە بۆ ئامریکاو گەڕاوەتەوە. لەوێ لەگەڵ سوورپێستەکان خەوتووەو بە سواری ئەسپ زۆر شوێن گەڕاوە. هەروەها خاڵ لەسەر هەردوو بازوی کوترابوو و جێ برینێک بە ژێر چاوی چەپیەوە بوو. ئێستا بوفالو لەوێ راوەستابوو وهەردوو دەستی لە سەر قەراغی پاپۆڕەکە بوو، دەستەکانی ئەو بۆنەیان دەدا کە ئاندریا چاوەڕوانی دەکرد، نا رەنگە بۆنی دیکەش بدەن، بۆنی وەک میوە، سێوی تەواو گەیوی بندرەخت لە پاییزدا. بوفالو پرسی :

ـ ناوت چیە؟

بە ئەسپایی گوتی:

ـ ئاندریا.

ـ چەند ناوێکی خۆشە. تا ئێستا لە گەڵ کەس ئاشنا نەبووم کە ناوی ئاندریا بێت.

ئاندریا سەیری کرد. بوفالو پێی پێنەدەکەنی. ئەوسا ژێر چاوی خوراند، وەها کە دەڵێی دەیویست برینەکە هەڵکەنێ.

بلیتچیەکە سێ جار لە زەنگەکەی دا، سێ جار کورت و دوو جار پرمەودا. بوفالو لە حاڵێکدا پەنجەی بۆ ئەسکەلەکە راداشت، گوتی :

ئیتر ئەوەندە لەوێ دامەنیشە.

بوفالو بە توڕەییەوە ئەمەی نەگوت. تەنیا قسەیەک بوو و کردی. ئیتر ئەوەندە لەوێ دامەنیشە. ئاندریا سەری بۆ راوەشاند.

ئەوسا گرێکەی کردەوە. تەنافەکەی گرت و تەکانێکی لێدا، گوریسەکە پێچی خوارد، شەپۆلێک لە بن دەستی بوفالووەوە راخوشاو ئەم سەراوسەری تەنافەکەی کرد. پرینسەن جوڵا. بوفالو هەتا هەتاو لە چاوی ون کرد، دەستی بۆ راوەشاند. یان رەنگە ئاندریا بوو کە ئیتر لەو شوێنە نەدەبینرا، لە لەنگەرگای تانگن بەو جل وبەرگە سپی وناسکەوە، لە ناو روناکایی رۆژدا لە لە یەکەم مانگی هاوینی ساڵی 1964 دا. بۆ دڵنیایی زیاتر ماوەیەکی دیکە دەستی راوەشاند. ئەوسا بە راکردن بەرەو ماڵەوە رۆیشت. بوفالو بینیبووی. قسەی لەگەڵ کردبوو. ئێستا دەیزانی ناوی چیە. بە دەم راکردنەوە ناوی خۆی هاوار کرد. ئاندریا. من ئاندریام.

دایکی و باوکی لە ژەمی نیوەڕۆ ببوونەوە. دایکی لە ژووری دانیشتنەکە لە سەر مۆبلەکە خەوتبوو. دەوریەک ماسی سارد لە ئاشپەزخانە بوو. بەڵام ئاندریا لە جیاتی ئەوە زەڵاتەی خوارد. بە دەست بە بێ ئەوەی بیانشوا. گوێی هەڵخستبوو نەکا دایکی خەبەری بێتەوە. ئارام بوو، زۆر ئارام، وەک جاڵجاڵۆکەیەک. شیری ناو سەلاجەکە ترشابوو، بۆیە ئاوی خواردەوە.دواتر بە داوێنی، دەستی وشک کردەوە.

دواتر چوە سەرەوەو لە لای باوکی دانیشت. باوکی چاوەروانی هەڵفڕینی فڕۆکەیەکی تر بوو. چاویلکەی رەشی لەچاودا بوو، ئەوسا لەتە رۆژنامەیەک بە سەر لووتیەوە. ئاندریا نەویەوە بۆ ئەوەی جوانتر بتوانێ بیخوێنێتەوە: هەرزانترین بەرگی مەلەی هاوینی، تەنیا...، ئەوی تری دڕابوو. بە زۆر بەری بە پێکەنینی خۆی گرت. باوکی بۆ ساتێک دەستی لە نووسین هەڵگرت، لە ژوور چاویلکەکەیەوە لێی روانی.

ـ به چی پێدەکەنی؟

ئاندریا سەری ڕاوەشاند.

ـ بەڵێن بێ بە هیچ.

کتوپڕ فڕۆکەیەک دەرکەوت؛.. سێبەرێکی خۆڵەمێشی کە لە هێڵێکی کەوان ئاسای درێژدا بەردەوام بەرز دەبووەوە. ڕێک بە سەر ئەوان دا تێپەڕی. ئەوسا لە هەورەکانی بەرەو باشور ون بوو و دەنگێکی تۆفان ئاسا دنیای داگرت. باوکی سەیری کاتی کردو لە دەفتەرەکەیدا نووسی. دەستی دەلەرزی. گوتی:

ـ کاراڤێلێن بوو کە بەرەو ستۆکهۆڵم دەڕۆیشت. شەش دەققە زووتر. خۆ بینیت؟

باوکی چاویلکەکانی داناو چاوی خوراند. کاغەزەکەی سەر لوتی کەوتە سەر مێزەکەی نێوانیان. پێستی لوتی شۆرەی کردبوو. چاوەکانی سوور بوون. کۆمێدی دەینواند. ئاندریا کتوپڕ بەزەیی پێدا هات. پرسی:

ـ ئەمڕۆیش دەچن بۆ پیاسە؟

باوکی شانی هەڵتەکاند. بە ئارامی گوتی:

ـ پێم وانیە. دایکت کەمێک نەخۆشە.

ـ نەخۆشە؟

ئێستا ئاندریایش بە ئارامی دەدوا. باوکی لوتی خوراند.

ـ نا، تەنیا...

باوکی بێدەنگ بوو ، سەیری پەنجەکانی خۆی کرد. وەک بڵێی لەبیری کرد چی گوت.

ـ لە لای کانیەکە بە گوریسەکە چی دەکەی؟

ـ دەیهاوم.

باوکی لێی ڕوانی.

ـ دەیهاوی؟

ـ ئا، بۆ کۆتەرەکەی دەهاوم.

ـ ئەمە لە کچ دەوەشێتەوە؟

ئاندریا بێدەنگ بوو.

ـ لەم دنیەدا کەس پەیدا نابێ کە بتوانی هاوڕێی بی؟

ئاندریا زۆر خێرا پرسی:

ـ ئیزنم نیە یاری پێبکەم؟

ـ با، بێگومان. بەڵام دەبێ گوریسەکە لە شوێنی خۆی بێ. وادیارە حەز ناکەی کاتێک ماڵەکە ئاوری گرت، بە تەنافەکە لە پەنجەرەکانەوە خۆمان دەرباز کەین؟

ـ ماڵەکە قەت ئاور ناگرێ!

باوکی پێکەنی.

ـ نا بێگومان. تەنیا گاڵتەم لە گەڵ کردی!

فڕۆکەیەکی دی هەڵفڕی. ڕێک بەرەو هەتاو ڕۆیشت. باوکی ئەویشی نووسی: دال سێ، لەندەن. ئاندریا سەیری هەر دوو دەستی باوکی کرد، کوڵکنێکی زەردو بێرەنگ و لاواز بوون. هەروەها سەیری سەعاتە گەورەکەی. باوکی پرسی:

ـ بزانم دەتوانی بڵێی لە کۆپێنهاگەوە تا تاران چەند سەعاتە؟

ئاندریا نەیدەزانی. باوکی گوتی:

ـ بە کورونادای کۆمپانیای فڕینی سکاندیناڤیا. دەی بیڵێ!

ـ سی سەعات؟

ـ نۆ سەعات و دە خولەک.

ـ ئاندریا چووە سەرەوە بە دزیەوە خۆی کرد بە ژووری دایک و باوکیدا. تەختی خەوەکەیان ئەمڕۆ ڕێک وپێک کرابوو. مەلافەکان شۆرابوون. ژوورەکە بۆنی جگەرەو شوشتنی لێدەهات. سۆلەکانی باوکی لە پاڵ ئینجانەکەدابوون. سیگارێکی نیوە کێشراو لە تەپڵەکەکەی تەنیشت جێگاکەی دایکیەوە بوو. لێوی تەڕو نیکۆتین فیلتەرەکەیان سوور کردبوو. پەنجەرەکە ئاوەڵا بوو، پەردەکان بە ئاستەم دەجوڵان؛ جوڵەیەکی سپی. تەنافەکەی هەڵگرت و بەرەو کانیەکە ڕۆیشت. دەستی کردەوە بە فڕێدانی گوریسەکە.دەبا بچێتە پێشترەوە. زەوی لە ژێریدا شەپۆلی دەدا. زۆربەی مسافیرەکان، دەریا نەخۆشی خستبوون، تەنانەت سەهۆڵچیەکەیش. هەموو حەزیان دەکرد بە زووترین کات بگەنە وشکی. ئاندریا گوریسەکەی هاویشت و پێکای. ڕێک وەک یەکەم ڕۆژ. تا توانی رایکێشاو سفتی کرد، ئەوسا لەو حەڵقە ئاسنیەی ئاڵاند کە لە تەنیشت کانیکەوە بوو. چاوەڕوان مایەوە هەتا مسافیرە تازەکان سوار بوون، کتوپڕ لە پشتیەوە گوێی لە دەنگێک بوو، دەنگی دایکی بوو. سەتڵێکی پێ بوو، راوەستاو داینا. ئاندریا کتوپڕ سەری لێ شێوا. دەیویست پێی بڵێ کە پاپۆڕەکە پڕ بووەو جێگایان نەماوە، جگە لەمە رەنگە وەرگەڕێ. ئاندریا هیچی نەگوت. دایکی لە سەر کۆتەرەکە دانیشت، جگەرەیەکی داگیرساند، مژێکی توندی لێدا، چاوی نوقاندو دوکەڵەکەی بە ئارامی لەو فەزا سەوزەدا بڵاو کردەوە .

ئەوسا چاوی کردەوەو سەیری ئاندریای کرد.

ـ سەیر کە ، جل وبەرگەکەت تەواو پیسە.

ئاندریا وای نواند کە گوێی لە قسەکەی دایکی نەبووە. گوریسەکەی کردەوە. دایکی هەروا دانیشتبوو .

ـ ئاندریا لە گەڵ تۆمە!

ـ ئەمجارەیان ناوی خۆی بە شێوەیەکی دی هاتە گوێ. قورس، وەک هەڕەشە یان بەردێک.

ـ بۆخۆم دەتوانم جوان بیانشۆم.

دایکی ئاهێکی هەڵکێشاو دوکەڵەکە لە گەڵی هاتە دەر .

ــ هەموو رۆژێک دەچی بۆ لەنگەرگاکە، لەوێ چ دەکەی؟

ــ هیچ.

ــ هیچ؟

ــ تەنیا سەیری پاپۆڕەکان دەکەی .

ــ بەڵێ ، بەڵێ. خۆ هیچ مەترسییەکی نیە.

دایکی بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو. فڕۆکەیەکی تر فڕی و لە باشور ون بوو. سیگارەکەی لە ژێر پێڵاوەکانیدا کوژاندەوە .

ــ رەنگە لە پێش ئێوە بڕۆم بۆ شار.

ئاندریا ئاوڕی دایەوە. گوتی:

ــ ئەوەندە لەوێ دامەنیشە !

دایکی کتوپڕ پێکەنی. چەند منداڵانە دەینواند.

ــ چی؟

ــ ئەوەندە لەوێ دامەنیشە !

دایکی بە ئارامی هەستا، تەنیا دوو متر لە یەک دوور بوون. هەردووکیان بێدەنگ. ئاندریا بە هەر دوو دەستی تەنافەکەی راگرتبوو. ئەوەندەی نەمابوو هەوا تاریک بێ. دەنگی باڵندەیەک لە ناو درەختەکاندا. سەرەخسەکان کەروێشکەیان دەکرد. گوێیان لە دورگەکە بوو، شەپۆلەکان کەناریان دەلستەوەو گەمەیان بە گیا دەریایەکان دەکرد .

سەرئەنجام دایکی سەتڵەکەی هەڵگرتەوە.

ــ ئاندریا، دەتوانی کەمێک یارمەتیم بدەی؟

دایکی چووە سەر کانیەکە. ئاندریا سەرەتا دوودڵ بوو، بەڵام دواتر بە پەلە بە دەم دایکیەوە چوو. سەری دارینەی بیرەکەیان لابرد،کەپڕی جاڵجاڵۆکە و قالۆنچە بوو. ئاندریا بە سەر چاڵەکەدا نەویەوە، قوڵ بوو و سەوز دەینواند. ئاوەکە لە خوارەوە بوو، بەڵام دەیتوانی وێنەی خۆی تێدا ببینێ. دایکی سەتڵەکەی بەردایەوە، دوای ئەوەی پڕ ئاو بوو بە هەردووکیان هەڵیانکێشایە سەر. ئاندریا هەستی بە هێزی هەلمژینی چاڵەکە دەکرد. زیاتر داموکایەوە ، ئێستا دەیتوانی بکەوێتە ناوی، ئا، هەر کاتێک حەزی بکردایە دەیتوانی لە گەڵ جاڵجاڵۆکە و قالۆنچەکان بکەوێتە ناوی، کەسیش گوێی لە دەنگی کەوتنی نەدەبوو. سەری بیرەکەیان نایەوە. ئاندریا سڕ ببوو. پرسی:

ــ من هەڵیگرم؟

ــ لە جیاتی ئەمە تەنافەکە هەڵگرە.

دایکی لە پێشەوەو ئاندریا لە دواوە. دایکی تەنانەت نەیهێشت دڵۆپێک لە ئاوەکە بڕژێ .

ــ ئەوەندە ئاو مەبڕێنەوە، دەبێ دەستی پێوە بگرین.

ئاندریا پێی گەیشتەوە.

ــ بۆچی تۆ لە پێش ئێمەدا دەڕۆی؟

دایکی راوەستاو سەری سەتڵەکەی ڕێک کرد.

ــ کارێکم هەیە دەبێ جۆری بکەم، دواتر قسەی لە سەر دەکەین .

باوکی لە سەر پلیکانەی تەنیشت ئاشپەزخانەکەوە دەرکەوت. سەیری کردن. قژی بەرەو دواوە شانە کردبوو. ئەوسا بە ئارامی چووەوە ژوور.

ئەو شەوە ئاندریا خەونی بینی کە ئاو لە بیرەکەدا نەماوە. سەتڵەکەی رادەداشتە خوار، بەڵام بە ئاو نەدەگەیشت. کاتێک شێری ئاوەکەیشی کردەوە، تەنیا ژەنگ و قوڕاوی لێ دەهاتە خوار. هەروەها خەونی بینی کە دوڕگەکە وشکی کردو پرینسەن وەرگەڕاو نیشتە سەر گژو گیاو سەدەفی وشکی بن دەریا.

ئاندریا بە دەنگی باران بە ئاگا هات. باران دەباری. بە پەلە چووە لای پەنجەرەکە. باران. تا چاو لەو شەوە تاریکەدا بڕی دەکرد هەر دڵۆپە باران بوو.دڕکەکان خووسان، چیمەنەکە هەڵاوسا. هەر تاقە گەڵایەکی درەختەکان قورسێکی سەوز بوو لە باراندا. ئێستا ئیتر دەیتوانی جل وبەرگەکەی بشواو، بە ئیشتیای خۆی ئاو بخواتەوە. بە پەلە جل وبەرگی لە بەر کردو چووە خوار. کەسی لێنەبوو. پاشماوەی قاوەڵتی هێشتا لە سەر مێزی ژووری دانیشتنەکە بوو. تۆخڵی هێلکە لە سەر روومێزیی شین. کلینیکسێکی گرۆڵەکراو. کۆپی قاوەی ساردی دایکی هەر لەوێدا بوو، تامێکی کرد. نەیتوانی بیخواتەوە. ڕۆژنامەیەک لە سەر زەوی. لە مێژ بوو خەوتبوو؟ داخۆ هێشتا هەر لە خەودا نەبوو؟ گرنگ نەبوو، گرنگ ئەوە بوو کە سەری وەخت گەیشتبووە لای پرینسەن. رەنگە توانیبای چەترێکی رەشی پیاوانە لە باوکی قەرز بکات. هەتاو زەحمەت، بەڵام باران ئارامی بوو. باران ئازادی بوو. چی پێ خۆش بوو دەیتوانی ئەنجامی بدا. دەیتوانی بە بەرگە پیسەکەیەوە بچێتە بەر باران هەتا خاوێن دەبووەوە. بەڵام هەر ویستی بچێتە دەر، کتوپڕ دایکی پەیدا بوو و بەر دەرگاکەی لێگرت .

ــ بۆ کوێ دەچی؟

ئاندریا راوەستاو سەیری کرد. دایکی تەڕ نەبوو. دەبێ لەبن کەپرەکەدا راوەستابێ.

ــ لەنگەرگا.

دایکی بزەیەکی کردو لێی نزیک کەوتەوە.

ــ لە بیرت چووە ئاندریا؟

کتوپڕ ئاندریا ترس دایگرت. بەرەو دواوە کشایەوە. چرپاندی:

ــ چی؟

باوکیشی هات. روخساری تەڕی باران بوو. قژی دەڵێی لە گەڵ ئاوی باران دەهاتە خوارێ. دایکی سەیری کردو پێکەنی .

ــ لەبیری کردووە. دەڵێی حەز بەم وەزعە دەکا.

باوکی خەریکی خۆ وشککردنەوە بوو.وتی.

ــ دەی بیری بێنەوە.

دایکی لە سەربەردەم ئاندریادا هەڵتروشکاو دەستی خستە سەر شانی.

ــ تۆ فێری مەلە دەبی. قوتابخانەی مەلە لە ئەمڕۆوە دەست پێدەکا.

ئاندریا لە دایکی راما. باوکی بە خاولییەک سەری وشک دەکردەوە. ئەوسا گوتی.

ــ دەبارێ.

ــ گرینگ نیە، برۆ بەرگی مەلەکەت ئامادە کە، هەر ئێستا.

ئاندریا دووپاتی کردەوە.

ــ دەبارێ.

دایکی تاقەتی نەما. لێوی تەکانێکی خوارد. تاپۆی ئاهێک لە چاوەکانیدا بوو.

ــ بە هەرحاڵ تەڕ دەبی، وا نیە؟ دەتوانی خاولیەکەی من لە گەڵ خۆت ببەی.

ئاندریا سەری دانەواندەوە. چرپاندی.

ــ حەزم لێی نیە.

ــ حەزت لێی نیە؟ حەز دەکەی یەکەم کەس بیت کە مەلە نازانێت؟

ئاندریا چاوەکانی نوقاند. ئیتر فریای پرینسەن نەدەکەوت. ئیستا ئیتر بوفالو دەبا بە تەنیا گوریسەکە بهاوێ. جا ئەگەر نەیپێکا چی؟ گوتی :

ــ ناتوانم.

ــ چ دەڵێی، ناتوانی؟

ــ هەر ئێستا نانم خواردووە.

ــ دڵنیام کە نەتخواردووە. ئێستا دەڕۆین.

دایکی جانتاکەی هەڵگرتبوو. جانتاکە خاولی و تەرمۆسە و کەل و پەلی مەلەی تێدا بوو. باوکی لە پاڵ دایکیەوە رێی دەکردو چەترەکەی بۆ راگرتبوون. باران باوکی دەگرتەوە. حەزی دەکرد لە گەڵیان بچێ. تا ئێستا قەت نەچووبووە کەناری دەریاکە. ئاندریا بە بیری نەدەهات کە مەلە کردنی باوکی بینیبێ. دایکی دەستی ئاندریای گرتبوو، وەک بڵێی لەوە دەترسێ کە ئاندریا لە دەستیان راکا. گوتی:

ــ بیر بکەوە، ساڵێکی تر ئەم کاتانە جوان مەلە فێر بووی.

ئەوانی دی هاتبوون. لە ناو ئاوەکە راوەستابوون، لە سەرمانا کوڕ ببوونەوەو هەڵدەلەرزین. چوار کچ و کوڕێک بوون. سێبەرە شینە تەزیوەکانی نێوان باران و قوڵایی.

ئاندریا پرینسەنی بینی کە لەو دیو بارانەوە رادەخوشی و دوور دەکەوتەوە. بوفالو وەک هەمیشە پاڵی بە قەراغ پاپۆڕەکەوە دابوو. جلیقەیەکی سەوزی لەبەردا بوو. بوفالو ئاندریای نەبینی، چونکە نەیدەزانی کە لەوێیە. ئاندریا ئەوەندەی نەمابوو کە دەست هەڵبڕێ ولێی رابوەشێنێ، لە جیاتی ئەمە خێرا دەستی خستە پشتیەوە.

دایکی رووی تێکردو بزەیەکی هاتێ.

ـ کەسیان لێ دەناسی؟

ئاندریا بە سەر گوتی نا. دوڕگەیەکی گچکە پرینسەنی لە چاو ون کرد.

چووە ژووری تایبەتی جل گۆڕین. بەئارامی خۆی گۆڕی. ناوەکانیان بە دیوارەکەوە بوو. هەندێکیانی لەبەر خۆیەوە گوتەوە. تاقەتی نەما، سەیری ئەولای کرد. بۆنێکی وەک ژووری خەوی دایک و باوکی کاتێک هەواکەیان نەدەگۆڕی، یان بۆنی ئاودەست، شەوانە. پاکەتێکی بەتاڵی جگەرەو سەرە بیرەیەک لە سەر عەرزەکە کەوتبوون.ماسکێکی مەلەیان لەبیر کردبوو. شووشەکەی قەڵەشیبوو. رەنگە کەسێک ئیتر حەزی لێنەمابوو و لەوێ فڕێی دابوو. ئاندریا لە سەری کردو دانیشت. ئاندریا گوێی لە دەنگی فیکەیەک بوو. کەسێک لە دوورەوە فیکەی لێدەدا. دەرگاکە کرایەوە، دایکی بوو .

ـ زووکە!

ئاندریا لە پشت شووشەی ماسکەکەوە سەیری کرد. دایکی ماسیەکی بچوکی بن دەریا بوو، کە لە ناو کابینی پاپۆڕێکی نوقم بوودا هەستابووە سەر کلک.

ـ ئەی خوایە، ئەوە خەریکی چیت؟

ـ کەمەربەندی مەلەکەم نەبەستووە.

دایکی هەڵیستانە سەرپێ، ماسکەکەی لە سەر داکەندو کەمەربەندەکەی بۆ بەست. گرێکەی سەر پشتی وەک سنجاق دەچوو بە پێستیدا.

ئەوسا چوو بۆ کەنار ئاوەکەو دوور لەوانی دی راوەستا. ئاندریا لە هەموویان گەورەتر بوو. خێرا سەیرێکی یەکتریان کرد، هەولێکی بزە بە سەر لێویانەوە بوو. ئەو لێوە شینانەی کە قسەکردنیان لە بیر چووبووەوەو لە ناو دەمیاندا بزر ببوو.دایک و باوکەکان بلوزی گەرم و بارانی و دەسکێش و چەکمەیان لە بەردابوو. چەتر بە سەر سەرەوە لەولاترەوە راوەستابوون. قاوەیان دەخواردەوە، جگەرەیان دەکێشا، منداڵەکانیان هان دەداو پێدەکەنین. مامۆستاکەیان بەرگێکی مەلەی زەردی لەبەردا بوو کە لە ژێر بارانیە روونەکەیەوە دەبینرا. فیکەیەکی بە ملەوەو دارێکی تایبەتی بە دەستەوە بوو. بە دارەکە پاڵی بۆ ناو ئاوەکە پێوە دەنان. یەک بە دوای یەکدا . ئاندریا هەستی بە دارەکە کرد کە وەبەر شانی کەوت. خۆی بە ئاوەکەدا دا. سەرما هوروژمی بردە ناو جەستەی. تەزویەکی سەرما لە نوکی پەنجەیەوە تا تەوقی سەری جەستەی بڕی. دەنگی نە زۆر زوڵاڵی مامۆستاکەی دەبیست.خۆ هەڵدەن، دەی دەست و پێ سپیانە! دایک وباوکەکانیش لەولاوە پێدەکەنین. ئاندریا خۆی بەو ئاوە ساردو خۆڵەمێشیەدا دەدا. شەپۆلێک لە دەموچاوی درا، بۆ ساتێک نەیتوانی هەناسە هەڵکێشێ. بە پەلە دەست و پێی لێدا. قیژاندی و خۆی راست کردەوە، ئەوسا تێگەیشت کە هێشتا لە شوێنە نزمەکەدایە. ئاوەکە تا ئەژنۆی دەهات. کەمەربەندی مەلەکە قورس بوو و بە جەستەیدا دەچەسپی. گرێکەیشی لە پشتی دەچەقی.

مامۆستاکەیان هەڵتوتاو لە ناو باراندا هاواری لێکردن .

ـ زیاتر مەلە بکەن، ئێستا ئیتر لە ناو وانی حەمامدا نین.

ئەوسا بە دارەکەی دەستی بەرەو شەپۆلەکان پاڵێکی بە ئاندریاوە نا، ئاندریا چاوی نوقاندو کەوت، رێک وەک باڵندەیەک کە دەپێکرێ. هەستی کرد لە ژێر ئاوەکەدا گوێی لە دەنگی ماتۆرە، تا رادەیەک خۆش بوو. حەزی کرد کە زیاتر بڕوا، بەرەو ئەو شوێنەی کە کەس دەستی نەگاتێ. هەولی دەدا دەست وقاچ لێبدا. ئەوسا هەستی بە قولاپی داری مامۆستاکەی کردەوە کە لە کەمەربەندی مەلەکەی گیری کردو بەرەو دواوە بۆ قەراغ ئاوەکە رایکێشایەوە. دایکی خاولیەکەی تێپێچا، پێنجەکەی دیکەش هەروەها لە خاولیەوە پێچران. پێنج روخساری سپی کە لە سەرمانا هەڵدەلەرزین و بۆ جارێکی دی سەیری یەکیان کردەوە. تەنیا یەک نیگا، ئەویش لە کاتێکا کە دایکەکانیان بێ بەزییانە وشکیان دەکردنەوە، وەها کە لەشیان دەهاتە ژان. باوکەکانیش لەولاوە بە دەم جگەرە کێشانەوە خەریکی دانی پارەی شەش سەعات راهێنانەکە بوون. باوکی چەندین جار پارەکەی ژماردەوە.

بەم شێوەیە ڕۆژانی ئەم حەفتەیە تێپەڕین بێ ئەوەی ئاندریا بتوانێ سەردانێکی پرینسەن بکا. بەردەوام دەباری، کەمەربەندی مەلەکە قورستر ببوو. هەروەها گرێکەی سفت و سفتر ببوو، ئاوی دەریایش لە هەموو کاتێک ساردتر. تەنیا کوڕی ناویان، یەکەم کەس بوو کە وازی هێنا. کەس هیچی نەگوت کاتێک کە لە ئاوەکە چووە دەرێ و کەل و پەلی خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت. کەمەربەندی مەلە بە دەستەوە، ملێکی سپی و چەماوە باریکتر لە پەت، تەنیا و بێدەنگ. دایک و باوکەکان بەرە بەرە تاقەتیان لێبڕابوو، ئەوەندە نەدەهاتن، بە کاری دیکەوە سەرقاڵ بوون. ئیتر تەنیا مامۆستاکە بوو کە لەوێ رادەوەستا. ناوچاوترشاوو بێ تەحەمول. پەیتا پەیتا جگەرەی دەکێشا، دەیقیژاندو بە کەرەسەکەی دەستی بە توندی پاڵی پێوە دەنان، وەها کە دەکەوتنە ژێر ئاوەکەوە.ئاندریا دەستی شین هەڵگەڕابوو و پشتی ڕێک لە شوێنی گرێکەدا کە دەستی نەدەگەیشتێ، چاڵی تێکەوتبوو.

ئاخر ڕۆژ مامۆستاکەیان لە ئەسکەلەکە هاتە خوارێ، پێڵاوو گۆرەویەکانی داکەند، بەرگی راهێنانی ناو ئاوی لەبەر کرد، کەرەسەکەی وەک گۆچان بەدەستەوە گرت و بەرەو ناو ئاوەکە ئاژوت. هاواری کرد:

ـ کەمەربەندی مەلەکانتان ببەستن، بەرەو ئەولا دەڕۆین. ئیتر ئەمە گاڵتە نیە!

دەبا بۆ کردنەوەی گرێی کەمەربەندی مەلە یارمەتی یەکتر بدەن. هێشتا هەر باران دەباری و نیازی خۆش کردنەوەی نەبوو. پەنجە سپی و شینە هەڵگەڕاوەکانیان پیرەڵۆک ببوون. تەزی بوون و دەست و پێیان لێدەدا، پاشان راوەستان. رووت بوون. مامۆستاکەیان فووی لە فیکەکە کرد. دیسان هەموویان وێکڕا خۆیان لە ئاوەکە هاویشت. ئەمجارەیان بە مەلە ڕۆیشتن. توانیان. ئاندریا مەودایەکی کورتی بڕی، بەڵام لەوە زیاتری نەیتوانی، بۆیە بە مەجبوور قاچی خستە سەر زەوی و وای نواند کە هێشتا هەر بە مەلە کردن دەڕوا. کتوپڕ هەستی بە داری مامۆستاکە کرد.

ـ قاچت بەرز بکەوە فێڵەباز! ناتوانی من بخەڵەتێنی.

ئاندریا هەستایەوەو جارێکی دی خۆی دایەوە بە ئاوەکەدا. مامۆستاکە هەوڵیدا ئاندریا راوەستێنێ، بەڵام جوڵەی ئاندریا بوو بە هۆی ئەوە کە مامۆستا چیدی خۆی رانەگرێ و بە پشتدا بکەوێ. بە کەوتنی ئاوێکی زۆر هەڵپڕژا. ئاندریا بێ ئەوەی کە تەنانەت بۆ جارێکیش لابکاتەوە، کەل و پەلەکەی هەڵگرت و بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت.

باوکی بە بارانیەوە لە سەر هەیوانەکە راوەستابوو. کورسی دارینەکە بەتاڵ بوو. بەرگی مەلەی دایکی لەوێ نەمابوو. ئاندریا راوەستا. باوکی سەیری دەفتەرەکەی کرد. دڵۆپە باران پەڕەکانی تەڕ کردبوو. بە ئارامی گوتی:

ـ فڕینێکی زۆر دوا کەوتوون. هی هەوا ناخۆشیە. دۆخێکی سەختە.

ـ دایکم لە کوێیە؟

ـ لە ژووری خەوە. لێی تێک مەدە!

باوکی قەڵەمەکەی تاشی. بەڵام نووکەکەی بە دەستیەوە شکا. هە بۆیە سەر لە نوێ تاشیەوە.ئاندریا پرسی:

ـ ئێمە قیرمان هەیە؟

ـ قیر؟ رەنگە لە پەناگاکە هەمانبێ.

باوکی بۆ ساتێک لێی روانی، بزەیەکی هاتێ.

ـ فێری مەلە بووی؟

ئاندریا بە سەر وەڵامی دایەوە.

ـ زۆر چاک!

باوکی سەرلە نوێ سەرنجی چووە سەر دەفتەرەکەی. دەنگی فڕۆکەیەک لە ناو باراندا ون دەبوو. ئاندریا کەمەربەندی مەلەکەی لە سەر کورسیە دارینەکە هەڵخەست و چووە قاتی سەرەوە. لەوێ لە بەردەم ژووری خەوی دایک و باوکی دا راوەستا. گوێی لە دەنگی پێ بوو. ئاندریا لە کونی کلیلەکەوە سەیری کرد. دایکی جانتای دەپێچایەوە. کراسێکی جوانی قەد کردو بە ئارامی خستیە ناو جانتاکەیەوە. سێ جووت پێڵاوی لە ناو کۆمۆدەکە دەرهێناو دوای ئەوەی لە نایلۆنێکی کردن، خستنیە ناو جانتاکەیەوە. بەرگی مەلەکەیشی تەپاندە ناو جانتاکەوە، بەڵام دەسبەجێ دەریهێنایەوەو جوان سەیری کرد، ئەوسا فڕێی دایە ناو ئەو سەبەتەوە کە لە پاڵ مێزی شوشتنەکەدا بوو. سیگارەکەی لە ناو تەپڵەکەکەدا هەڵگرت و مژێکی توندی لێدا. دواتر جانتاکەی داخست. لەسەر تەختی خەوەکە دانیشت و جگەرەکەی تا دوا مژ کێشا.

ئاندریا نەچووە ژوور بۆ ئەوەی گوریسەکە بێنێ، دەیتوانی سبەی قیری لێبدا. ئا سبەینێ، کاتێک کە لەلای بوفالو بوو. گەرچی زوو بوو، چووە ژوورەکەی خۆی و پاڵ کەوت. هێشتا نیوەڕۆ بوو،یان رەنگە شتێک لە نیوەڕۆ لایدابوو. ئەگەر لێیان بپرسیایە، دەیگوت کە نەخۆشە، دەیگوت کە ئەو یەک حەفتەیە ئەوەندە لە ناو ئاوی ساردی دەریادا راوەستاوە کە تای گرتووە، یان دەیگوت کە پشتی دێشێ، ئەوسا دەیتوانی هەموو شوێنە شین هەڵگەڕاوەکانی لەشی پیشان بدا. بەڵام کەس نەهات، هیچ چرپەیەک نەدەهاتە گوێ، تەنیا دەنگی باران بوو و بەس کە لە سەقفەکەی دەدا. باران خوڕ خوڕ  بە سەر سەقف و پەنجەرە و درەختەکاندا دەباری. ئاندریا ئارام خەو بردیەوە.

کە خەبەری بووەوە لە سەر تەختەکە دانیشتبوو و وڕێنەی دەکرد. ئەو وشانەی دەگوتەوە کە لە ژووری خۆگۆڕینەکەدا کوڕەکان لە سەر دیوارەکان هەڵیانکەندبوون، جا رەنگە بە چەقۆ یان بە لەتە شیشە هەڵکەندرابوون. روخساری لە لێفەکەدا شاردەوە. بڵێی کەس گوێی لە هات و هاواری بووبێ؟ دنیا بێدەنگ بوو. باران نەدەباری. لێفەکەی فڕێ دا، رەنگە تەنیا لە دەروونی خۆیدا هاواری کردبێ. ئەوسا بەستەیەکی بینی کە لە سەر مێزەکە دانرابوو. کردیەوە، سەعاتێکی تێدابوو. سەعاتێکی سوور کە دەسبەندەکەی پلاستیک بوو. لە سەر شوشەی سەعاتەکە شتێک نووسرابوو، خوێندیەوە: واتێر پرووف. نە لە مانای وشەکان گەیشت و نە زانی بۆچی ئەم دیاریەی بۆ هاتووە. ئەمڕۆ، رۆژێکی ئاسایی بوو، سێی ئۆگۆستی 1964،  دوازدە دەقەیش لە دە لایدابوو.

بە راکردن چووە خوار.باوکی لە هەیوانەکە نەبوو. دەفتەرەکەی بینی کە تەڕو خوساو لەوێ کەوتبوو، وەها کە نەدەخوێندرایەوە. کەمەربەندی مەلەکە هەر لە شوێنی خۆی بوو. دەنگی دایکی نەدەهات. نە زۆر بەرز بانگی لێکردن. وەڵامێک نەبوو. ماوەیەک راوەستا. هەوا ساردو روون بوو. گەڵای تیژی درەختی کاجەکەی بە ئاسانی بۆ دەژمێردرا کە لە پاڵ داری ئاڵاکەدا بوو.با، دەریای تووڕە کردبوو. لەوە زیاتر نەیتوانی راوەستێ. بیست و پێنجی دەویست بۆ دوانزە. کۆتێکی کۆنی هەبوو، لەبەری کردو بەرەو لەنگەرگاکە رۆیشت. ئێستا سەعاتی هەبوو و پێویستی بە پەلە کردن نەدەکرد.

ئاندریا بوفالوی بینی کە گوریسەکە بە دەستیەوە بوو و لەوێ راوەستابوو. پرینسەن دەحەسایەوە. بوفالو تەنافەکەی هاویشت. قیری گوریسەکە بە دەوری خۆیدا پژاو. بوفالو جارێکی دی پێکای. لە حاڵێکدا بوفالو تەنافەکەی سفت دەکرد، ئاندریا بەرەو لای رۆیشت. گوریسەکە کیرەی دەهات. بوفالو دەسکێشی لە دەست و ملپێچی لە ملدا بوو. لە ئاندریای روانی.

ــ سڵاو ئاندریا، ئەوە بۆ ئەم ماوەیە دیار نەبووی؟

ئاندریای لە بیر نەکردبوو.

ــ خەریکی فێربوونی مەلە بووم.

مسافیرەکانی ئەمجارە زیاتر بوون لەوانەی کە دابەزین. پایز بەڕێوە بوو. سەهۆڵچیەکە پشتی لەوان بوو. ئاندریا پرسی:

ــ بۆچی تۆ قیر لە گوریسەکە دەدەی؟

ــ لەبەر ئەوەی کە نابێ دوکەڵی بەر کەوێ.

بلیتچییەکە زەنگەکەی لێدا.

بوفالو سەیری ئاندریای کردەوە.

ــ فێری مەلە بووی؟

ــ تا رادەیەک.

بوفالو پێکەنی.

ــ یا دەتوانی مەلە بکەی، یان ناتوانی. لەمە زیاتر نیە.

بوفالو تەنافەکەی خستەوە ناو پاپۆڕەکە. پرینسەن وەڕێ کەوت و بوفالو دەستی هەڵبڕییەوە. ئەویش دەستی لێ راوەشاند. بەڵام شتێک بووە هۆی ئەوە کە لابکاتەوە. رەنگە هۆیەکەی ئەوە بوو کە بلیتچییەکە جارێکی دی دەرگای پاپۆڕەکەی کردەوە.ئاندریا لای کردەوە، رێک هەر لەو کاتەدا کە گوێی لە دەنگی بوو، بینیشی. دایکی بە راکردن سوار پاپۆڕەکە دەبوو. بەدەم راکردنەوە جانتاکە لە رانی دەدراو دەستەکەی تری رادەوەشاندو هاواری دەکرد. ئاندریا هەموو ئەمانەی بینی: دایکی، کە دەیویست بگاتە پاپۆڕەکە، شوێنی خۆهەڵدانی ناو ئاوەکە، بوفالو کە گوریسەکەی لە دەوری قۆڵی دەئاڵاند. ئاندریا پرینسەنی بینی کە ئارام بەرەو دواوە دەکشا،هەروەها دەنگی هاوارهاواری دایکی و ئەو پێکەنینەی کە لە ژووری خۆگۆڕینەکەوە دەهات. ئاندریا بەرەو ژوورەکە هەڵات و لەوێ خۆی شاردەوە. لە پشت سندوقە پۆستیەکان هەڵتروشکا. دایکی نەیبینیبوو. ئێستا ئیتر دایکی راوەستابوو و هەناسەی تازە دەکردەوە. جانتاکەی دانابوو. چاویلکەی رەشی لە چاودا بوو. چوار دەققە لە یازدە لای دابوو. دەرگای چوونە ژوورەوەی پاپۆڕەکە خەریک بوو تەواو دەکرایەوە. بوفالو دەستی بەرز کردەوە، تەکانێکی لە دەستی دا، بەڵام دوودڵیەک دایگرت، ئاندریا سەرنجی راکێشاو ئیتر کاتێک گوریسەکەی هاویشت، نەیتوانی بیپێکێ. ئاندریا هەستایە سەر پێ، دوودڵ بوو، بەڵام بڕیاری خۆی دا. ئەوەی کە ئێستا رووی دا کەس ناوێرێ بیگێڕێتەوە. هەموو شتێک زۆر خێرا رووی دا. بلیتچییەکە دەیگوت کە قاچی لە گوریسەکە گیراوەو لەتری داوە، کاپتانەکە گوتبووی کە هەڵخلیسکاوە، چونکە یەک حەفتەی تەواو باران باریبوو و لەنگەرگاکە تەواو خز ببوو، سەهۆڵچیەکەیش تا ئێستا هیچی نەگوتووە. بەڵام ئاندریا بە پەلە چووبوو بۆ ئەوەی کە سەری گرێ دراوی گوریسەکە بخاتە شوێنی خۆی. ئاندریا دەبا کارەکە رێک و پێک بکا، چونکە بوفالو بە هەڵە هاویشتبووی. دایکی بینیبووی. سەری سووڕمابوو و قیژاندبووی، رێک پێش ئەوەی کە رووداوەکە رووبدا. کاتێک ئاندریا نەوی بووەوە بۆ ئەوەی گوریسەکە هەڵبگرێتەوە، بوفالو بەرەو خۆی رایکێشابوو. ئاندریایش بەری نەدابوو، چونکە دەیویست کارەکە بە رێک و پێکی بچێتە پێش. ئەوسا گوریسەکە ئاندریای راکێشابوو و کەوتبووە ناو دەریاکەوە، ناو ئەو دەریا رەش و تۆفانی و پڕ گێژەنەوە .

پێنج رۆژ لە خنکانی ئاندریا تێپەڕیبوو. بوفالو گوریسەکەی بەسەر شانەوە بوو و لە سەر گابەردەکانی قەراغ دەریا خەریکی پیاسە بوو. خانووە هاوینیەکە لە دوورەوە دیار بوو. پەنجەرەکانی تەختە کرابوون. جانتایەک هێشتا لە لەنگەرگای تانگەن Tangenبوو. لە شوێنێکی قوڵی کەنداوەکە، کات هێشتا بەردەوام بوو.

لە کتێبی DEN MISUNNLIGE FRISØREN وەرگیراوە.

فەڕۆخ نێعمەتپوور

info@qelem.com

The Iranian Kurdistan Association Of Pen

***

ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران

TORIL BREKKEتوریل برێککە

توریل برێککە لە ساڵی 1949 لە ئۆسلۆ لە دایک بووە. یەکەم رۆمانی خۆی لە ساڵی 1976 بە چاپ گەیاندووە. خاوەنی کۆمەڵێک رۆمانە. هەروەها لە بواری ئەدەبی منداڵانیشدا کار دەکا. چیرۆکی گوڵی جاکاراندا، چیرۆکێکی تا رادەیەک تایبەتە. توریل لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لە گەڵ کۆمەڵێکی دیکەی ژنانی نووسەر ئەو پێشنیارەیان پێ کرا کە کۆمەڵێک چیرۆک لە سەر دۆخی ژنان لە هەموو بەشەکانی دنیادا بنوسن. هەر بۆیە داوای لێکرا کە بچێ بۆ کێنیا. گوڵی جاکاراندا بەرهەمی ئەو سەفەرەیە( لە گەڵ یازدە چیرۆکی دیکە). توریل هەروەها تێکۆشەرێکی بواری مافی ژنانیشەو لە بواری مافی نووسەرانیشدا چ لە جیهان و چ لە نۆرویژ مرۆڤێکی چالاک و ماندوویی نەناسە.

گوڵی جاکاراندا

لە رستورانی دلاوارەی Delaware شەقامی هاری توکو Harry Thuku لە نایروبی دانیشتووم. چاوم لێیانە، لەبەر زانکۆوە لە جادەکە دەپەڕنەوە. رایمۆند Raymond شەڵواری لی و کراسێکی سووری لەبەردایە و ئوشولایش Ursula ئەزیزیەکی شینی ئاسمانی. ئیشارەتیان پێ دەدەم. ئەوانیش هەروەها. ئەوەندەی پێ ناچێ کە دەگەنە لام. لێیان دەپرسم کە داخۆ برسییانە یان نا. برسییان نیە. هەرسێکمان ئاومیوە دەخۆینەوە. ئاناناس بۆ من و ئاو پرتەقاڵیش بۆ ئەوان .

لە رێگای دۆستێکی هابەشەوە لە گەڵیان بووم بە ئاشنا. ئوشولا منی بۆ ماڵی خۆیان دەعوەت کردووە. کە لە خواردنەوە بووینەوە، دەبێ سوار ماشین بین و بەرەو کیامبو Kiambu وەڕێ کەوین. باسی زانکۆم بۆ دەکەن. ئوشولا ماتماتیک دەخوێنێ و رایموندیش زمان.

ـ چ زمانێک؟

ـ ئینگلیزی و سپانیایی. دووایی حەز دەکەم زمانی عەرەبیش بخوێنم.

کێنیاییەکان لە زانینی زماندا زیرەکن. گەلێک منداڵی بچوکم بینیوە کە جگە لە زمانی زگماکی، دەیانتوانی بە زمانی سواهیلی Swahiliو ئینگلیزیش قسە بکەن.

رایمۆند بە شەوقەوە باسی ئەوەم بۆ دەکا کە چۆن لە نایروبی کتێبی ئینجیلی بینیوە. لە گوندەکەی خۆیان کتێب بە دەگمەن دەست دەکەوت. ئوشولا دەڵێ حەزی بە خوێندنەوەیە.

بە بزەوە سەیری یەکتر دەکەن. دوو گەنجن لە سەرەتای تەمەنی بیستساڵییاندا. لە منداڵییەوە یەکتر دەناسن. کە چوونە زانکۆ، بوونە دەسگیرانی یەکتر. بەڵام بۆ زەماوەند کردن چاوەڕوانی کۆتایی زانکۆن.

رایمۆند دەڵێ:

ـ بە شێوەی مەسیحیەکان زەماوەند دەکەین.

مەبەستی ئەوەیە کە تەنیا ئوشولای دەوێ. تەنیا یەک ژن. ئوشولا بە شەرمەوە سەیری بەردەمی خۆی دەکا .

رایمۆند درێژە بە قسەکانی دەدا:

ـ دەمەوێ پیاوێکی مودێرن بم. ژنێک و ئیدی نە منداڵی زۆر. رەنگە سێ یان چوار. دەبێ شێوەی دایکیشیان بدەن.

ئوشولا بە شەرمەوە پێدەکەنێ. سەیری روخساری جوان و خاوێنی دەکەم. دەمی غونچە ئاسای. چاوانی بادامی. قژی رەشی کە پەخشانی کردووە. ئەوسا سەیری لە خۆبایی بوونی کوڕانەی رایمۆند، کاتێک لە سەر دەسگیرانەکەی دەدوێ.

لێیان دەپرسم چۆن خەرجی خوێندن دابین دەکەن. رایمۆند لە وەڵامدا دەڵێ: یارمەتی لە دەوڵەت وەردەگرین. هەروەها بنەماڵەکەیشمان یارمەتیمان دەدەن. دایک و باوکەکان، براکان، مام و خاڵەکان... کاتێک کە تەواو بووین دەبێ ئێمەیش یارمەتی ئەوانی دیکە بدەین کە دەیانەوێ لە داهاتوودا بخوێنن.

ئوشولا دەڵێ دایک و باوکی من موشکیلەیان هەیە. برایەکم هەیە کە زۆرم یارمەتی دەدا، بەڵام ئێستا ژنی هێناوە، بۆیە چیدی ناتوانێ یارمەتیم بدا.

رایمۆند دەڵێ ئوشولا سێ رۆژی هەفتە دوا نیوەرۆیان لە رستورانێک کار دەکا .

ئوشولا لە درێژەی قسەکانی رایمۆنددا دەڵێ رایمۆندیش بڕێک یارمەتیم دەدا.

دواتر باسی خەونەکانی خۆیانم بۆ دەکەن. حەزیان بە سەفەری دەرەوەی وڵاتە... ئەورووپا، ئامریکا. رەنگە رایمۆند بتوانێ وەک وەرگێڕێک کار پەیدا بکا. هەروەها باسی ئەوەم بۆ دەکەن کە ئوشولا مرۆڤێکی واقع بینە و...

رایمۆند دەڵێ ئوشولا زیرەکە.

ئاومیوەکانمان خواردووەتەوە. کاتی ئەوە هاتووە کە وەڕێ کەوین. داتسۆنێکی زەردم بە کرێ گرتووە. شووشەکەی پێشەوەی درزێکی تێدایە. تا من ماشینەکە هەڵدەکەم، ئەوان ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەن. کە ئوشولا سوار بوو، بینیم کە جاکاراندایەکی شینی بە دەستەوەیە. بەدەست ماڵئاوایی لە رایمۆند دەکەین. لە ئاوێنەکەوە جوان سەیری دەکەم، تا لێی دوور کەوتینەوە سەیری کردین. ئەوجا لە جادەکە پەڕییەوەو بەرەو زانکۆ رۆیشت. گەرایەوە بەرەو ئینگلیزی و سپانیایی و رەنگە دواتریش عەرەبی.

لە شار دەچینە دەرێ. گەرمە. شووشەکان دادەدەینەوە. درەختە رەنگینەکان بە میوە جۆراوجۆرەکانیانەوە لە سەر رێگامانن. ئوشولا بێدەنگ دانیشتووە. گوڵەکە لە باوەشیدایەو بە دەست دەیلاوێنێتەوە. بیر لە عەشق دەکەمەوە، لە سۆز و خۆشەویستی، لە بروا و متمانە کردن بە یەکتر.

بە درێژایی رێگا ئەو ژن و منداڵانەن کە کۆڵە چیلکەیان پێیە. مەزرا گەورەکان بە خانوو و رێگاکانیانەوە جێ دێڵین. هەروەها ئەو ژووورە کاتیانەی کە تایبەتن بەو کرێکارانەی کە لە مەزراکان کار دەکەن. دوای نیو سەعات دەگەین. بەرەو جادەیەکی پڕ چاڵ و چۆڵی خاکی لادەدەین. ئەم بەراوبەری جادەکە دڕکستانێکی چڕو پڕە.

ئەوەندەی پێ ناچێ دەگەینە شوێنی مەبەست. پێنچ شەش قۆخێک بە دەوری یەکترەوەن و حەوشەیەک لە بەینیاندایە. لە گەڵ ئێمە ژنێکی دی دەگاتە حەوشەکە. چەقۆیەکی گەورەی بە دەستەوەیە. لە گەڵ ئوشولا چاک و خۆشی دەکەن. منی پێ دەناسرێم. دەستی لە گەڵ لێ دەدەمەوە. باوەژنی ئوشولایە. ئەوسا دەچینە ژوورەوە. دایکی ئوشولا دەبینم. راکشاوە. لەشی ساغ نیە. بە زەحمەت هەڵدەستێ. بە وردی سەیرم دەکا. ئەوسا بە ئارامی بە زمانێک لە گەڵ کچەکەی دەدوێ کە من تێی ناگەم. هەست بە کێشەیەک دەکەم. بڵێی دایکی لەوە تورە بێت کە ئوشولا بە بێ پرس میوانی لە گەڵ خۆی بردووەتەوە. هەست دەکەم کاتی ئەوە هاتووە ئەو دیاریەی لە گەڵ خۆم هێناومە، بیاندەمێ.

ئوشولاو دایکی بۆ ماوەیەکی درێژ پێکەوە قسە دەکەن. منیان لە بیر نیە. دەنگی ئوشولا ئەوە دەڵێ کە رێزی تایبەتی بۆ دایکی هەیە. هەر لەو کاتەدا هەست دەکەم کە بەرامبەر بە قسەکانی دایکی رادەوەستێتەوە. سەرئەنجام بێدەنگ دەبن. ئەوسا دایکی تەوقەم لە گەڵدا دەکا.

ـ جامبو.

منیش بە زمانی سواهیلی بە شەرمەوە دەڵێم

ـ جامبو.

ئوشولا دەڵێ دەبێ بچێ بۆ جێگایەک. دەبێ چاوی بە یەکێک بکەوێ. نازانێ بۆچی، بەس دایکی پێی گوتووە دەبێ بچێ. رەنگە ماوەیەکی درێژ لە لای دایکی بمێنمەوە تا دەگەڕێتەوە. بەڵێنی دا زوو بگەڕێتەوە .

ئوشولا لە ناو درەختەکان ون دەبێ. دایکی بۆ دانیشتن چوارپایەکم پێ دەدات. دەڕوات. کە دەگەڕێتەوە ئاناناسێکی پێیە. لە بەر دەرگاکە پێستەکەی پاک دەکا، قاشی دەکاو ئەوسا لە سەر سینیەک لەبەر دەمم دایدەنێ. منیش دیاریەکی خۆمی دەدەمێ. دەڵێ:

ـ ئاسانتە سانا.

تێدەگەم کە یان ئینگلیزی نازانێ، یان زۆر کەمی لێ دەزانێ. هەوڵ دەدەم لە گەڵی بدوێم. بەڵام ئەو تەنیا سەری رادەوەشێنێ و بە دەستەکانی پێم دەڵێ کە ئاناناسی زیاتر بخۆم.

بە بێدەنگی دادەنیشین. ژنەکەی دیکە بەلامانەوە تێدەپەڕێ. چەقۆ بە دەستیەوەو منداڵێک بە کۆڵیەوە. دوو چەقۆکەی دەستی چەند وشەیەک پێکەوە دەگۆڕنەوە. ماوەیەکی دی دادەنیشین. دوای سەعاتێک دەپرسم:

ـ ئوشولا؟

بە نیشانەی نەزانین شانەکانی رادەوەشێنێ. دەچم لا ناو ماشینەکە پاکەتە جگەرەکەم دێنم. گوڵەکە هەر لە شوێنەکەی ئوشولایە. دەگەڕێمەوە. جگەرەیەک دادەگیرسێنم. ژنە پیرەکە شتێکم لێ دەپرسێ. تێی ناگەم. ئەوجا بۆ یەکەم جار بزەیەک دەکەوێتە سەر لێوانی. ئاگرۆکەیەک دەکاتەوەو چای سەردەخا.

چای دەخۆینەوەو هەروا بەدەم یەکترەوە پێدەکەنین. هەوا بەرە بەرە تاریک دەبێ .

دوای سەعاتێکی دی پیاوێک دێ. باوکی ئوشولایە. بە سەرسوڕمانەوە سەیرم دەکا. بە گەرمی چاک و خۆشیم دەکاو گوێ لە روونکردنەوەی دایکی ئوشولا دەگرێ. روخساری جیددی دەبێ، ئەوەندە تا ئاستی توورەیی. رووم تێدەکا و بە ئینگلیزی دەڵێ:

ــ چاوەروانی بێ سوودە.

ــ بۆچی؟

ــ ئیتر ناگەڕێتەوە.

ــ تێناگەم.

پەرێشان دیار بوو. وەڵامی نەدامەوەو بەرەو ژوورەکەی دی کە ژنە دووهەمەکەی لێ بوو، وەڕێ کەوت.سەیری دایکی ئوشولا دەکەم. لەو تاریکیەدا لە قسەکانی ناگەم. خەریکی خۆش کردنی ئاورەکەیە. دەیەوێ خواردن ئامادە بکا .

هەڵدەستم. پاکەتە جگەرەکە دەخەمە گیرفانم. چەند هەنگاوێک بەرەو ژوورەکەی دیکە دەڕۆم. ئەو شوێنەی کە پیاوەکە تێیدا ون بوو. پیاوەکە دێتە دەرێ. دەچێتە لای دەرگاکەو دەستێک بە دەرگاکەدا دێنێ. دەڵێ:

ــ ببورە.

ئەوسا بە مەبەستی ماڵئاوایی تەوقەم لە گەڵ دەکا. لە پشت فەرمان دەدەنیشم و بە ئارامی دوور دەکەومەوە.

رۆژی دواتر لە رایمۆند دەگەڕێم. بۆی دەگێرمەوە کە چی لە کیامبو رووی داوە. چاوە گەورە و رەشەکانی واق دەمێنن. حەز ناکا چیدی گوێم لێ بگرێ.

ئیستاش هەر داتسۆنە زەردو قوپاوەکەم لاماوە. رایمۆند دەپرسێ داخۆ دەتوانێ بۆ ماوەیەک بە قەرز لێم وەربگرێ. حەز دەکا بزانێ چی رووی داوە.

شەو درەنگان دەگەڕێتەوە. روخسارێکی مۆن و رەش هەڵگەڕاو. دەڵێ:

ــ عادەتم نیە بخۆمەوە.

لە چوێنێکی چەپەری باڕی هۆتێلەکە مێزێک دەبینینەوەو دادەنیشین. کامپاریەک بۆ خۆم و ویسکیەکیش بۆ ئەو داوا دەکەم. پێکەکەی هەڵدەداو داوای دانەیەکی تر دەکا. دەستەکانی بە ئارامی دەلەرزن، دەڵێ:

ــ لە دەستم دا!

دەچەمێتەوە. سەری لە ناو دەستەکانیدا ون دەبێ. لێی دەڕوانم. هیچ پرسیارێکی لێ ناکەم. نیگام بۆ سەر مێزەکانی دیکە رادەگوێزم. ژنانی ئافریقایی بە جل و بەرگی جوانەوە، هەروەها پیاوی ئافریقایی و ئەورووپایی و ئاسیایی. دوو مەترێک لە پێشمانەوە، حەوزێکی گچکەیە، پڕ لە ماسی سوور. رایمۆند دەڵێ:

ــ داویانە بە شوێنێکی دوور.

کەسێک لە سەر مێزەکەی تەنیشتمان بە دەنگی بەرز پێدەکەنێ.

باوکی بە کەسێکی دابوو کە ئوشولا نەیدەناسی، پیاوێک کە ئوشولا قەت نەیدیبوو. ئەو رۆژە بەرەو لای ئەم پیاوە بەڕێیان کردبوو. بە بێ ئەوەی بزانێ بۆچی.

ـ کاتێک گەیشتووەتە ئەوێ ئیتر زانیویەتی. زانیویەتی کە ئەو پیاوە پارەی داوەو ئیستا ئیتر ئەمیش ژنی ئەوە.

رەنگە هەوڵی ئەوە بدا کە رابکاو بگەڕێتەوە لای دایک و باوکی... رەنگە مێردەکەی بیبەستێتەوەو لێی بدا. رایمۆند لە بەرخۆیەوە ئەمانەی دەگوت و دڵ سەخاوەتانە لە گەڵ من بەشی دەکردن. چیرۆکی خۆشەویستەکەی کە ئیستا وەک زیندانی وا بوو و دەست درێژیی کرابوویە سەر. ئەو خۆشەویستەی کە سکی پڕکرابوو.

پێکێکی تری داوا کرد. تووڕەیەو بە شێوەیەکی ترسناک غەمگینە. نیوە شەوە. دەڕۆین. ئەو لە ناو تاریکیدا بەرەو ژوورەکەی خۆی و منیش بۆ سەرەوە بۆ ژووری هۆتێلەکە.

رۆژی دواتر دەمەوێ ماشینە کرێیەکە بدەمەوە بە خاوەنەکەی. گوڵی جاکاراندا هێشتا لە سەر کورسیەکەی تەنیشتمە. ئێستا ئیتر سیس و ژاکاوە.

*جاکاراندا دارێکە کە لە شوێنە گەرمەسێرەکانی ئامریکای باشوردا دەڕوێ و گوڵێکی بۆن خۆشی هەیە.

سەرچاوە: NORSKE PERLER I PROSA

فەرۆخ نێعمەتپوور

info@qelem.com

The Iranian Kurdistan Association Of Pen

***

ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران

وینیە هۆڵستێن WINNIE HOLSTEN

وینیە هۆڵستێن لە ساڵی 1951 لە ئۆسلۆ لە دایک بووە. لە بواری کۆمەڵایەتیدا کار دەکا .SOSIALARBEIDER کۆمەڵێک تێکستی ئەدەبی بە چاپ گەیاندووە. ئاژەڵی شەو لە کتێبی نیشانەکان وەرگیراوە. لەم چیرۆکەدا بەرەورووی جۆرێک لە تەنیایی روو لە گەشەو مۆدێرن دەبینەوە کە تا دێت زیاتر ژیانی مرۆڤەکان داگیر دەکا.

ئاژەڵی شەوانە

کوڕەکە شەش ساڵی تەمەن بوو، گوتی کە حەزی بەوەیە ئاژەڵێکی بچوکی هەبێ. ئەوسا بە دەستی وای نواند کە کە هەر ئێستا ئاژەڵەکە لە باوەشیدایە. پێنج ساڵانەکە کە کچ بوو گوتی:

ــ منیش هەروەها.

ئەوسا بەشەپیتزایەکی هەڵگرت و گوتی:

ــ دەتوانین هەمانبێ؟

ژنەکە وەڵامی دایەوە:

ــ نازانم.

ئەوسا بیری لە باوکیان کردەوە. ئێستا دەبا لێرە بایە و نازی منداڵەکانی کێشابایە. جا ئەم دەیتوانی لە ئاشپەزخانەکە دابنیشێ و بۆ خۆی رۆژنامە بخوێنێتەوە.

ــ پارەمان هەیە؟

لە وەڵامدا گوتی:

ــ پەیوەندی بە پارەوە نیە.

ئەوسا بیری لەوە کردەوە کە دەبا تەلەفۆنی بۆ بکاو وریای بکاتەوە. پێی بڵێ کە ئێستا منداڵەکان دانیشتوون و لە جیاتی ئەو بیر لە ئاژەڵ دەکەنەوە.

ــ ئەی پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟

ــ نازانم، بیرم بۆ هیچ شتێک ناچێ.

ــ دەتوانین ببین بە خاوەنی ئاژەڵێک؟

هەر دووکیان لە ئامێزیان گرتبوو، وەک ئەوەی ئەو تەنیا کەسێک بوو کە لەم جیهانەدا دەیتوانی خۆشحاڵیان بکا.

گوێی لە دەنگی خۆی بوو کە بێ ئەوەی پێی خۆش بێ، گوتی:

ـ ڕەنگە.

شەش ساڵانەکە گوتی:

ـ بێگومان نابینە خاوەنی.

ئەوسا کشایەوەو چووە لای پەنجەرەکە. شەڵوارەکەی بچوک ببووەوە. ئێستا ئیتر لە ژێر ناوکییەوە دەیبەست.

ـوتم ڕەنگە!

ـ دەتوانین هەمانبێ؟

منداڵەکەی دیکە گوتی:

ـ بەڵام سبەی دەتوانێ هەموو شتێک ڕووبدات.

ئەمەی گوت و لەتە پیزایەکی سووتاوی فڕێ دایە ناو زبڵدانەکەوە.

منداڵەکان خەریکی نانخواردنی بەیانی بوون کە ئەو تەلەفۆنی بۆ دوکانی فرۆشتنی ئاژەڵ کرد. تەواوی شەو بەم بیرەوە گێنگڵی دابوو کە چ جۆرە ئاژەڵێکیان بۆ بکڕێ. حەزی بە کەروێشک و بەرازی هیندی نەبوو. زیا لە پێویست گەورە بوون. هەتا گەورەتریش بان ئەرکیان زیاتر بوو. لە گەڵ مرۆڤ هەڵیان نەدەکرد. دەیتوانی مشک بکڕێ، بەڵام تاقەتی کلکی مشکانی نەبوو.

فرۆشیارەکە گوتی: هامستەر*یشمان هەیە، دەتوانی لەوانە بکڕی.

ـ ڕەنگە وا بکەم، بەڵام چەندە دەژین؟

ـ دەوروبەری دوو سێ ساڵێک.

جوان دیار بوو کە لە قسەکەی خۆی دڵنیا نیە.

ـ نە زیاتر، وانیە؟

کە ئەمەی گوت هەستی بە پەشۆکاوی خۆی کرد. نەیزانی بۆچی.

ـ لە سەر ئاژەڵی بچوک قسە دەکەین، وا نیە! مەگەر تۆ ناتەوێ لەوانە بکڕی؟

ـ بەڵام ئەی باڵندە، مەگەر ئەوان زیاتر ناژین؟

ـ بەڵێ باڵندە زیاتر دەژی، بەڵام نەک هامستەر.

ـ حەزم لێیان نیە، ئەوەندەی پێ ناچێ دەمرن.

پیاوەکە ئحمێکی کردو گوتی:

ـ وەک هەمیشە کات خێرا تێدەپەڕێ.

به منداڵەکان دەڵێ کە دەیەوێ هامستەرێکیان بۆ بکڕێ. کاتێ ئەمەیان پێ دەڵێ، ورد سەیریان دەکا. منداڵەکان لە خۆشیا هەڵدەخەنەوەو پێدەکەن.

بیر دەکاتەوە کە زۆر کەم شت لە ژیانیاندا روو دەدات. رۆژەکان لە یەکتر دەچن. بێگومان دەکرێ ژیانیان جۆراوجۆرتر بێت.

دوانیوەڕۆیان تاسەی شەو دەکا. تاسەی سوکیی جەستە، ئەو کاتەی کە منداڵەکان دەنوون و ئەویش دەچێ بۆ پیاسە. جارجارە شەوانە ئەمە کاریەتی.

هەمیشە پێش ئەوەی بخەون پێیان دەڵێ کە ئەگەر هاتوو خەبەریان بووەوە، لەوە نەترسن کە لە ماڵ نیە، چونکە هەر لەو دەوروبەرانەیە.ئەوانیش دەڵێن زۆر چاکە، بەڵام جاری وایە دەپرسن چ بکەن کاتێک کە ئەو نەگەڕایەوە. پێیان دەڵێ حەتمەن دەگەڕێمەوە. دەڵێ هەمیشە هاتوومەتەوەو چوومەتە ژوورەکەی خۆم و نووستوم، رێک وەک ئێوە. ئەمشەو دەتوانن خۆشحاڵ بن کە سبەی دەبن بە خاوەن هامستەرێک. سبەی بۆیان دەهێنێتەوە.

گوێی لێیە کە پێکەوە قسە دەکەن. دەوروبەری نیوەشەو بێدەنگ دەبن. پێکەوە لە ژێر لێفەیەکدا نووستون.

بە سەریاندا دەنەوێتەوە و لێیان ورد دەبێتەوە. هەوڵ دەدا روخساریان بخوێنێتەوە، بەڵام تەنیا شتێک کە دەیبینێ خەوە.

بیر دەکاتەوە کە لە توانایدا نیەهەموو شتێکیان بۆ دابین بکا. هەمیشە هەندێک شت وەدی نایەت. جل و بەرگەکەی لە بەر دەکاو دەچێتە دەرەوە.

وەک هەمیشە لە پاڵ دوکانی گوڵفرۆشەکەدا رادەوەستێ. لەوێوە دەروانێتە دیمەنی رستورانە داخراوەکەو شوێنی راوەستانی تاکسیەکان.هەواکەی سارده و لێو دەگەزێ. بە ئیشتیاوە هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێ. هەست بە کراوەیی لەشی دەکا، بەڵام دەتوانێ چ بەم حاڵەتەی لەشی بکا، جگە لە سەیرکردنی دەوروبەری؟

بیری کردەوە لەماڵەوە تەنیا ئەو سیانەن، خۆی و دوو بچوکەکە. ئەوە ئەو بوو بە هەموو شتێک رادەگەیشت. هەڵەکە لەوەدا بوو کە گەورەساڵ بوو. شتێک کە دەکرا نەبێ.

لە خوارەوەی شۆستەکە دوو گەنج بە سواری پاسکیلەوە هاتن. جل و بەرگی تایبەتی وەک یەکیان لە بەردا بوو. یەکیان کچێک بوو کە لە سەر تەرکی دواوە دانیشتبوو و جووتێ پێڵاوی گەورەو قورسی لە پێدا بوو کە لە هەوادا دەیسوڕاندن. قژی سەوز و پلاستیک ئاسا بوو. ئەوەی پێشەویش قژی سوور بوو. بیری کردەوە:

دەڵقەکی شەوانە. بەڵام روخسارێکی مۆنیان هەبوو وبە گشتی شۆخ و قرت و فرتی نەدەهاتنە بەر چاو.

بە چاو بەڕێی کردن. تا دوور کەوتنەوە هەر سەیری کردن. بیری کردەوە دەکرا ئەو کچە من بم. بێ خەیاڵ و بێ کەڵک.

بەڵام ئەو نەبوو. ئەو لەوێ لە بەر دوکانی گوڵ فرۆشیەکە راوەستابوو و لە شووشەکاندا سەیری خۆی دەکرد.

لە سەر گۆنای راستی دڵنیایی ماڵەوە بەدی دەکرا. کاکتوسێک بە لێویەوە بوو، گوڵی لالەیش بە قژیەوە. بیری کردەوە چەند جوانە، رێک شێوەی بووکی دەدا .

بۆ سبەی لە بەر خۆیەوە گوتی دەمەوێ ئاژەڵێکی زیندوو بکڕم. ئەوە منم کە دەمەوێ ئەم کارە بکەم. دەمەوێ لە گەڵ منداڵەکان بچم بۆ ئاژەڵ فرۆشیەکە، بەڵێ لە گەڵ منداڵەکانی خۆم کە هە کامەیان دەستی لە دەستمدایە. ئەوسا زۆر سانا دەڵێم: رۆژ باش، هامستەرێکم دەوێ، سوپاس !

فرۆشیارەکە دەڵێ: هامستەرێک؟هەڵتبژاردووە؟ ئەوسا ئەویش دەڵێ: ئەوە منداڵەکانن کە دەستنیشانی دەکەن. چونکە ئەو بۆ خۆی حەزی بە هیچ ئاژەڵێک نیە. لە راستیدا هێڵ ئاژەڵێک. منداڵەکان لەوێ بێدەنگ و نامۆ راوەستا بوون و ئەویش بە گاڵتەوە ترساندبوونی.

منداڵەکان هێشتا لە سەری ساغ نەبووبوونەوەو هەر بۆیە ئەویش لەولاوە پاڵی بە مێزی فرۆشیارەکەوە دابوو و چاوەروانیان بوو. بە بێ ئەوەی کە بە پەنجەکانی بە مێزەکەدا بکوتێ و ئاهەنگێک لێبدا. دەبا بە ئارامی گوێ لە جیکە جیکی جوجکەکانی بگرێ. ئیدی بیر لەوە نەکاتەوە کە ئاژەڵەکان لێک دادبڕان.ئیتر پێویست نەبوو بیر لەوە بکاتەوە کە لەمە بە دوا لە ماڵەوە قەفەسێکیان بۆ سەرگەرمی هەیە. لە راستیدا تازە هیچی لە دەست نەدەهات.

سەرئەنجام منداڵەکان ساغ بوونەوە. پەنجەیان راداشت، ئەمە نا... ئەوی دیکەمان دەوێ، ئەوەی کە گوێیەکانی گەورەن! بەرەو قەفەسەکە رۆیشت. ئەوسا بە فرۆشیارەکەی گوت ئەوەمان دەوێت، ئەوەی کە منداڵەکان ئاماژەی پێدەکەن.

هەموو ئەمانە سبەی روودەدات. ئەوسا بزووت.بە ئارامی ئەو خانووەی جێ هێشت کە مرۆڤەکان تێیدا خەوتبوون.

بۆ سبەی منداڵەکان لە خەو هەستان و بانگیان لێ کرد. ئەگەرچی خەو هێشتا بەری نەدابوو، گوێی لێیان بوو. چووە ژوورەکەیان. سەیری جەستەی رووت و بێ قەراری کردن. دیار بوو بە پەلە بوون.

شەش ساڵانەکە گوتی:

ــ دڵنیای کە ئەمڕۆ دەچین دەیکڕین؟

نادڵنیایی لە چاوانیدا پەنگی خواردبووەوە.

وشەکان هەموو شتێکیان دەرنەدەخست. ئەوە دەنگ و هەستێکی سەیر بوو کە پتر دەدوا. چرپاندی:

ــ چت گوت؟

ــ هامستەر، مەبەستم هامستەرە.

ــ ئەیچۆن، ئەمڕۆ دەچین.

ئەم وشانە زۆر ئاسان لە دەمی هاتنە دەرێ. نەک لە بەر ئەوەی کە ئەویش حەزی بەم ئاژەڵە بوو، بەڵکو لە بەر ئەوەی لەوە دەترسا کە تواناى وەبیر هێنانەوەی...

ــ بەڵام جارێکە بچن سەروچاوتان بشۆن!

منداڵەکان بە پەلە لە ژوورەکە چوونە دەرەوە. ئەویش لەوێ مایەوەو کەمێک لە دەوروبەری خۆی روانی. چاوەکانی لە شووشەی پەنجەرەی تەماوی دەچوون. بە زەحمەت دەیتوانی لێیانەوە بڕوانێ.

بیری کردەوە کە خەو لە کاتێکی خراپدا رووی تێکردووە. بە شوێن جل و بەرگەکانیدا گەڕا. جێگاوبانەکەی رووبارێک بوو کە دەیتوانی بە سەر شەپۆلەکانیەوەبۆ هەر شوێنێک کە پێی خۆش بوو سەفەر بکا.

بەڵام ئیتر وازی لە خەیاڵات هێنا. دەبا هەرچی زووتر جل و بەرگەکانی لە بەر کاو خۆشەویستی و خواردنی بەیانی بە منداڵەکانی بدات. دەبا واز لە رووبار بێنێ و توند و تۆڵ خۆی بە ئیستاوە گرێ بدات، رێک بەو شوێنەوە کە لەسەری راوەستابوو.

بە درێژایی دیوارەکانی ئاژەڵ فرۆشیەکە، ئاکواریۆم وقەفەسی ئەو کەروێشکانە بوو کە بە ناهومێدییەوە دەیانڕوانیەدەوروبەری خۆیان. بە پەلە چووە لای بەشی هامستەرەکان. وای نیشان دا کە حەزی پێیانە. رووی کردە منداڵەکان و گوتی:

ــ دەی منداڵینە، هەڵبژێرن!

منداڵەکان لە ئاژەڵەکان ورد بوونەوە. هامستەرەکان جموجۆڵیان بوو. لێک دەورووکان و پەنجە نەرمەکانیان دەخستە سەر شان و پشتی یەکتری.

بیری کردەوە، بڵێی دایکیان لە کوێ بێ. ئەوسا سەیری هەرە درشتەکەیانی کرد. بێگومان کەس نەیدەکڕی.

فرۆشیارەکە هامستەرەکەی خستە ناو کارتۆنێکی کون کونەوە و دانیە دەستی.

لمبۆزی هامستەرەکە بەردەوام لە کونەکانەوە دەردەکەوت. بیری کردەوە، رەنگە پێی وابێ رێگایەکی دەربازبوون هەیە. بەڵام بێ سوود بوو. ئاژەڵەکا دەبا لەمە گەیشتبا.

بە منداڵەکانی گوت قەفەسەکە لە تەنیشت سەلاجەکە دانێن. منداڵەکان سەری کارتۆنەکەیان کردەوەو بە ئارامی هامستەرەکەیان خستە ناو قەفەسەکەوە.

ــ خۆ جوان گوێتان لێ بوو کە فرۆشیارەکە چی گوت؟

بەڵام ئەوان هیچیان لە بیر نەمابوو.

ــ گوتی کە نابێ سێ رۆژی یەکەم لە قەفەسەکە بیهێننە دەر. سەرەتا دەبێ لە گەڵمان ئاشنا بێ. تێ دەگەن، لە گەڵ دەنگمان. دەبێ بێڵن بۆن بە پەنجەکانتانەوە بکاو بە ئارامی لە گەڵی بدوێن. نابێ بیترسێنن. ئیتر بەرە بەرە وای لێ دێت خۆی دەخزێنێتە ژێر بلوزەکانتانەوە. پیاوەکە وای گوت.

منداڵەکان لە کاتێکدا لە سەر چۆک بوون و پەنجەیان بە ئارامی دەخستە ناو قەفەسەکەوە، سەریان بۆ قسەکانی ئەو رادەتەکاند.

بیری کردەوە هامستەرەکە دەبێ لێرە بژی و بمرێ. ئەوسا سەیری کرد. لێرە لە پاڵ دەنگی بەردەوامی سەلاجەکەدا، لە حاڵێکدا کە ئەوانی دی خەوتوون. چونکە تۆ ئاژەڵێکی شەوانەیت. چونکە دەتەوێ لە تاریکیدا بژیت. لێـرە دەتوانی کەمێـک سەرقاڵی رۆژانە بۆ خۆت پەیدا بکەیت، پەنجەکانت خاوێن بکەیتەوە، کەمێـک ئەم لاولا بکەیت. خۆت لە کونجەکاندا بشاریتەوە. خۆت دەرخەیتەوەو دیسان بۆ جارێکی دی خۆت بشاریتەوە.

ئێستا ئیتر تەنیا چوار چاو نەبوو کە پێویستیان بەو بوو، بەڵکو ببوون بە شەش چاو.

لە منداڵەکانی پرسی داخۆ دەتوانێ کەمێک بخەوێ.

ــ تا دەتوانی بخەوە!

وا باشتر بوو لە خەو هەستێ، بەڵام نەیدەتوانی. حەزی دەکرد لە قوڵاییەکاندا تەنیا بێت، خۆی لە پشت چاوە نوقاوەکانەوە بشارێتەوە. حەزی نەدەکرد بەرەو دنیای رووناک بگەڕێتەوە، ئەو دنیا رووناکەی کە بەردەوام لە پشت پەردەی پەنجەرەکانەوە بوو.

هەردوو منداڵەکە لە بەر دەمیدا راوەستابوون. دەستیان بە روخساریانەوە بوو. ئاژەڵەکەیان پێ نەبوو. لە کونێکی دیوارەکەدا خۆی ون کردبوو. تەنیا ویستبوویان دەست بە سەریا بێنن. بەڵام کتوپڕ لە ناو پەنجەکانیانەوە دەرچووبوو. ئیتر چیدی خاوەنی نەبوون، خاوەنی هیچ ئاژەڵێک.

حەزی دەکرد هەستێتە سەرپێ، بەڵام وەک بڵێی جەستەی لێ ون ببوو. تەنیا ئەوە بیرو خەیاڵاتەکان بوون کە بۆ جارێکی دی سەریان دەکردەوە سەر سەرینەکە.

بیری کردەوە بۆ ئەوەی ئاژەڵەکە بدۆزێتەوە، دەبێ کابینێتی ئاشپەزخانەکە هەڵبوەشێنێتەوە. ئاژەڵەکە تەنیا دەیتوانی لەوێ بێ و بەس. بەڵام خۆ نابێ شتومەکی ماڵەوە خراپ بکا و ئەوسا پوڵێکی زۆر بداتە دارتاش تا بۆی چاک بکەنەوە. بیری کردەوە چ دەبێ با ببێ.

چووە مۆبەق و سەیری قەفەسە بەتاڵەکەی کرد. سەرنجی خۆڵەدارەکەی ناوی دا. منداڵەکان سەیریان دەکرد. لە ناو دەرگاکە راوەستابوون و بە ترسەوە لە بەینی پەنجەکانیانەوە سەیریان دەکرد. وەک بڵێی ئیستا نا ئیستا دایکی لێیان دەدا. بەڵام ئەو قەت شتی وای نەکرد، یان رەنگە کردبێتی؟ بڵێی فرامۆشی کردبێت؟

بیری کردەوە کە دەبێ بە گوتنی شتێک دڵنیایی و ئارامی بە منداڵەکانی ببەخشێ. گوتی:

ــ هەر کە برسی بوو، دێتەوە. لەو ژێرە خواردنی لێ نیە، تەنیا مەخزەنی ئاوەگەرمەکەی لێیە.

جارێکی دی دووپاتی کردەوە؟

ــ دڵنیا بن دێتەوە!

ئەمەی وت و لە مۆبەقەکە رۆیشتە دەر.

لە سەر مۆبلەکە پاڵ کەوت. جەستەی لە پارچەی سەوزو خاوێنێ مۆبلەکەدا نوقم کرد.

روخساری گەرم بوو. وەک بڵێی کەسێک شەقەزڵەی لێدابێ. پشتیە گچکەکانی سەر مۆبلەکە کە دەسکردی خۆی بوون، لە ژێر پشتیدا وەک خڕە بەرد وابوون. سەری نوقم ببوو و بە دەست روخساریشی داپۆشیبوو. بیری کردەوە کە دەتوانێ بێ خۆی بێ. تەنیا گەردن و ئیدی نە سەر. ئەوجا ئیتر ئارامی رووی تێدەکرد. یان رەنگە بەرپرسیvaktmester خانووەکان بتوانێ یارمەتی بدا. بێگومان ئەو دەزانێ کە مرۆ چۆن دەتوانێ ئاژەڵێکی وا پەیدا بکاتەوە. دێتە مۆبەقەکەو تەنیا بانگی لێ دەکا: وەرە دەر... دەی وەرە دەر! وەرەدەر ژیکەڵەی وریا !

ئیتر دێتە دەرو بە ئارامی بەرەو قەفەسەکە، بەرەو ئەو شوێنەی دەڕوا کە بەرپرسەکە ئاماژەی پێدەکا .

لە ئاشپەزخانەکەوە دەنگێک هاتە گوێی:

ــ دەی وەرە دەر! پێمان وابوو کە دەبێ سێ ساڵ راتگرین، نەمانزانی تەنیا نیوە رۆژێک دەخایەنێ.

منداڵەکانیش وازیان هێنا. بە روخسارێکی مەلول و غەمگینەوە هاتنەوە لای. کەوتە سەر هەنیشک و سەیری منداڵەکانی کرد. حەزی دەکرد کە منداڵەکان بزانن کە ئەو هێشتا لەوێیە، ئاخر ئەو دایکیان بوو. بەڵام تەنیا نیگا بەس نەبوو، ئەوان پێویستیشیان بە جەستەی دایکیان بوو. هەردووکیانی لە ئامێز گرت و بە خۆیەوە گوشینی. گوتی:

ــ ئەوەندەی پێ ناچێ دەگەڕێتەوە،... برسی و تینوو دەگەڕێتەوە.

ئیتر نەیدەویست داوای یارمەتی لە هیچ کەس بکا، تەنانەت پرسیارێکیش. بیری کردەوە کە هیچ رێگا چارەیەک بەدی ناکرێ. تەنیا هەندێک خەیاڵ و بەس.

بەڵێنی پێدان کە لە دوای پیاسەی ئێوارە ئاژەڵەکەیان بۆ بدۆزێتەوە. قەولی دا بە جوانی بە شوێنیدا بگەرێ. لە سەر سینگ راکشێ و بە جوانی ژێر کابینێت و بن دیوارەکان بگەرێ. گۆشەکان بە سەر کاتەوە نەهێڵێ لە دەستی دەرچێ.

کەمێک گێزەریان ورد کردو لە سەر کەفی مۆبەقەکە بڵاویان کردەوە. دەرگای قەفەسەکە هەر کراوە بوو. چووە بەر پەنجەرەی ئاشپەزخانەکەو لەوێوە سەیری ئەستێرەکانی کرد. بە پەلە چووە دەر. لە بەر کلیسا و ئاوپژێن و درەخت و کورسیە تەنیاکانەوە تێپەری. وردە زیخەکان لە ژێر پێیدا دەشکان. راوەستاو لە سەر تەنیایی خۆی لە خۆی پرسیاری کرد. چرپاندی: بەڵێ تەنیام، پێم وابێ تەنیام !

لە بەر دوکانی گوڵ فرۆشیەکە لە بەر دەم چەپکێکی گەورەی گوڵی رۆزدا راوەستا. داموکایەوەو بە ئارامی لێوو روخساری لێ نزیک کردەوە، گوڵەکە روخساری داپۆشی. کتوپر بیری ئاژەڵەکە کەوتەوە. لەوێ دەمرێ و لەشی بەرەبەرە دەرزێ و ئیتر چیدی ناتوانین لە مۆبەقەکە کەڵک وەرگرین. بۆنی جەندەک مۆبەقەکە پر دەکا.

شەقامەکان بێدەنگ بوون، وەک بڵێی شتێک روویدابێ. بەڵام ئەوە تەنیا خەو بوو کە باڵی بە سەر هەموو شتێکدا کێشابوو. بیری کردەوە کە بگەرێتەوە بۆ ماڵەوە. لێرە لە دەرەوە هیچ شتێکی خۆش و سەرنج راکێشی بۆ ئەو تیا نەبوو .

بەڵام کتوپر دەنگی قیژەیەک هاتە گوێی. کەسێک لە شەقامەکەدا رایدەکرد. لێرە لە بەر گوڵەکەدا راوەستابوو و قاچی تەزیبوو، وەک بڵێی خوێنی تیا نەبێت.

لە بیری خۆشاردنەوەدا بوو، بەڵام نەیدەتوانی بجوڵێ. تەنیا پشتاوپشت گەرایەوەو پاڵی بە دیوارەکەوە دا. ئەوسا بە چاوی مۆڵەقەوە سەیری جادەکەی کرد.

کە هەیکەلەکە تێپەری، ئەو دەمی کراوەی بینی. هەروەها زمانی کە بەدەم هاوارەوە دەلەرییەوە .

دەستی لە تاکسیەکان بەرز کردەوە، بەڵام هیچیان رانەوەستان. نەیاندەویست سواری کەن، ئەوێک کە لەوێ وەک ئاژەڵێکی بیابانی بە هەناسەی سوارەوە راوەستابوو. قوت دانەکانی ناو زاری بەتاڵ بوون و داوای شتێکیان دەکرد، داوای شەراب، خۆشەویستی یان بیرە. کێ دەیتوانی ئەم داوایە بەدی بێنێ؟ هیچ کەس. تەنانەت تاکسیەکانیش نەیاندەویست.

کاتێک لە قادرمەکان سەرکەوت بیری لە ئاژەڵەکە کردەوە. ئەگەرچی ئاژەڵی شەو بوو، بەڵام پێی وانەبوو گەرابێتەوە. ئیتر قەت چاویان پێ نەدەکەوتەوە. قەتیش ئاژەڵی تری نەدەکرییەوە. قەت ئیدی بریاری ئاژەڵی نوێی نەدەدایەوە. رەنگە رۆژێک حەز بەوە بکەن کە پاشماوەکانی بدۆزنەوە. بۆ وێنە پێستەکەی یان پەنجە وشکەکانی. بێگومان دەیاندۆزییەوە. زۆر چاک دەیزانی.

بە ئارامی دەرگای ئاشپەزخانەکەی کردەوە. هەر لە یەکەم نیگادا ئاژەڵەکەی بینی. لە بەردەم قەفەسەکەدا دەگەراو بۆنی بە زەوییەوە دەکرد.

گرتی. هەستی بە جوڵەی لەشی دەکرد. ئاژەڵەکە چنگۆڵەکانی خۆی رادەوەشاند.

ویستی فرێی بدا. حەزی دەکرد تا هێزی تێدایە فرێی بدا و خۆی لەو هەستە ناخۆشە دەرباز بکا. بەڵام ئەم کارەی نەکرد. ئاژەڵەکەی بەرز کردەوەو لە ناوچاوانی روانی. چاوانی رەشی قەترەیی بوون. ئەوەندە گەش بوون کە خۆی تێدا دەبینین.گوتی تۆ دەبێ لە گەڵمان بی. ئەوسا خستیە ناو قەفەسەکەوە.

لە ئاژەڵەکە رامایەوە. بەڵام هیچ شتێک رووی نەدا. هامستەرەکە بە ددان شووشی ئاسنینی قەفەسەکەی دەجاوی. وەک بڵێی هەستی بەوە نەدەکرد کە هەر وا لە ژوورەکەدایە.

بیری کردەوە کە بەهەرحاڵ ئیستاکە ئیتر منداڵەکان خۆشحاڵن.

#هامستەر، جۆرە ئاژەڵێکە لە مشک دەچێ و کلکی کورتە.

سەرچاوە NORSKE PERLER I PROSA :

فەرۆخ نێعمەتپوور

info@qelem.com

The Iranian Kurdistan Association Of Pen
***
ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران

مەرەتە لینسترۆم MERETHE LINDSRØM

مەرەتە لینسترۆم لە ساڵی 1963 لە دایک بووە و لە ساڵی 1983 یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بە چاپ گەیاندووە. مەرەتە سەر بە بەرەی گەنجی هەشتاکانە، ئەو بەرەیەی کە دەیویست جیهان بناسێ و بیکا بە هی خۆی! مەرەتەیش خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە بوو. چیرۆکی ریشەی هەموو خراپیەکان رەنگە بتوانێ کەمێک لە سەر دۆخی کۆن بۆمان بدوێ.

## ریشەی هەموو خراپییەکان

دایکم بەدەم هەڵکێشانی ئاهێکەوە دەڵێ: ژیان جاران خۆشتر بوو. دایکم زۆربەی کات ئاهی خەفەت هەڵدەکێشێ. ئێستا ئیتر زۆر زیاتر لە جاران. ڕەنگە هۆکارەکەی پارە، هەوا یا خود ئەو جل و بەرگانە بێت کە دوای ئوتو کردن هەر چرچ و لۆچن. یان ڕەنگە هی پورەکان بێت. ئاخر ئێمە لە خانووی ئەواندا دەژین. ئەوان لە هەموو شوێنێکن. قوتار بوون لە دەستیان مەحاڵە.

دایکم هەمیشە باس لە رابردوو دەکا. بەڵام ئێستا ئیتر کەس گوێی لێ ناگرێ. کریسمەسە. پەنجەرەکان رازێنراونەتەوە. برا گچکەکەم لە ژێر مێزەکەدایە. چاوانی گەشن، ئەوەندە گەش کە لە شەودا دەدرەوشێنەوە. کە دەخەوێ چاوی ناقونجێنێ. جار جارە شەوانە خەون بە خاچی ناو باغەکەوە دەبینم. هەندێک جار خەو بە کەوتنی خۆمەوە دەبینم. حەز ناکەم بیری لێ بکەمەوە. بەڵام بە بێ ئەوەی کە بمەوێ دووپات دەبێتەوە. ئەوسا بە ناچاری بیری لێ دەکەمەوەو ئیتر ترس سەرتاپام دادەگرێ. کە ترس دایگرتم ئیتر بەرم نادا. کتوپڕ ڕەنگەکان دابەش دەبن. لە بەرچاوما بەشێکی کەفی ژوورەکە دەسوڕێتەوە. هەتا دێت خێراو خێراتر .

دایکم هاوار دەکا: ئاننە Anneپەلە بکە! لین linnدیسان لێی دایەوە! ئاننە یەکێک لە پورەکانە. دەستەکانی چاک دەناسم. گەورەترن لە دەستی پیاوان. هەڵم دەگرنەوە. هەوڵ دەدەم سەرلەنوێ ڕەنگەکان یەک خەمەوە، ئەو ڕەنگانەی کە ریشەی هەموو خراپییەکانن... ئا هەموو خراپییەکان! دەستەکانی ئاننە رامدەگرن. ژوورەکە ئیتر لە بەرچاومدا ناخولێتەوە. کەفی ژوورەکە ئارامی گرتووە، پەردەکان وەک خۆیانن، گڵۆپەکە چیدی نالەرێتەوە. هەموو شتێک ئارامە .

هاوینی پار بوو ئەو کارەم کرد. یونا Jonah خاچێکی زیوی لە پورەکان وەرگرتبوو. پێیان گوتبوو لە بەر دڵی دەبێ هەمیشە پێی بێ. یونا زۆر بچوک بوو. خاچەکە زۆر جوان بوو، بەڵام یونا هێشتا منداڵ بوو. بۆیە خاچەکەم هەڵگرت و لە باخەکەدا چاڵم کرد. گوناهێکی گەورەیە. ئێستا ئیتر چیدی بە شوێن خاچەکەدا ناگەڕێن. کەس نازانێ کە من ئەم کارەم کردووە، جگە لە خوا کە هەموو شتێک دەبینێ و لە ریشەی هەموو خراپەکارییەکان ئاگادارە. ئەو دەزانێ کە لە کوێ شاردوومەتەوە، کەچی بۆخۆم لە بیرم کردووە. چەند جارێک بە مەبەستی پەیدا کردنی ، چەند شوێنێکی باغچەکەم هەڵدایەوە. لێرە و لەوێ عەرزەکەم هەڵکەند. زەوی هەمیشە تەڕ وخزە و بۆنێکی ناخۆشی لێدێ. بە بێڵی یاریەکە یاخود بە دەست هەڵم دەکەند، بەڵام بێ سوود بوو. گوناحەکە لە هی مامم گەورەترە. مامم گەورەترین گوناهبارە. سێ جار ژنی هێناوە. هەر سێ ژنەکەش ناویان کارلا Karla بووە. کارلای یەکەم، کارلای دووهەم و سەرئەنجام کارلای سێهەم. پورەکانم کاتێک لە بازاڕ تووشی دەبن قەت قسەی لە گەڵ ناکەن. دەبێ وا بنوێن کە نەیاندیوە. ئەگەر چی زرپ و زیندوو لە بەر دەمیاندایە .

لە ئەنجیل دا هاتووە کە ماسیەکی گەورە یونا Jonah دەخوا. لە ئەنجیل دا هیچ شتێک لە سەر من نەنووسراوە، بەڵام ڕەنگە وەها چاکتر بێت. دەڵێن یونا ئەگەر چی بچوکە بەڵام بەختەوەرە. ئەوە ئەوە کە سفرەکە رادەخاو هەموو شتێکی بە میرات پێدەگا. پورەکانیش بە میرات هەربەو دەگەن. ئای یونای بەستەزمان.خۆشحاڵم بەوەی کە میرات گری پورەکانم نیم. هەنێ جار ئێواران لە ناو باغچەکەدا دادەنیشن و چای دەخۆنەوەو لە سەر مامەکان قسە دەکەن. مامەکانی دیکە لە مێژە نەماون. وا دەنوێنم کە لە ناو گوڵەکاندا خەریکی هەڵکەندنی زەوی نیم. سەیرم دەکەن. بە کڵاوەکانیانەوە سەر دەلەقێنن و دەڵێن مریشک بە هێلکە کردن نامرێ!

نیگەرانیەکان زۆرن. هەندێک جار ماندوو دەبم و لێ دەگەڕێم ڕەنگەکان تەواو لە بەر یەک بکشێنەوەو شی ببنەوە. دەکەومە ناو شتێکی تەڕەوەو ئەوسا بیر لە هەورەکان دەکەمەوە. بەڵام هەمیشە دەزوولە تیشکێک لە بەر چاومدایە و قەت ون نابێ. سەیری دەستی دایکم دەکەم. لە بەر روخسارمدا پلکە لێدەدا. رامدەتەکێنێ. دەڵێ لین تۆ نابێ ئاوا واقت وڕ بمێنێ. نابێ فێیەکی تر لێت بدات.

ئەوسا ئاه هەڵدەکێشێ.

لەوە پێش ڕەنگەکان شی نەدەبوونەوە. لەوکاتەوە وایان لێهات کە یونا نەخۆش کەوت. ئەمە مەبەست نەبوو .

پورەکان دەیانگوت: وا دەکا بۆ ئەوەی سەرنجی بدەنێ. بەڵام دایکم دەگریا. بەردەوام دەگریا. ئەمەش بۆ ڕاکێشانی سەرنج بوو .

دڵی برا چوکەکەم لە جەستەیدا لێی نەدەدا. گوێم لە ڕاوەستانی بوو. ئەوسا دەبا ئیتر دڵیمان وەکار خستبایەوە .

ئاخر جار کە دوکتور لێرە بوو، گوتی: دڵی یونا لە دڵی نەهەنگ دەچێ. بەرە بەرە هیچ کێشەیەکی نامێنێ. تەواو چاک دەبێتەوە.

بە یوناە دەڵێم کە خۆی نارەحەت نەکا. لە ژێر زەمینیەکەدا لە گەڵی سەما دەکەم. ئارامە و لێ دەگەڕێ کە من سەمای پێ بکەم. دەستەکانی ئارەقاوین و چاوەکانی وەک چاوانی سەگە نیگابانەکانی ناو چیرۆکەکانن. بەردەوام لە گەڕدان و ئۆقرە ناگرن. سەما کردن تاوانە، بەڵام من ناتوانم وازی لێ بێنم. جگە لەمە بە بێ مۆسیقایە، بەڵام زۆر گرینگ نیە. یونا ڕادەوەستێ. تەواو ئارامە، سەر هەڵدەبڕێ و لە سەقفەکە دەڕوانێ؛ ئێستا ئیتر ئەوان بە سەقفەکەوە لە هاتوچووداn. یەکێک لە پورەکان نەخۆش کەوتووە، بەڵام بەهەرحاڵ کەمێک پیرە، کەواتە حسێبی لە سەر ناکرێ و ئاساییە. دەستە ئارەقاویەکانی یونا دەگرم. سەر لە نوێ دەکەوێتەوە سەما. لە بووکە شووشە دەکا. بەڵام کاتێک سەری بەرەو دواوە پاڵ پێوە دەنێم، چاوەکانی ناقونجێنێ.

بردیانمە سەرەوە. دەبا هەموو دوا نیوەڕۆ لە سەر چۆک بام و دوعای شەو بخوێنم. یونا لە پاڵمدا بوو. خودایە! لە هەواو هەوس بمانپارێزی و لە خراپەکاریەکان دوورمان خەیتەوە! بیرم لە نەهەنگەکە کردەوە. دەزانم کە نابێ بیر لە نەهەنگ بکەمەوە. بەڵام نەمدەتوانی وازی لێ بێنم. سەعاتی سەر دیوارەکە وەک دڵ لێی دەدا. دەنگی پێ هەموو ماڵەکەی گرتووەتەوە. ئەوە کێیە کە هەر دەڕوا و دەڕوا بێ ئەوەی بگاتە دەرگاکە؟ دەرگاکە دەکرێتەوە، پوورە مارینا دێتە ژوورەوە. ڕوخساری گوڵە، گوڵێکی سپی گەورە بە لاسکێکی سپی درێژەوە. ئەو گوڵەکە بەرەو پەنجەرەکە دەبا، لەوێ دایدەنێ و ڕوخسارەکەی تری خۆی سەر لە نوێ وەردەگێڕێتەوە. دەگری. دڵ وەک نەهەنگێک.بەڵام پێشدەکەنێ. من ناتوانم کاتێک کە دەگریم، پێبکەنم. دەستی دەخاتەسەر سەرم. فشاری دەدات. هەر هەمان شت لە گەڵ یوناهیش دووپات دەکاتەوە. دەڵێ: ئەمە بەرەکەتی خودایە، ئێمە نابێ ناشوکور بین.

ڕۆیشت. هەر ئیستا ڕۆیشت.

یوناە بە ترسەوە سەیرم دەکا. ڕوخساری گردە و لووتی لە کەیکێکی بچوک دەچێ. پورێ دووپاتی دەکاتەوە: دایکتان هەر ئیستا ڕۆیشت.

ئەوە چیە کە دەڕواو دەڕوا بێ ئەوەی بگاتە دەرگاکە؟ ئەوە دڵی نەهەنگەکەیە.

یوناە بەرە بەرە باشتر دەبێ. حەزی زۆری بە یارمەتیە و بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکاتەوە. ڕێگاکانی خوا نەناسراون و مرۆڤ تێیان ناگات. خودا دەستەکانی ڕادەکێشێ، وەک بۆ ئەوەی نیشانی بدا کە چ ماسیەکی گەورەی دەست کەوتووە. بەڵام دەستەکانی بە چوارمێخە کێشراون. قاچەکانیشی هەر وەها. ناتوانێ لە جێی خۆی ببزوێ. جا با منداڵە گچکەکان بێن بۆ لای من.

دایکم لە باغەکە دانیشتووەو لە بەر باران خەریکی خوێندنەوەیە. لە تەنیشتی دادەنیشم. پرچی بە سەر ڕوخساریدا شۆڕ بووەتەوە. لایدەداو بە بزەیەکەوە لێم دەڕوانێ. بە دەم یەکترەوە پێدەکەنین. بە تەواوی تەڕ دەبین. دایکم ئەو پەڕەیەم بۆ دەخوێنێتەوە کە لە بەر باران بە تەواوی خوساوە و خەریکە شی دەبێتەوە. گۆڤارەکە ژنانەیە، بە وێنەی ئەو ئافرەتانەوە کە بەرگی مەلەیان لەبەردایە. مێزێک لە شێوەی دڵ لا ناو لاپەڕەکەدایە. دایکم دەخوێنێتەوە:

مودێلێکی ئاسان و گەشی هاوێنە

جوانکارییەکی تایبەت بۆ جەستە

بۆ ئەوەی بڕوای بە خۆشەویستی هەیە!

لاپەڕەکان تەڕتەڕن. پێکەوە لکاون.

خۆشەویستی سوورێکی روونە، دڵەکان سوورێکی روونن، یان تەنیا سوورن و بەس. من ئەم رەنگە نایابانەم لە هەموویان خۆشتر دەوێ؛ رەنگی بنەوشەیی و خۆڵەمێشیی کۆترە دەشتەکیەکان. پورەکان دەڵێن: رەنگی سەوز حەسوودیە. ئەوسا نوچ نوچ دەکەن. قژگیرەکانیان دەکەوێتە سەر زەوی. لە ژێر پێیاندا لەت و پەت دەبن. گوڵەکان هەڵدەگرن و دەیانگوێزنەوە. دیسان دەیانهێننەوە سەر جێی خۆیان. هاوار دەکەن و دەڵێن چیمەنەکان ئاویان دەوێ: ئەوەتا ئەمەیان لێرەوە تەواو وشک هەڵگەڕاوە، هاواری ئاو دەکا.

بەڵام من هیچ نابیستم.

بنەوش رەنگی خەفەتە. من خەفەتی هیچ ناخۆم. دەبێ شەرمم لە خۆم هەبێ، بەڵام توانای ئەوەم نیە. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو شتێک زۆر غەمگینە ، زۆر زوو خۆشحاڵ دەبم. یونـا لە دایـکم دەپرسـێ: پورە دۆت Dott لە کوێیە؟ دایکم دەڵێ: گەر مەبەستت پورە چارلۆتەCharlott ، لە ژێر گوڵەکاندایە.

دایکم ناگری. یەخەی یونا رێک و پێک دەکا. ئاە هەڵناکێشێت. یونا دەچێتە ژووری دانیشتنەکە و دانە دانە گوڵدانەکان بەرز دەکاتەوە، سەیری ژێرەوەو ناویان دەکا. دەڵێ پورە دۆت... پورە دۆت. لەوەی کە نایدۆزێتەوە، دڵشکاو نابێ .

یەکێک لە پورەکان دێتە ژوورەوە. پەنجەم بۆ رادەکێشێ و روو لە دایکم دەکا: ئەم کچۆڵەیە بە چی پێدەکەنێ.

من خۆشحاڵم. هەمیشە خۆشحاڵم. من هەموو شتێک دەزانم. من ریشەی هەموو خراپیەکانم.

کۆتاییەکانی هاوینە. دەستی برا چوکەکەم گرتووە. بە بەردەم دوکان و کلیسا و دۆعاخانەکەدا تێدەپەڕین. هەروەها بەبەردەم قوتابخانە و هۆڵی وەرزشی دا، ئەو هۆڵەی کە کوڕە گەورەکان تێیدا خەریکی یاری کردن بە تۆپێکن. بیر دەکەمەوە کە رێگاکان لە کوێ بە کۆتایی دەگەن. پورەکان هەمیشە دەڵێن: هەموو شتێک کۆتایی هەیە .

یونا کایەی ئەسپ ئەسپێنێ دەکا. هەڵدەخاتەوەو رادەکا. بە یونا دەڵێم:

بە سوار ئەسپەوە وەک با

قیت و قۆز وەک کوڕ شا

کێ پێی وایە کە رۆژێک

لەترت داوە لە پرا

یونا دووپاتی دەکاتەوە: ... لە پڕا.

ئەوسا کتوپڕ توند باوەشم پێدا دەکا، وەک بڵێی لەوە دەترسێ کە ئەگەر بەرم دا، شتێکی ترسناک روودەدات. یونا دڵێکی هەیە وەک دڵی نەهەنگ. تەنیا دەبێ کەمێک گەورە بێت. گەورە بوون زۆر باشە. بەڵام وەک پورە دۆت زۆریش پیر نەبی. بە هەر حاڵ چاکە، پیاو کێشەکانی لە کۆڵ دەبێتەوە. رێگاش هەر بەردەوامە، بەردەوامەو بەردەوام.

سەرچاوە NORSKE PERLER I PROSA :

فەڕۆخ نێعمەتپوور

info@qelem.com

The Iranian Kurdistan Association Of Pen

***

ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران

ROY JACOBSENڕوی یاکوبسن

ڕوی یاکوبسن ساڵی 1954 لە ئۆسلۆ لە دایک بووە. خاوەنی کۆمەڵە چیرۆکێکی لە چاپ دراوە.یاکوبسن لە چیرۆکەکانیدا توانای ئەوەی هەیە کە هەموو شتێک نەڵێ. بەشێکی ڕووداوەکان بۆ خوێنەر بەجێ دێڵێ. ئەمە بۆ هەر نووسەرێک تایبەتمەندییەکی گرنگە. چیرۆکی پەنجەرەی تازە لە کۆمەڵە چیرۆکی ژیانی زیندانی وەرگیراوە.

پەنجەرەی تازە

ئەم پایزە خەریکی گۆڕینی پەنجەرەی خانوویەکی قەدیمی بووم. پەنجەرە کۆنەکەم دەرهێنا، ئەوسا لەو ژوورە نامۆیە ڕاوەستام و سەیری دەرەوەم کرد. چاوم لە پیاوێک بوو کە لە ناو گەنمەشامیەکانەوە بەرەو لای من دەهات. لاسکەکان دەرفەتی ژیانیان دەدا.ڕوخساری لەناو ردێن و لە ژێر کڵاوی گەورەیدا ون ببوو. هەوا ئارام و تەماوی بوو.

شەو باران لە شوێنی پەنجەرەکەوە هاتبووە ژوور. فەرش و کەفی ژوورەکە تەڕ ببوو. خانووەکە ئیستا ئیتر بریندار ببوو.

کتوپڕ ئەو ژنە پیرەی کە من کارم بۆ دەکرد، مرد. ڕێک پێش ئەوەی پەنجەرە تازەکەی بۆ بخەمە جێ. بۆیە ئیتر چیدی پێویستی بە زەحمەتی من نەدەکرد. ڕۆژێکیان کەرەسەی کارەکەم کۆکردەوەو لە گۆشەیەک دامناو لە خانووەکە وەدەر کەوتم. ڕێک لەو شوێنەوە ڕۆیشتم کە پیاوە نامۆیەکە پێیدا ڕۆیشتبوو، واتە بە ناو گەنمە شامیەکاندا. ئەوسا بەرەو بەلەمەکە کە لە قەراغ ئاوەکە بەسترابووەوە.

لە ناو ئاوەکەوە بۆ دواجار سەیری خانووەکەم کرد. سەیری گەنمەشامیەکان، درەختەکان و خانووە سوورە گچکەکە، هەروەها سەیری تەپۆلکەی پشت خانووەکە بە ڕەنگە پاییزیە جۆربە جۆرەکانیەوە، سەیری جووتێ مراوی کە لە ناو جۆباری تەنیشت تەپۆڵکەکەدا دەخەرامانەوە.

بە بێ ئەوەی بیر لەو ژنەو لە خانووەکە بکەمەوە، چەند ڕۆژ تێپەڕی. بەڵام ئەمە بەو مانایە نەبوو کە بە تەواوی لە بیرم کردبوون. ئاخر نەمدەتوانی بە جوانی دڵ بدەمە کارە تازەکەم. بۆیە بەیانیەکیان بڕیارم دا کە بچمەوە بۆ ئەوێ. ئەو ڕۆژە هەوا قورس و هەوری بوو .

بەلەمەکە هەر لەو شوێنەی بوو کە بە جێم هێشتبوو. لە ئاوی باران نیوەپڕ بوو. گەڵا پاییزیەکان لێرەو لەوێ نیشتبوونە سەری. ئیستا ئیتر بەلەمی من بوو.

لە دوورەوە تێگەیشتم کە خانووەکە ئاڵ وگۆڕێکی بە سەردا هاتووە. دەرگاکان داخرابوون، بەڵام پەنجەرەکە هێشتا تێنەخرابووەوە. هەربۆیە توانیم بچمە ژوورەوە. کەرەسەی کارەکەم لە کونجێکی ژوورەکەدا کەوتبوون. هەڵمگرتنەوەو دەستم کردەوە بە کار.

دوای دوو سەعات لێبوومەوە، پەنجەرەیەکی دیکەم خستبووە جێ. لەوەی یەکەم گەورەتر بوو. ئێستا ئیتر هەموو دیمەنی دەرەوەی بە جوانی لێوە دیار بوو؛ درەختەکان، گەنمەشامیەکان، بەندئاوەکەو تەویلە قەدیمیەکە.

ژوورەکەم خاوێن کردەوەو چووم بۆ مۆبەق بۆ ئەوەی قاوەیەک ساز کەم. کتوپڕ هەستێکی سەیر ڕووی تێکردم. کەسێک گوڵدانەکانی لەوێ لابردبوو و لە یەکێک لە ژورەکان بە شێوەیەکی جوان لە سەر یەک کەڵەکەی کردبوون.

کلیلەکە لە ئاشپەزخانە بوو، هەڵم گرت و چوومە دەرەوە. دەوری ماڵەکەم دایەوە. لە پشتی خانووەکە لە شوێنێک هەموو گوڵەکان سەر یەک خرابوون. بە خۆشیەوە هەندێکیان خراپ نەببوون. هەڵمگرتنەوە. بردمنە ژوورەوە، خستمنەوە ناو گوڵدانەکان و ئەوجا ئاوم دانەوە .

تا ساز بوونی قاوەکە، چووم بە شوێن پەردەکاندا گەڕام. لە قاتی سەرەوە لە پەستوەکەدا دۆزیمنەوە. دواتر گیرەو شمەکەکانی دیکەیشم دۆزیەوە. هەڵواسینی پەردەکان کارێکی دژوار نەبوو.

کۆپێک قاوەم هێنا. لە سەر کورسیەک لە بەر دەم پەنجەرەکەدا دانیشتم و چاوەڕوانی پیاوی ناو گەنمە شامیەکان مامەوە. پیاو گوێ لە ژن دەگرێ. ئاسمان هەوری بوو و مژێکی خەست نیشتبووە سەر زەوی.

پیاوەکە نەهات. هەوا ساردی کرد. چوومە لای کوورەکە. بۆنی ئاگر ئارامی بە مرۆ دەبەخشێ. بەلامەوە زۆر خۆش بوو کە بای نەدەهات، چونکە جوان دوکەڵەکەم دەبینی کە ڕاست لە دوکەڵکێشەکەوە بەرەو ئاسمان دەچوو. ئێستا ئیتر ئێرە خانووی من بوو.

تامەزرۆی ژنەکە بووم. هەربۆیە هەستام و بە شوێنیدا گەڕام. سەیری دیوارەکانم کرد. بە لاسەرووی مێزێکی خڕی تایبەت بە گوڵ، وێنەی زەماوەندێک بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. پیاوە گەنجەکەی ناوی، پیاوی ناو گەنمە شامیەکان بوو و ژنەکەیش هەر ئەو ژنە بوو.

لە یەکێک لە کەشەوی کۆمۆدەکاندا هەندێک گوارەو بازنەو ملوانکەم بینیەوە کە زۆر چاک نەبوون. ڕەنگی مرواریەکانیان هەڵبزرکابوو و بەردی هەندێکیشیان کەوتبوو. بە ناو چەکمەجەکەدا بڵاو ببوونەوە. هەر هەموویانم کۆ کردەوەو خستمنە ناو کیسەیەکی بچوکەوە. کیسەکە بە پوڵەکە ڕازێنرابووەوە. جێ جێ هەندێک لە پولەکەکانیشی کەوتبوون.

لە کەشەوەکەی ژێرەوە، ئەلبۆمێکی وێنەم دۆزیەوە. وێنەی هەندێک مرۆی تێدا بوون کە من نەمدەناسین.داخۆ منداڵی بوون، یان کوڕەزاو کچەزاو خزم و دۆستەکانی؟ وێنەکان هی سەردەمی منداڵی و سەفەرو کاتی کارکردن لە حەوشەدا بوون.

بۆ ماوەیەکی زۆر سەیرم کردن. حەزم دەکرد هەر چۆنێک بێت شتێک لە چارەنووسی مرۆڤەکانی نێوانیانم دەست کەوێ. من فێری ناسینەوەی ئەو مێژووە سادەیە ببووم، واتە مێژووی ژیانی ڕۆژانە و دیاردە ئاساییەکانی تەمەن. ئەو ڕووداوە گەورە_ سادە و تراژێدیایانە کە بەردەوام دووپات دەبنەوە. دەکرا ئەمانە لە ڕوخسارەکاندا بخوێنیتەوە. چاوەکان دەریان دەخستن. چاوی ئەو مرۆڤانەی کە سەردەمانێک ژیابوون و ڕەنگە هەندێکیشیان هێشتا هەر لە ژیاندا بن. نیگاکان مەودای زەمەنی نێوان من و ئەوانی دەسڕییەوە. هەر دوولامان سەبارەت بە هەمان شت دەدواین .

کاتێک ئەلبومەکەم وەلا نا، بەرە بەرە خەریک بوو تاریکی دەکرد.

لە ناو ئەو ژوورەدا کە دیوارەکانی زەردی کاڵ بوون، هەندێک کەل و پەلی هەرزان و بچوکی ماڵ ڕازاندنەوەی تێدا بوو کە لە ڕەنگ کردنیاندا وردە کاریی پێویست نەکرابوو. وەبیرهێنەرەوەی سەرەتای نادیاری ژیانێکی بەختەوەرانە بوون. هەروەها شمەکی مسینی بچوک، ئەو ژێرسیگاریانەی کە وێنەی وڵاتانی بێگانەی تێدا بوو. پلاستیک و قوتوی ڕەش و پەمەیی لە ناو ڕەفەکاندا. ڕوومێزی گوڵینگە داری گچکە. نەخشی باڵندەیەک کە گوڵدۆزی کرابوو. قۆخێک لە پاڵ دەریایەکی ئاسمانیدا. پیاوێک لە پاڵ ئاورێکی سووردا. ماسیەکی گچکە لە دار، کە جل وبەرگیان پێدا هەڵدەواسی. جامێک بە ناوێکەوە لە بنیدا کە نیوەی سڕابووەوە. چەپکێک گوڵی پلاستیکی کە تۆزی لێ نیشتبوو. سەعاتێکی دیواری کە هێشتا کاری دەکرد.

بە ناویاندا گەڕام. هەڵمدەگرتن و لێیان ورد دەبوومەوە. هەوڵم دەدا بە جۆرێک بە وێنەی ژنەکەوە گرێیان بدەم. هیچ شتێکم لە نەزەر نەخست.

لە سەر دەوریەکی مسین کلیلێکم دۆزیەوە.کلیلی سەعاتە دیواریەکە بوو. کورسیەکم هێنا. چوومە سەری و سەعاتەکەم کردەوە. زۆر قەدیمی بوو. بیرم کردەوە، بەوەی کە نەهێڵم ڕاوەستێ، خزمەتێکم بە خودی ژیان کردووە.

کۆمۆدێک لە داڵانەکە بوو، کە پڕی بوو لە دیاریی جەژنی سەری ساڵ. ئەم دیاریانە بە درێژایی ساڵانی زۆر کۆ کرابوونەوە. هەندێکیان زیاتر لە دە ساڵیان تەمەن بوو. چیدی لە بەستەی خۆیان دا نەمابوون. کرابوونەوە، بەڵام تا ئەوەندە کە بزانرێ چیان تێدایە. ئەوسا ئیتر لێرە هەڵگیرابوون، جا یا لە بەر ئەوەی کە پێویست نەبوون یان تەنیا بۆ بیرەوەری. هەروەها چەند بەستە خوێ و بەهارات کە هێشتا کەڵکیان لێ وەرنەگیرابوو. سێ قەندان کە دووانیان لە یەک دەچوون. چوار دەستە کەوچکە چایی. بڕێکی زۆر چەقۆ و چەتاڵ کە لە یەک دەچوون. هەندێک دەوری. گوڵدانێک کە نە جوان بوو و نە ناحەز. دوو ئامرازی گەرم کردنەوەی هێلکە. گڵۆپێکی سوور. هەروەها هەندێک شتی دیکەی بێ کەڵک، کە دەڵێی کڕابوون تەنیا لە بەر ئەوەی کە کڕابێتن.

هیچ کتێبێکم لە خانووەکەدا نەبینیەوە. هەروەها هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەک.بەڵام ڕادیۆ و تەلەفزیۆنێکی کۆنم بینی، کە سیمی ئانتینەکەی لە دیوارەکەوە بۆ دەرەوە ڕاکێشرابوو.

لە ژوورێکی بچوک دا، کارتۆن و جانتا و سندوق و کاسە لە سەر یەک هەڵچنرابوون. لە ناویاندا جل و بەرگ و قاپ و قاچاغی مۆبەق و غەڵووز و داری سووتەمەنی و پەتاتەیان تێدا بوو. وەها بە نارێک و پێکی دانرابوون کە کەڵک لێ وەرگرتنیان گەلێک دژوار بوو.

سەیری جل و بەرگەکانیم کرد. سەیری فنجان و دەوریەکانی. سەیرم کرد چلۆن دەیشۆرد و چلۆن بە دەستەکانی کۆتەرە دارەکانی دەخستە نا شومینەکەوە. سەیری وێنەی سەر دیوارەکانم کرد. سەیری ئەوەی کە چلۆن شمەکەکان هەڵگیرابوون. هەوڵی دابوو بە

خاوێنی رایانگرێ. کاسەی قاپ و قاچاغ شۆریەکە پەڵەیەکی سەوزی تێدا بوو. خاولیەک بە سەر کورسی پاڵ دیوارەکەوە بوو. سەیری عادەتەکانیم کرد، سەیری رۆژەکان و ژیانی.

لە ژووری دانیشتنەکە پیانۆیەکی لێبوو. کتێبێکی گۆرانی ئایینی هەر بەو رادەیە کۆن لە سەر چوار پایەی تەنیشتی پیانۆکە بوو. خانووەکە بە رادەی نەغمەکانی پیانۆکە خەون و کاتەکانی تەنیایی لە خۆیا حەشار دابوو. دانیشتم و بۆ ماوەیەک پەنجەم بە پیانۆکەدا هێنا. ئاهەنگێکم چڕی. ئاهەنگێک بۆ ئەو ژنە پیرەی کە خەونی بە ژیانێکی ئەبەدییەوە بینیبوو. ئەوسا دەنگی ئارامی هاتە گوێ:

خودا هەر خودایە،ئەگەر چی هەموو وڵاتانیش رمان.

خودا هەر خودایە، ئەگەر چی هەموو مرۆڤەکانیش مران.

ئەوکات هەردووکمان لە بەر پەنجەرەکەدا لە سەر کورسیەکانمان دانیشتین. شەو داهاتبوو، کەچی ئێمە هێشتا گڵۆپەکانمان هەڵنەکردبوو. دەست لە دەستی یەکتردا چاوەڕوانی پیاوی ناو مەزراکە بووین. ئەوەندەی پێ نەچوو کە بینیمان. هێشتا لێمان دوور بوو. لاسکەکان دەرفەتی ژیانیان دەدا. روخساری لە ناو ردێنی و لە ژێر کڵاوە گەورەکەیدا ون ببوو. دەستەکانی بە ئاستەم دەلەرزین.

ئەوسا هەستام. بە ئارامی گۆنایم ماچ کردو لە ژوورەکە ودەرکەوتم. بەلەمەکە لە قەراغ ئاوەکە بوو. بە ئارامی بۆ ناو ئاوەکە پاڵم پێوە ناو سواری بووم. لە ناو ئەو ئاوە رەشەدا لە ناو ساڵەکاندا راکشام، وازم لە سەوڵ لێدان هێنا و بۆ دوا جار لەو خانووەم روانی کە لە پەنجەرە تازەکەیەوە بەرە بەرە منی لێ بزر دەبوو.

سەرچاوە NORSKE PERLER I PROSA :

فەرۆخ نێعمەتپوور

info@qelem.com

The Iranian Kurdistan Association Of Pen